## بۆ ژنان دەنگدان جەژن بوو



**رووداو-هەولێر**

مەریەم کەمال بەجلوبەرگی کوردییەوە هاتبووە دەنگدان، بەبڕوای ئەو رۆژی دەنگدان بۆ ژنان وەک رۆژی جەژن وابوو" ئەو هەموو خەڵکە کۆبووەتەوە مەگەر جەژن چییە؟ هەر خۆشی نییە؟".

سەمیرە عەلی کەلەگەڵ منداڵەکانی هاتبوو بۆ دەنگدان دەیگوت منداڵەکانم زۆر کەیفخۆش بوونەو " لە جەژنیشدا ئەوەندە دڵیان خۆش نەبووە". هەرچەندە هەموو لیستەکان لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا باسی مافەکانی ژنیان دەکرد بەڵام ژنان لەو باوەڕەدانین لیستە براوەکان بتوانن خواستەکانی ژنان بێننەدی.

« 10

## هاتنی گەشتیاران بۆ کوردستان زیادیکردووە

**رووداو-هەولێر**

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گەشتوگوزاری هەولێر، لەماوەی پێنج مانگی سەرەتای ئەمساڵ 131867 گەشتیار لە هوتیلەکانی هەولێر، شەقڵاوە، سۆران دابەزیون. رێژەی هاتنی گەشتیارانی عەرەب لە نێوەڕاست و خوارووی عێراقەوە زۆر زیادی کردووە، بەشێوەیەک خاوەن هوتێلی شیرین پالاس لەهەولێر دەڵێ بەوهۆیەوە هەمیشە ژوورەکانی هوتێلەکەی پڕن. هەردوو وەزارەتی گەشتوگوزاری کوردستان و عێراق پرۆتۆکۆلێکیان مۆرکردووە بۆ ئاسانکاری کردن بۆ هاتنی گەشتیاران بۆ کوردستان .بەرپرسانیوەزارەتیگەشتوگوزاری کوردستان دەڵێن ئەمساڵ بەبەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوو، رێژەی هاتنی گەشتیاران بۆ هەرێمی کوردستان 126% زیادی کردووە.



« 12

## سلێمانی بەبێ توڕەبوون دەنگیدا

**رووداو-سلێمانی**

لە ماوەی یەک مانگی بانگەشەی هەڵبژاردن دا، هەموو شەوانێکی سلێمانی شەقامەکان لەژێر پێی بانگەشەکاراندا گڕی دەگرت و ئەمەش چاودێرانی خستبووە سەر ئەو بڕوایەی کە چاوەڕوانی توڕەبوونی زیاتر بکەن لەکاتی دەنگدان دا ، بەڵام دەنگدان لە 408 بنکەی دەنگدانی سلێمانی بەهێمنی بەڕێوەچوو کە هاتوهاواری سەهۆڵەکە و توی مەلیکی لەبیرکرد و، پێشبینی چاودێران راست دەرنەچوو. رێژەی بەشداریی دەنگدەران لە سلێمانی 74.5% بوو. تا درەنگانێکی ئێوارەش، هەر هاووڵاتییەکی سلێمانی باسی هەڵبژاردنی بکردایە، قسەکانی بە دووبارەکردنەوەی رستەیەکی دوعا خوازانە کۆتایی پێدەهێنا "یاخوا بەخێر کۆتایی بێت".



« 3


Rûdaw

رووداو

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (71)

دووشەممە 2009/7/27

5ی خەرمانان 2709

(750) دینار

www.rudaw.net

چاپی کوردستان


**بارزانی 71%ی دەنگەکانی بەدەستهێنا ◆ ئیسلامییەکان شکستی خۆیان دەخەنە ملی دوو حیزبە عەلمانییە هاولیستەکەیان**

وتەبێژێکی لیستی کوردستانی :

# بەشێک لە هەوادارانی یەکێتی رێککەوتنیان شکاند و دەنگیان بە لیستی گۆڕان و میراودەلی دا

**رووداو-هەولێر**

بەپێی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی 2009/7/25 لە هەرێمی کوردستان، بارزانی، بە بردنەوەی رێژەی 71%ی دەنگەکان سەرکەوتووەو، لیستی گۆڕانیش لەنێو شاری سلێمانی سەرکەوتووە. لیستی کوردستانی دەتوانن حکومەت پێکبێنن.

قوباد تاڵەبانی نوێنەری حکومەتی کوردستان لە واشنتن لە لێداونێکدا بۆ رۆژنامەی نیویۆرک تایمز رایگەیاند کە مام جەلال "نیگەرانەو دەیەوێ بزانێ ئەوە چیبوو روویدا".

بەپێی ئەو ئەنجامە بەراییانەی لە سەرچاوەی جیا جیاوە دەست (رووداو) کەوتوون بەپێی جیاکردنەوەی دەنگەکانی هەڵبژاردنی تایبەت (رۆژی 7/23) و دەنگەکانی رۆژی دەنگدانی گشتیی (2009/7/25) ئەنجامەکان بەو شێوەیەن، بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرکەوتووە بە رێژەی 71%ی دەنگەکان بەرەو سەرەوە، بەکۆی 1109317دەنگ . بەپێی ئەو ئەنجامە نافەرمییانە، بارزانی لە دهۆک 93% و لە هەولێر 68% و لە سلێمانی 46%ی دەنگەکانی هێناوە. کەمال میراودەلی بە رێژەی 27%ی دەنگەکان و بەکۆی 357242دەنگ بە رێژەیەکی یەکجار زۆر لە دوای بارزانییەوە دێت. بەڵام هەندێ سەرچاوە دەڵێن کۆی دەنگەکانی میراودەلی بە ژماردنی دەنگی هەموو سندوقەکان و دەنگدانی تایبەت لەوانەیە بگاتە 400هەزار دەنگ، کە زۆربەی هەرە زۆری لە پارێزگای سلێمانی بەدەستیهێناون. هەروەها بەو جیاکردنەوەیە ژمارەی دەنگەکانی بارزانیش زیاتر دەبن.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانیش بەمشێوەیە لەنێوان سێ لیستە سەرەکییەکەدا: لیستی کوردستانی 63کورسی بە کۆی 943503، لیستی گۆڕان 23 کورسی بە کۆی 346911 دەنگ . لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری 12 کورسی بەدەستدێنێ.

بەپێی ئەنجامە بەراییە نافەرمییەکان کە دەست (رووداو) کەوتوون رێژەی ئەو سێ لیستە لە هەرسێ پارێزگەکەدا بەمشێوەیە: لە سلێمانی: گۆڕان 42%، کوردستانی 36%، خزمەتگوزاری و چاکسازی 15%. لە هەولێر: کوردستانی 65%، گۆڕان 17%، خزمەتگوزاری و چاکسازی 10%. لە دهۆک: کوردستانی 78%، خزمەتگوزاری و چاکسازی 9%، گۆڕان 3%.

بەمشێوەیە، پێشبینی چوار حیزبەکە و لیستی گۆڕان، کە هەریەکەیان پێشبینیان دەکرد دەتوانن بەجیا یاخود پێکەوە حکومەت پێکبێنن، سەری نەگرت، کە پێش دەنگدان چەند کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان بۆ ئەو مەبەستە سازکرد، ئەوکات زانا رووستایی بە (رووداو)ی راگەیاند ئەوان بەدڵنیاییەوە پێکەوە دەتوانن حکومەت پێکبێنن و محەممەد تۆفیقیش گوتی پارتی و یەکێتی دەکەینە ئۆپۆزسیۆن.

### بەرهەم ساڵح: ئەنجامەکان چاوەڕوان نەکراوبوون

سەرۆکی لیستی کوردستانی د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی (واشنتن پۆست)، ئاماژەی بەوەدا کە ئەنجامەکان بۆ ئەوان چاوەڕوان نەکراوبوون. د.بەرهەم گوتی هەڵبژاردنی ئەمجارە قۆناخێکی نوێیەو نیشانیدا کە سیاسەتکارانی کورد نابێ چیتر وابزانن کە دەنگیان مسۆگەرە. لەبارەی



**قوباد تاڵەبانی:**

**مام جەلال نیگەرانەو دەیەوێ بزانێ ئەوە چیبوو روویدا**

ئەنجامەکانیشەوە گوتی" لە هەندێ ناوچەی سلێمانی و هەولێر ئەنجامە سەرەتاییەکان باش نین، ئەمەش مایەی نیگەرانییە". بەرهەم گوتیشی " ئەنجامەکان چاوەڕوان نەکراو بوون".

### هەوادارانی یەکێتی هاوکێشەی سلێمانییان گۆڕی

فازل عومەر، یەکێک لە وتەبێژانی لیستی کوردستانی بە (رووداو)ی راگەیاند کە بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکان لیستی کوردستانی 63%ی دەنگەکانی بەدەستهێناوەو گۆڕان 23% و چوارحیزبەکەش 14% و مەسعود بارزانی 71% و د. کەمال میرادەلی 27%. گوتیشی بەشێک لە هەوادارانی یەکێتی دەنگیان بە گۆڕان و د.کەمال میراودەلی داوە.

لیستی گۆڕان لە پارێزگای سلێمانی لەپێش لیستی کوردستانی و چاکسازی و خزمەتگوزاریەوەیە. فازڵ عومەر، گوتەبێژی لیستی کوردستانی، لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو)، گوتی" نەک ئێمە لیستی گۆڕان خۆشیان چاوەڕێی ئەو ئەنجامەیان نەدەکرد،بەڵام بەشێک لەهەوادارانی یەکێتی رێزیان لەو رێککەوتنە ستراتیژییە نەگرت کە لەنێوان یەکێتی و پارتیدا هەبوو و رێزیان لە پەیامی سەرکردایەتی یەکێتی نەگرت".

فازل عومەر، کە پاڵێوراوی پارتییە لە لیستی کوردستانیدا بۆ پەرلەمان لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) گوتی لیستی کوردستانی بەتەنیا دەتوانێت حکومەت پێکبێنێت"بەپێی ئەو ئەنجامە سەرەتاییە نافەرمییانەی کە لەلایەن چاودێرەکانی لیستی کوردستانی لە سەر سندوقەکانەوە کۆکراونەتەوە، لیستی کوردستانی 63% و لیستی گۆڕان 23% و لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری 14%ی دەنگەکان دەهێنن".

فازڵ عومەر، ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەم ئەنجامانە گۆڕانی بەسەردا دێت" ئەو رێژەی باسمکرد تاوەکو ئێستا دەنگدانی تایبەت و بەغدای لەگەڵ دا نییە".

بەپێی گوتەی سەرچاوەیەکی ئاگاداری کۆمپانیا وشە "لیستی گۆڕان ئێستا دایناوە 30 بۆ 35 کورسی بهێنێت، بەڵام لەبەرئەوەی کۆمسیۆن ئاگاداری کردوونەتەوە هیچ ئەنجامێک راناگەیێنن".

محەممەد تۆفیق رەحیم، پاڵێوراوی لیستی گۆڕان،لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) ئەوە رەتدەکاتەوە کە ئەوان 23% ی دەنگەکان بێنن و گومانی لە بوونی ساختەکاری کرد" چاوەڕێمان دەکرد لە 30 کورسی بۆ سەرەوە بێنین، بەڵام ئێستا ساختەکارییان تێداکردووەو، تاوەکو ئێستا کۆمسیۆن بەدیاریکراوی ژمارەکەی پێنەوتووین، بەڵام ئەوانیش بۆیان نییە رایبگەیێنن".

### شیوعی و بزووتنەوە کورسییان مسۆگەر کرد

لەلایەکی دیکەوە بەپێی سەرچاوەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی، ئەوان 38هەزار دەنگیان بەدەستهێناوە، بەوەش کورسییەکیان مسۆگەر کردووەو، بەهیوای کورسییەکی دیکەشن لەئەنجامی لێک جیاکردنەوەی دەنگی هەموو سندوقەکاندا، هەروەها لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی کە لە حیزبی شیوعی و زەحمەتکێشان و سێ حیزبی دیکەی چەپ پێکهاتووە بە هێنانی زیاتر لە 30هەزار دەنگ کورسییەکی مسۆگەر کردووەو، بەتەمای زیاترە لە ئەنجامی هەموو سندوقەکاندا.

### کۆمەڵ و یەکگرتوو کورسیەکانی پێشوویان نەهێنایەوە

ئەوەی لەو هەڵبژاردنە تێبینی دەکرێت، هاتنە خوارەوەی رێژەی دەنگ و ژمارەی کورسییەکانی یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامییە کە لە هەڵبژاردنی پێشوودا 15 کورسییان هەبوو (9 کورسی یەکگرتوو، 6 کورسی کۆمەڵی ئیسلامی)، جگە لە دوو کورسی حیزبی سۆسیالیست و کورسییەکی زەحمەتکێشانی قادر عەزیز. بەڵام ئەم جارە هەر چوار حیزب پێکەوە ئەنجامی جیاکردنەوەی دەنگەکان ئەوە نیشاندەدەن کە لیستەکەیان 12 کورسی دێنێت، لەکاتێکدا ئەوان پێشبینی 30-40 کورسییان دەکرد.

زانا رووستایی، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی، دەڵێت ئەو ئەنجامە خراپەیان پەیوەندی بە گوتاری لیستی چوار حیزبەکەوە هەبوو"گوتارێکی بە ئینسافمان هەبوو"، گووتی بەڵام " بە پێچەوانەوە گوتاری لیستی گۆڕان گوتارێکی عاتفی بوو، زیاتر هەوڵدان بوو بۆ سەرنجڕاکێشانی جەماوەری کورستان".

زانا، دەڵێ هاوپەیمانی کردنیان لەگەڵ دوو حیزبی عەلمانی (سۆسیالیست – ئایندە)، هەزاران دەنگی لە دەست ئەواندا" لەوانەیە هاوپەیمانیمان لەگەڵ دوو حیزبی عەلمانی، وایکردبێ کە بە هەزاران دەنگمان لێ بڕوات، ئەوانەش دەنگیان بە لیستی گۆڕان یاخود بزووتنەوەی ئیسلامی دابێت". بەڵام هادی عەلی، بەرپرسی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی، ئەوە رەتدەکاتەوە کە دەنگەکانیان بۆ چوار حیزبەکە چووبێ" پێموانییە بەهۆی هاوپەیمانیمان لەگەڵ دوو حیزبی عەلمانی دەنگی لایەنگرانمان لێ رۆیشتبێ، باوەڕناکەم لایەنگرانی ئێمە دەنگیان بە بزووتنەوەی ئیسلامی دابێت، بەپێچەوانەوە هەستدەکەم بە هۆی لیستی گۆڕانەوە ئێمە دەنگمان نەهێنابێ". هەروەها رایانگەیاند کە پێشێلکارییەکانی لیستی کوردستانیش هۆکارێکی گۆڕانی ئەنجامەکانە.


Reklam

ERBİL STEEL
company

گەورەترین کۆمپانیای بەرهەم هێنانی ئاسن لە کوردستان و عێراق دا





Factory:
Iraq, Erbil, Guwer Road, 18th KM
Office Dept. Tel: +964 66 256 18 18
Sales Dept. Tel: +964 66 256 19 19
+964 750 435 18 18
+964 750 435 19 19

Istanbul Head Office:
Metroport İş Merkezi Kültür Sokak
No:1 K:9 D:165
Bahçelievler / İstanbul Türkiye
Tel: +90 212 441 90 00 (pbx)
Fax: +90 212 441 90 17

www.erbilsteel.com

بریکارەکانی فرۆشتنی شیش:
نووسینگەی هەژار: 0750 445 33 39 - 0750 449 16 88
کۆمپانیای یعقوب: 0750 714 11 67 - 0770 152 59 00
کۆمپانیای کریم گەردی: 0750 445 13 62 - 0750 445 90 60

## ڕاپۆرتە هەواڵ

### لیستی 68 دەنگی مەسیحییەکانی بردەوە



ڕووداو-هەولێر

بە پێی ئەو ئەنجامە بەراییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، لیستی ئەنجوومەنی میللی کلدانی سریانی ئاشووری ژمارە 68 کە لە سەرگیس ئاغاجانەوە نزیکە، بەگشتی 9590 دەنگی هێناوەو 3 کورسی لە پێنج کورسی کۆتای ئاشووری و کلدان مسۆگەرکردووەو، لیستی ژمارە 67ی بزووتنەوەی ئاشووری بە هێنانی 3865 دەنگ کورسییەکی مسۆگەر کردووە. هەروەها هەریەک لە لیستی 65ی حوکمی زاتی 1516 دەنگی هێناوە، لیستی ژمارە 64یش 1352 دەنگی هێناوە.

# ئیسلامییەکان شکستیان هێنا

**عیسا عەبدولقەهار**
**ڕووداو- هەولێر**

ئیسلامییەکان پێیانوایە بوونی پێشێلکاری و گوتاری لیستی گۆڕان بووە هۆی ئەوەی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی بە ڕێژەی چاوەڕوانکراوی ئەوان دەنگ نەهێنێ، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووش دەڵێ" لەوانەیە ڕێژەی کورسییەکانمان بگاتە 13 تا 14کورسی".



بەپێی ئامارە سەرەتاییەکان لیستی چوار حیزبەکە (یەکگرتوو- کۆمەڵ- سۆسیالیست- ئایندە) نەیانتوانی ببنە هێزی دووەم لە کوردستان وەک ئەوەی پێشتر چاوەڕێیان دەکرد، ئەمەش بەلای زانا ڕووستایی، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامییەوە، پەیوەندی بە گوتاری لیستی چوار حیزبەکەوە هەبوو، ئەو دەڵێ "گوتارێکی بە ئینسافمان هەبوو"، زانا ڕووستایی گووتی" چونکە گوتاری لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی، گوتارێکی بە ئینساف بووە، بۆیە لەوانەیە بەشێکی شکستی چوار حیزبەکە ئەوەبێت، بە پێچەوانەوە گوتاری لیستی گۆڕان گوتارێکی عاتفی بوو، زیاتر هەوڵدان بوو بۆ سەرنجڕاکێشانی جەماوەری کوردستان".

## هەستدەکەم بە هۆی لیستی گۆڕانەوە دەنگمان نەهێنابێ

هادی عەلی، بەرپرسی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو

زانا، نەیشاردەوە کە بەهۆی هاوپەیمانییان لەگەڵ دوو حیزبە عەلمانییەکە (سۆسیالیست – ئایندە)، هەزاران دەنگیان لەدەستچووە " لەوانەیە هاوپەیمانیمان لەگەڵ دوو حیزبی عەلمانی، وایکردبێ کە بە هەزاران دەنگمان لێ بڕوات، ئەوانەش دەنگیان بە لیستی گۆڕان یاخود بزووتنەوەی ئیسلامی دابێت".

بەڵام هادی عەلی، بەرپرسی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی، ڕەتیکردەوە کە دەنگەکانی چوار حیزبەکە بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی چووبێ، هادی عەلی دەڵێت" پێموانییە بەهۆی هاوپەیمانیمان لەگەڵ دوو حیزبی عەلمانی دەنگی لایەنگرانمان لێ ڕۆیشتبێ، باوەڕناکەم لایەنگرانی ئێمە دەنگیان بە بزووتنەوەی ئیسلامی دابێت، بەپێچەوانەوە هەستدەکەم بە هۆی لیستی گۆڕانەوە ئێمە دەنگمان نەهێنابێ".

لەکاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، کاژێرێک بۆ ماوەی دەنگدان درێژکرایەوە، لەلایەن کۆمسیۆنەوە. هادی عەلی دەڵێت لەلایەن لیستی کوردستانییەوە، کە لیستی هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی هەرێمە، پێشێلکاری کراوە" خروقات بووە هۆی ئەوەی کە دەنگ نەهێنین، لەسەرەتای هەڵبژاردن تا ئێوارە، جگە لە هەندێک کەموکورتی هونەری هیچی دیکە نەبوو، بەڵام لە دوای سەعات 5 وە خروقات دەستی پێکرد، سەعاتێک زیادکردنی کاتی هەڵبژاردن وایکرد کە خروقاتێکی گەورە لە هەولێر و دهۆک بکرێ، ئەوەش ڕێژەی دەنگەکانی لیستی کوردستانی زیادکرد، بۆ نموونە تا دوای عەسر بە ڕێژەی 50% خەڵک بۆ دەنگدان چووبوو، بەڵام دواتر ڕێژەکە گەیشتە 79%، ئەمە بە کاریگەری خروقات بووە و ئێمە زیانێکی زۆرمان پێگەیشت".

تائێستا چەندین سکاڵا لەلایەن لیستەکانی دیکەوە ئاراستەی کۆمسیۆن کراوە، کە بەپێی سکاڵاکان پێشلکاری کراوە. محەممەدی حاجی مەحموود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیست، یەکێک لە سەرکردەکانی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" لە دهۆک و زاخۆ و هەولێر و سۆران سکاڵامان داوەتە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، پێشموایە کە خروقاتێکی زۆر لەلایەن لیستی کوردستانی کراوە".

هەرچەندە زانا ڕووستایی، پێشبینی دەکات 13 تا 14ی کورسیەکانی پەرلەمان بێنن، بەڵام سکرتێری سۆسیالیست، هیوادارە کە ژمارەی کورسییەکانیان زیاتر بێت" چونکە تائێستا هەندێک سندوقمان بە تەواوی بۆ ڕوون نەبوونەتەوە، تا بزانین چەند دەنگمان هێناوە، بەڵام پێموایە ڕێژەی 18 تا 19ی کورسی دەهێنین".

زانا ڕووستایی پێیوایە کە 5 کورسی لەقۆناخی داهاتوودا وەک ئۆپۆزسیۆن دەمێنێتەوە یان نا؟ بەڵام ڕووستایی پێیوایە حاڵەتێکی سروشتییە کە لیستی گۆڕان لە جێگەی چوار حیزبەکە ببێتە ئۆپۆزسیۆن و دەڵێت" ئێمە پێشتر تاکە هێزی



## هاوپەیمانی کردنمان لەگەڵ دوو حیزبی عەلمانی هەزاران دەنگی لەدەستداین

زانا ڕووستایی، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی

لیستی کوردستانی بەهۆی پێێلکاریەوەیە "پێمانوایە 5 کورسی لیستی کوردستانی بە هۆی خروقاتەوە بە دەستدێن".

تا ئێستا نازانرێ لیستی گۆڕان کە نەوشیروان مستەفا، سەرۆکایەتی دەکات، ئۆپۆزسیۆن بووین لە کوردستان، بەڵام ئێستا هێزێکی دیکە پەیدابووە کە گۆڕانە، بۆیە لەلای ئێمە حاڵەتێکی سرووشتیە کە گۆڕان لە جێگەی ئێمە ببێتە ئۆپۆزسیۆن".

# ڕووسیا ئێزدیاتی وەک ئایینێکی فەرمی پەسەند کرد

ڕووداو- DÎHA

ڕووسیا کاری خۆی سەبارەت بە داواکاری کوردانی ئێزدی، کە بۆ بە فەرمی ناسینی ئایینی ئێزدی دەستیان پێکردبوو، تەواو کرد. لە ئەنجامی هەوڵێکی بەردەوام، کۆنترین ئایینی کوردی، ئێزدیاتی، لەلایەن ڕووسیاوە وەک ئایینێکی فەرمی پەسند کرا. ئیدی ئێزدیش وەک هەموو ئایینەکانی دیکە لە دەرفەتەکانی بەردەم ئایینەکان سوودمەند دەبن.

لیژنەی ڕاوێژکاری وەزارەتی دادی ڕووسیا ڕایگەیاند کە ئێزدیاتی وەک ئایینێکی فەرمی لەلای ئەوانەوە پەسند کرا. ئەلیکساندەر دروٚفکین، سەرۆکی توێژینەوەکانی تەریقەت و ئایینەکان لە لیژنەی ڕاوێژکاریی وەزارەتی داد، ڕایگەیاند کە لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجامیانداون دەرکەوتووە کە ئێزدیاتی ئایینێکی هەرە کۆنی میزۆپۆتامیایە و بەشێکی کورد باوەڕیان بەو ئایینەیە. دروٚفکین ڕوونیکردەوە، کە ئیدی ئەو ئێزدیانەی لە ڕووسیادا دەژین دەتوانن بە هەمان شێوەی گرووپە ئایینیەکانی دیکە، سوود لەو دەرفەتانە وەربگرن کە بۆ ئایینەکان دابینکراون.

دروٚفکین گوتی کە کۆمەڵەی ئێزدیی یارۆسلاڤیا، سەردانیکردوون و ئەوانیش بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی داواکەیانەوە لیژنەیەکیان لە کۆمەڵەی ئێزدییەکان و ڕێبەری ئایینەکە پێکهێنا. دروٚفکین بەم جۆرە ئاخڤی"لەسەرەتادا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتانی وەک ئەڵمانیا لە ئەوروپا لێکۆڵینەوە کراوە. ئێزدیاتی لە نێوان سەدەی 14 و 15دا کەوتووەتە ژێر کاریگەریی زەردەشتی، کریستیانی، ئیسلام و مانیزمەوە.

ڕوونیش بووەتەوە کە سەرچاوەی ئەم ئایینە میزۆپۆتامیایە،بەڵام بەهۆی زۆرداری تورکان بە زۆر ناوچەی دیکەی جیهانیشدا بڵاوبووەتەوە".

### 2 ملیۆن ئێزدی هەن

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، لە هەرێمی کوردستان، ئێران، تورکیا، ئەرمەنستان، ئەڵمانیا، ئەمریکا و کەنەدا نزیکەی 2 ملیۆن ئێزدی هەن . هەرچەندە ئامارێکی زۆر پشت ڕاستکراوەش نەبێ، بەڵام تەخمیندەکرێ دەوروبەری 60 هەزار ئێزدی لە ڕووسیای فیدراڵ دا دەژین.

لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو، کە ئیدی لە ڕێی دروستکردنی شوێنی ئایینی و پەرستگە بۆ ئێزدیان هیچ ئاستەنگێک لە ئارادا نییە، ئیتر بەو بڕیارەی ڕووسیا ئێزدی هاوشانی خاوەن ئایینەکانی دیکە مافدارن.



# 17%ی بودجەی تەواوکاری بۆ کوردستان دەبێت

**ڕووداو-هەولێر**

جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند پەسندکردنی یاسای بودجەی تەواوکاری دەکەوێتە وەرزی داهاتووی یاسادانانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوەو بەشی 17%ی کوردستان دەستنیشان دەکرێت.

هەرچەندە ئەو یاسایە لە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دراوە، بەڵام دەبێ ئەنجوومەنی نوێنەران پەسندی بکات بۆ ئەوەی بچێتە بواری کارپێکردنەوەو دوای پەسندکردنی لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، دەبێ وەزارەتی دارایی وردەکارییەکان بە خشتە ڕوون بکاتەوە و دواتر بۆ پەسندکردنی بدرێتە پەرلەمان.

د.ئیسماعیل شوکر، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند "بودجەی تەواوکاری وردەکاری زۆری تێدایە و ئەوەش کاتێکی زۆری دەوێت، بە بڕوای من لەو 10 ڕۆژەی کە لەماوەی ئەم وەرزەی یاسادانانی ئەنجوومەن ماوە، ناتوانرێت ئەو یاسایە پەسندبکرێت و دەکەوێتە دوای تەواوبوونی پشووی وەرزیی ئەنجوومەنی نوێنەران." گوتیشی "بەڵام دوا کەوتنەکەی لە بەرژەوەندی گەل نابینم، چونکە بە سێ مانگ ناکرێت بودجەکە خەرج بکرێت".

بوودجەکە نزیکەی 3 ملیار و 917 ملیۆن دۆلار دەبێت و نزیکەی 560 ملیۆن دۆلاری بۆ خەرجییەکانی بەکاربردن و ئەوی دیکەش بۆ کەرتی وەبەرهێنانە. بە پێی مادەی 17 برگەی 4 لەیاسای بودجەی تەواوکاری ئەگەر بودجە کەمی هێنا ئەوە دەبێت هەرێمی کوردستان 17% ی بودجە کەمکراوەکە بگەڕێنێتەوەو ئەگەر بودجەش زیادی هێنا ئەوە دەبێت بەشی 17% بدرێتە هەرێمی کوردستان. د.ئیسماعیل گوتی " ئەگەر بەشی هەرێمی کوردستان دیار نەکەن، ئەوە من ئاماژە بەو برگەیە دەکەم".

### وردەکاری ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە هەولێر و سلێمانی

# گۆڕان لە پارێزگای سلێمانی و کوردستانیش لە پارێزگای هەولێر و دهۆک یەکەم دەبن

**عەلی حەمەساڵح**
**ڕووداو-هەولێر**

بەپێی بەدواداچوونەکانی (ڕووداو)لە پارێزگای سلێمانی، گۆڕان بەجیاوازی 23 هەزار دەنگ دەکەوێتە پێش لیستی کوردستانییەوە، لەپارێزگای هەولێریش لیستی کوردستانی بەجیاوازییەکی زۆر لەپێش هەموو لیستەکانەوەیە، لیستی چوار حیزبەکەش بە پلەی سێیەم دێت و لەپارێزگای دهۆکیش کوردستانی بەرێژەیەکی زۆر لەپێش لیستەکانی دیکەیە و لیستی چوار حیزبەکە دووەمە و گۆڕان بەپلەی سێیەم دێت. هەروەها مەسعود بارزانی بەرێژەی زیاتر لە 71%ی دەنگەکان سەرکەوتووە، بەشێوەیەک کە لە چوار پاڵێوراوەکەی دیکە کەمال میراودەلی زیاترین ڕێژەی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، نزیکەی 27%ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، ئەویش زۆربەی لە پارێزگای سلێمانی.

لەقەزاو ناحیەکانی دەوروبەری سلێمانی لیستی گۆڕان و کوردستانی، ڕێژەی دەنگەکانیان تا ڕاددەیەک لەیەکتر نزیک بوون، بەپێی ئەو ژمارانەی کە (ڕووداو) لەتەواوی قەزاو ناحیەکانی سلێمانی لە چاودێرانی لیستەکان دەستیکەوتوون، لیستی کوردستانی لە پێش لیستی گۆڕانەوە بووە، بەم شێوەیە:

چەمچەماڵ و شۆڕش و سەنگاو: کوردستانی 17473، گۆڕان 13878و چاکسازی و خزمەتگوزاری 11005.

بێتواتە: گۆڕان 2579، کوردستانی 2022.

ناحیەی وارماوە: کوردستانی 2998 گۆڕان 2100، خزمەتگوزاری و چاکسازی 1344.

بۆ سەرۆکایەتی هەرێمیش لە هەمان ناحیە مەسعود بارزانی 4292 د.کەمال میراودەلی 3066 دەنگ.

قەرەداخ: گۆڕان 1354، کوردستانی 1211.

تەکیەو ئاخجەلەر: کوردستانی4500، گۆڕان 2500.

پیرەمەگرون: گۆڕان 5814، کوردستانی 5023.

هەڵەبجەی شەهید: کوردستانی 11364، گۆڕان 6835.

هەڵەبجەی تازە: کوردستانی 9329، گۆڕان 8149.

کفری: کوردستانی 5802 گۆڕان 5106.

ڕزگاری (سمود): کوردستانی 5920، گۆڕان 5106.

ناحیەی ژاراوە: کوردستانی 5320، گۆڕان 3615.

چوارقوڕنە: گۆڕان 8042، کوردستانی 6745.

حاجیاوا: گۆڕان 6572، کوردستانی 6529.

دوکان: گۆڕان 4107، کوردستانی 3236.

قەڵادزێ: کوردستانی 14868، گۆڕان 11032. بۆ سەرۆکایەتی هەرێمیش مەسعود بارزانی 21361 و د.کەمال میراودەلی 14833.

ڕانیە: گۆڕان 14773 و کوردستانی 12579.

پێنجوێن: کوردستانی 6600، گۆڕان 5988.

سەیدسادق: کوردستانی 12461، گۆڕان 9945.



مەسعود بارزانی بە ڕێژەی 71% سەرکەوت (فۆتۆ:AFP)

بازیان: گۆڕان 5762، کوردستانی 4736.

کەلار: کوردستانی 17257 گۆڕان 16497.

دەربەندیخان: گۆڕان 12316 کوردستانی 8429.

گەرمک : کوردستانی1335، گۆڕان 954.

ناڵپارێز: کوردستانی، 970 گۆڕان 742.

هەرچەندە لە قەزاو ناحیەکانی پارێزگای سلێمانی لیستی کوردستانی بەرێژەیەکی کەم پێش لیستی گۆڕان کەوتووە، بەڵام لەناو ناوەندی پارێزگادا لیستی گۆڕان زیاتری لە لیستی کوردستانی هێناوە، بەشێوەیەک گۆڕان: 140684 وکوردستانی 86459 دەنگی لەسەنتەری پارێزگای سلێمانی هێناوە، بەپێی ئەنجامی گشتی لە پارێزگای سلێمانی، گۆڕان 271981 و کوردستانی 248461 و خزمەتگوزاری و چاکسازی 49554 دەنگی بەدەستهێناوە.

لەپارێزگای هەولێریش بەپێی ئەو ئەنجامە بەراییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون لیستی کوردستانی، بەرێژەیەکی زۆر لە پێش لیستی گۆڕان و چاکسازی و خزمەتگوزاریەوەیە، بەشێوەیەک لیستی کوردستانی 59% و لیستی گۆڕان 25% و خزمەتگوزاری و چاکسازی 13%ی دەنگەکانی پارێزگای هەولێری بەدەستهێناوە، بەڵام لە قەزای کۆیە لیستی گۆڕان لە پێشەوەیە. ئەنجامەکانی هەولێر بەوشێوەیە:

قەزای کۆیە، گۆڕان 12966، کوردستانی 11177. تەقتەق، کوردستانی 3761 گۆڕان 3666.

لە سۆران و باڵەکایەتی کوردستانی 90357، گۆڕان 13872، چاکسازی و خزمەتگوزاری 5660. بۆ سەرۆکایەتی هەرێمیش مەسعود بارزانی 97271 و کەمال میراودەلی 11872.

شەقڵاوە، کوردستانی 8731، گۆڕان 1745، چاکسازی و خزمەتگوزاری 1124. بۆ سەرۆکایەتی هەرێمیش مەسعود بارزانی 10017 و کەمال میراودەلی 1236.

لە ناحیەی دارەتوو کوردستانی 8431، گۆڕان 2744، خزمەتگوزاری و چاکسازیش 1792 دەنگ.

بۆ سەرۆکایەتی هەرێمیش مەسعود بارزانی 10208 دەنگ و د.کەمال 2437 دەنگ.

ناحیەی کەسنەزان کوردستانی 9655، گۆڕان 872 و چاکسازی و خزمەتگوزاری 1179.

قەزای بنەسڵاوە کوردستانی 10714، گۆڕان 1948، خزمەتگوزاری و چاکسازی 1534 دەنگ.

### لە ئەنجامی شەڕی سلێمانی و تەقەی خۆشی هەولێردا

# چەند کەسێک لە سلێمانی و هەولێر بریندار بوون

**ڕووداو-سلێمانی، هەولێر**

شەوی ڕابردوو بەهۆی شەڕی نێوان کۆمەڵێکی سەربە کۆسرەت ڕەسول و پۆلیسی 104 شەڕ ڕوویدا، هەروەها لە هەولێریش بەهۆی ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی بارزانی و لیستی کوردستانی بەهۆی تەقەکردنی زۆری خۆشیەوە، بریندار کەوتنەوە. هەروەها بەپێی سەرچاوەیەک لە سلێمانی تەقە لە میوانخانەیەکی مام جەلال کراوە.

کاژێر 11:30دەقیقەی شەوی ڕابردوو لە ئەنجامی دەمەقاڵەی نێوان فەوجێکی تایبەتی سەر بە کۆسرەت ڕەسول و پۆلیسی فریاکەوتنی 104 لە شەقامی سالم، شەڕ لە نێوان هەردوولادا هاتەکایەوەو برینداری لێکەوتووەتەوە. بەپێی سەرچاوەکان شەڕەکە بەهۆی گیرانی کەسێکی سەر بە کۆسرەت ڕەسول دروستبوو، گرژییەکی زۆری لێکەوتەوە. هەروەها بەپێی سەرچاوەیەک هەر شەوی ڕابردوو تەقە لە میوانخانەی مام جەلال کراوە، بەڵام هیچ سەرچاوەیەکی فەرمی ئەو هەواڵەی پشت ڕاست نەکردەوە.

لەلایەکی دیکەوە، دوای ئەوەی د.فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، هەواڵی سەرکەوتنی مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ جاری دووەم و، سەرکەوتنی لیستی کوردستانی ڕاگەیاند، خەڵک بەلێشاو بە ئۆتۆمبێلەکانیان ڕژانە سەر شەقامەکان و، تەقەی هەوایی دەستپێکرد، بەپێی سەرچاوەکان لە ئەنجامی ئەو تەقە زۆرە چەند کەسێک بریندار بوون و دەنگی ئەمبولانس بیستراوە.

# راپۆرت

## لیستی کەرخی ئالتی بەرماخ لەنێو تورکماناندا لە پێشەوەیە



رووداو-هەولێر

بە پێی ئەنجامە سەرەتاییەکان لە کێبرکێی لیستە تورکمانییەکان لەسەر پێنج کورسییەکەی کۆتای تورکمان، لیستی بزووتنەوەی تورکمانی بەسەرۆکایەتی کەرخی ئالتی بەرماخ 10 هەزار دەنگ لە پێشەوەیە و 3 کورسی مسۆگەر کردووە، لیستی بزووتنەوەی چاکسازی تورکمان بەسەرۆکایەتی عەبدولقادر بازرگان بە 3 هەزار دەنگ کورسییەکی مسۆگەر کردووە، لیستی تورکمانی هەولێر بەسەرۆکایەتی مەحموود چەلەبیش کورسییەکی مسۆگەر کردووە .

## ئەگەر لیستی کوردستانی لە سلێمانی سەرنەکەوت

# رێککەوتنی پارتی و یەکێتی هەڵدەوەشێتەوە

**سام داگەر**
**سلێمانی-هەرێمی کوردستان**

رۆژی 2009/7/25 دەنگدەرانی هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردی دەنگی خۆیان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکێکی نوێدا و تامەزرۆیی بۆ ریفۆرمی سیاسی لەگەڵ حەز و ویست بۆ بەردەوامبوونی سەقامگیری، رووبەڕووی یەکتر بوونەوە .

رێژەی دەنگدەران زۆر بوو، بەپێی قسەی بەرپرسانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان، رێژەی بەشداربوون 78.5% بوو و پرۆسەی دەنگدان بۆ ماوەی کاژێرێک درێژ کرایەوە .

دوای کۆتایی هەڵبژاردن لایەنی ئۆپۆزسیۆن باسی لە ساختەکاری کرد و لیستی هاوپەیمانی دەسەڵاتداریش دەڵێ لە هەموو ناوچەکانی ئەو هەرێمە لە پێشەوەن .

گومانێکی کەم هەیە هاوپەیمانی دەسەڵاتدار هێز و چەپۆکە ئاسنینەکەی بەسەر ئەو 4.5 ملیۆن کوردەی ئەو هەرێمە بهێڵێتەوەو زۆربەی کوردەکانیش پێیانوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان وایکردووە کە سەقامگیری و ئارامی زیاتر لەو هەرێمە هەبێ لە چاو ناوچەکانی دیکەی عێراق.

سوعاد مەجید، تەمەن 42 ساڵ، کە بە کورسی کەمئەندامی لە گەڕەکی ئازادی سلێمانی بەرەو دەنگدان دەڕۆیشت، بیروڕای خۆی ئاشکرا کرد و گوتی" دەمەوێت پارێزگاری لەو پێشکەوتنە بکەم کە بەدەستمان هێناوە" .

لیستی هاوپەیمانی پارتی و یەکێتی کە پێشتر رکابەری یەکتربوون، کۆنترۆڵی حکوومەت، سەرچاوە داراییەکان، هێزە چەکدارەکان و سەرمایەگوزارییەکانی ئەو هەرێمە دەکەن، هەروەها ویستێکی یەکبوونی نێوخۆیی هەیە بۆ زاڵبوون بەسەر پێوەندی ئاڵۆزی ئەو هەرێمە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی بەغدا لەسەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، داهاتی سامانە سورشتییەکان، کە لە بەرژەوەندی حکوومەتەکەی ئێستادان .

ئێستا رکابەرییەک دروستبووە لەلایەن لیستێکەوە بە ناوی گۆڕان. لە کاتێکدا زۆر زەحمەتە بە جیدی رکابەرایەتی حکوومەت بکات، بەڵام هەستێکی رکابەرایەتی داوەتە ئەو هەڵبژاردنە و تامی فرە لایەنی بەو هەڵبژاردنە داوە .

ئاسایش لە رۆژی دەنگدان دا زۆر توندبوو، هێزەکانی ئاسایش پاسەوانێتی بنکەی هەڵبژاردنەکانیان دەکرد ودەنگدەران بە ژن وپیاوەوە زۆربەیان جلوبەرگی کوردیان لەبەر کردبوو.

دوای چەند کاژێرێک لە کۆتایی هاتنی پرۆسەی دەنگدان، گۆڕان راگەیاندنێکی فەرمی بڵاوکردەوە و هەردوو پارتەکەی تۆمەتبار کرد کە ساختەکارییان کردووە لە هەولێر و دهۆک و، بەرپرسێکی یەکێتیش ئەو تۆمەتانەی رەتکردەوە و گوتی ئەو تۆمەتانە "راست نین" .



نەوشیروان مستەفا لە بنکەیەکی دەنگداندا (فۆتۆ:نەوزاد مەحمود)

گۆڕان لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە سەرۆکایەتی دەکرێت کە بەرپرسێکی پێشووی یەکێتی بووەو، بەو هیوایەیە هەلی ئەو نیگەرانیەی خەڵک لەو دوو پارتە کە گەندەڵ وتاکرەون بقۆزێتەوە .

لەمبارەیەوە فایەق ساڵح، تەمەن 37 ساڵ، کە کرێکارە و خەڵکی گەڕەکی ئازادییە، دەڵێ ئەو دەنگ بۆ گۆڕان دەدات، گوتی" پارتی و یەکێتی ماوەی 18 ساڵە لەسەر دەسەڵاتن هیچیان بۆ خەڵکەکە نەکردووە" .

لە کاتێکدا فایەق چاوەڕێی نۆرەی دەنگدان بوو، نەوشیروان و بنەماڵەکەی بە کاروانێکی حەوت ئۆتومبێلی پڕ لە پاسەوان گەیشتنە بەردەم بنکەی دەنگدان بۆ ئەوەی ببنە یەکەم دەنگدەر.

نەوشیروان مستەفا لە هەڤپەیڤینێکدا لە ماڵەکەی خۆی گوتی" ئێمە ئەم رۆژە بە خاڵی وەچەرخان دادەنێین لە مێژووی سیاسەتی کورد دا، ئەمە بۆ یەکەمجارە داوایەکی زۆر لە ئارادایە بۆ گۆڕانکاری" .

بەڵام گۆڕان پاڵێوراوی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم نەبوو، هیچ کام لە چوار پاڵێوراوەکەی دیکە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کە رکابەری مەسعود بارزانی سەرۆکی ئێستای ئەو هەرێمەن، چانسی سەرکەوتنیان نەبوو.

لەگەڵ ئەوەی 23 پارت و لیستی دیکە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان رکابەرایەتی پارتە دەسەڵاتدارەکانیان دەکرد، ئەو دەزگا حکوومییە بە دەزگایەکی لاواز تەماشا دەکرێت و ناتوانێت هیچ گۆڕانکاری گرنگ بکات. تارق فاتح، کە رۆژنامەیەکی دژە حکوومەت چاپ دەکات رایگەیاند پێویستە گۆڕان بەلایەنی کەمەوە سێیەکی کورسیەکانی پەرلەمان بەدەست بێنێت، ئەگەر بیەوێت جیاوازی دروست بکات.

بەڵام سەرکەوتنێکی بچووکیش کەلێن دەخاتە بێ منەتی حکوومەت کە بە نیگەرانییەوە تەماشای ئەم رکابەرەیان دەکرد. لەمبارەیەوە قوباد تاڵەبانی، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتن و کوڕی جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق گوتی" ئێمە دەزانین کەموکورتیمان هەیە و بە دەنگی بەرز و ئاشکراش گوێمان لێیەتی، دەشزانین ئەوەش کارێکی ئاسان نابێت" .

تاڵەبانی بەڵێنیدا حکوومەتی داهاتوو رووبەڕووی گەندەڵی دەبێتەوە و ریفۆرمی ئیداری ئەنجام دەدات و شەفافییەت زیاتر دەکات و خزمەتگوزاری زیاتریش پێشکەش دەکات.

بەرهەم ساڵەح کە بڕیارە ببێتە سەرۆکی حکوومەتی داهاتوو، ئەگەر لیستی کوردستانی سەرکەوتنی بەدەست هێنا، ئەویش باسی گۆڕانی کرد و گوتی" ئێمە گۆڕانی راستەقینەین" .

بەپێی رێککەوتننامەی ساڵی 2005ی نێوان پارتی و یەکێتی، یەکێتی دەست لە پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقی هەڵدەگرێت و پۆستی سەرۆکی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەگرێتە دەست کە هەتا ئێستا نێچیرڤان بارزانی برازای مەسعود بارزانی بووە .

بەڵام هەر لە ئێستاوە بەرپرسێکی پارتی گوتی رەنگە ئەو رێککەوتنە هەڵبوەشێتەوە، ئەگەر لیستی کوردستانی لە سلێمانی سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا کە بنکەی سەرەکی یەکێتی و گۆڕانە .

**لە رۆژنامەی New York Timesی ئەمریکییەوە**

# دەنگت بە کێ دا؟



**عیسا عەبدولقەهار**
**رووداو- هەولێر**

راژان بەکر، 18 ساڵ، دوای هاتنە دەرەوەی لە بنکەیەکی دەنگدان، بە خێرایی خۆی گەیاندە خوشکەکەی، تا زووتر بگەنەوە ماڵەوە، چونکە دایکە 60 ساڵەکەیان ترسی هەیە "نەوەک تەقینەوە رووبدات"، بەڵام سازانی خوشکی پێش هەموو شتێک لێی پرسی"دەنگت بە کێ دا" ئەوە ئەو پرسیارە بوو، کە دوای هاتنە دەرەوەیان لە بنکەکانی دەنگدان، دەنگدەران لە یەکتریان دەکرد.

راژان زۆر دڵخۆش بوو کە یەکەمجار لە ژیانیدا دەنگیدا "چونکە لە هەڵبژاردنەکانی پێشتر تەنها من و دوو براکەم لە ماڵ دەماینەوە، بۆیە ئەمرۆ زۆر خۆشحاڵم، کە منیش وەکو ئەندامانی ماڵەوە مافی دەنگدانم هەیەو لەگەڵیان بەشدارم لە دەنگدان" .

لەبەر دڵی خۆشکەکەی دەنگی بە یەکێک لەو لیستانەدا، کە پێشتر بۆی دەست نیشانکراوە، راژان گوتی"خوشکەکەم زیاتر لە چوار رۆژە هەوڵم لەگەڵ دەدات، تا رازیم بکات، دەنگ بەو لیستە بدەم کە ئەو حەزی لێدەکات" . ئەو دوای دەنگدانی لە بنکەی ئازادی لەشاری هەولێر، خێرا گەیشتە نزیک خوشکەکەی، سازان لە خوشکەکەی پرسی "دەنگت بە کێ دا؟" پرسیارەکە بەلای راژانەوە ئاساییبوو "چونکە هەموو ئەندامانی ماڵەوە دەزانن، کە دەنگم بە چ کەس و لیستێک داوە" .

رۆژی 2009/7/25 هەڵبژاردن لە نێوان 23 لیست و 5 پاڵێوراوی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، لە سێ پارێزگا بەڕێوەچوو. هەڵبژاردنەکەی دوو رۆژ لەمەوبەر، سێیەمین هەڵبژاردنە، لە دوای راپەڕینی بەهاری 1991 ئەنجامبدرێ.

شەنگە عەبدولسەتار، 25 ساڵ، قوتابی قۆناخی سێیەمی کۆلیژی یاسا و رامیاریە لە هەولێر، بۆ لای هاوڕێیەکانی دەچوو، بەڵام تورە دیاربوو، لەو پرسیارەی کە دەنگدەران لە یەکتری دەکەن "دەنگت بەکێ دا؟"، ئەو کچە بە (رووداو)ی گوت "هێشتا زۆرمان ماوە بگەینە ئەو ئاستەی کە بۆ خۆمان، بە سەربەستانە دەنگ بدەین" . ئەو وەکو کەسێکی رەچاوکاری یاسا قسە دەکات "نابێ کەس بزانێ دەنگم بە چ لیستێک داوە" .

شاردنەوەی دەنگدان لە هەولێر، وەک ئەوەی دەنگدەران باسی دەکەن هەر ئەوەندە زەحمەتە، تا دەنگدەر لە بنکەی دەنگدان دێتە دەرەوە، چونکە وەک فاتیمە حەسەن، 30 ساڵ دەڵێ "لەناو ئێمەی کورد شاردنەوەی نهێنی زۆر زەحمەتە، چونکە خەڵکی ئێمە زۆر تێکەڵی یەکترن" .

بەپێی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق نابێ پرسیار لە هیچ کەسێک بکرێ، کە دەنگی بە چ لیست و کاندیدێک داوە . بە وتەی چاودێرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و نوێنەری لیستەکان، لە زۆربەی بنکەکانی دەنگدان، هەڵبژاردن بە باشی بەڕێوەچووە، ئەوان باس لەوەش دەکەن، کە بەشێکی خێزانەکان بە نهێنی چوونەتە سەر سندوقەکانی دەنگدان و نوێنەری لستێکیش، بێ ئەوەی ناوی بۆ (رووداو) ئاشکرا بکات لە بنکەی رزگاری 2، دەڵێ "هیچ کێشەیەک نەبووە، دەنگدان بە نهێنی بووە، زۆربەی خێزانەکانیش کە دەزانن دەنگ بە کێ دەدەن، لەگەڵ یەکتر چوونە بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان" .

بەڵام مامۆستا عەزیز، کە چاودێربوو لە نهۆمی دووەمی ئەو بنکەیە، بە پێکەنینەوە دەڵێ "خێزانێک کە لە ژن و پیاوێک پێکهاتبوو، هاتنە بنکەکەی ئێمە و لە کاتی دەنگدانیان، ژنەکە بە پیاوەکەی خۆی گووت، دەبێ دەنگ بەو لیستە بدەی کە پێمگوتی" .

ئەو مامۆستایە دەڵێ" لەوانەیە ئەو پیاوە لە ژنەکەی خۆی بترسێ، لەوانەشە هەر زۆر ئۆمەر بێ" .

# سلێمانی بە تووڕەیی بانگەشەی کرد و بە هێمنی دەنگیدا

**نەوزاد مەحمود**
**رووداو-سلێمانی**

کاژێر 8ی سەر لە بەیانی 2009/7/25 بنکەکانی دەنگدان بە رووی هاووڵاتییاندا کرانەوەو توی مەلیک وسەهۆڵەکەش، کە مانگی هاتووهاواری بانگەشەیان بەبێ شەڕە چەقۆو پەلاماردان تێنەپەڕاند، هێمنترین شوێنی سلێمانی بوون . ئەحمەد حەمە تالب، 53 ساڵ، کە لە ریزێکی درێژی دەنگداندا عارەقی نێوچاوانی بەجامانەکەی دەسرێتەوە گوتی"رەش و سپی ئا لێرەدا دەردەکەوێت" .

نەوشیروان مستەفا، سەرۆکی لیستی گۆڕان لەبنکەی ئازادی گەڕەکی ئازادی شاری سلێمانی، کاژێر 8ی بەیانی دەنگیداو دوای دەنگدانەکەی گوتی "ئەمڕۆ رۆژێکی مێژووییەو هەنگاوێکە بەرەو گۆڕان" . سەرۆکی لیستی گۆڕان گوتیشی " ئەنجامی هەڵبژاردن هەرچۆنێک بێت قبوڵی دەکەین" .

تاڵەبانیش لەخوێندنگەی رەوشەن بەدرخانی شاری سلێمانی لەنێو ئاپۆرای رۆژنامەڤاناندا خۆی گەیاندە سندوقەکانی دەنگدان و پاش بەرزکردنەوەی پەنجە مەرەکەباوییەکەی، پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم گەلی کورد کردو ئەو رۆژەی بە جەژنی گەلی کورد ناوبردو هیوای خواست هەمووان بەشداری بکەن لە دەنگدان.

بەڵام هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد، سەرۆکی لیستی پێشکەوتن و کاندیدی ئەو لیستە بۆ سەرۆکی هەرێم کە لە قوتابخانەی زەرگەتە دەنگیدا، گوتی "ئەگەر دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن نا مەنتقی بن، خەڵک بێدەنگ نابێ" .

**دەنگی تورەکان**
**لە سندوقدا ئارامە**

لە ماوەی یەک مانگی بانگەشەی هەڵبژاردن دا، هەموو شەوانێکی سلێمانی شەقامەکان لەژێر پێی بانگەشەکاراندا گڕی دەگرت و ئەمەش چاودێرانی خستبووە سەر ئەو بڕوایەی کە چاوەڕوانی تورەبوونی زیاتر لە گێمی دووەمی گەمەکە بکەن، لە سلێمانی 408 بنکەی دەنگدان بۆ زیاتر لە ملیۆنێک دەنگدەر کرایەوەو بەپێی ئاماری کۆمسیۆن 74.5%ی دەنگدەرانی سلێمانی بەشدارییان لە دەنگدان کردووە .

کارزان ئیسماعیل، کە چاودێری لیستی گۆڕان بوو لە قوتابخانەی برادۆست، گوتی "هەڵبژاردنەکە زۆر بەرێکوپێکی بەڕێوەچوو، هیچ کێشە نەبوو" . عەبدولواحید جەلالیش کە چاودێری لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی بوو لەقوتابخانەی بلێسە گوتی "چاوەڕوانی هەڵبژاردنی لەو شێوەیەمان نەدەکرد " .

بەڵام هەڵوێستی ئەو دوو لیستە لە ئێوارەدا جیاوازبوو. لیستی گۆڕان رەخنەی لە درێژکردنەوەی یەک کاژێر ماوەی هەڵبژاردن گرت و لیستی کوردستانی بە ساختەکردن لەهەولێر و دهۆک تۆمەتبارکرد و، گوتیشی کۆمسیۆن کەمتەرخەم بوو. هەروەها لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری تۆمەتی ساختەکاری کردنی دایە پاڵ لیستی کوردستانی.

چاودێرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە رۆژی هەڵبژاردن دا جەختیان لە پاکی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە دەکردەوە لە شاری سلێمانی. رێژان سامی حەمە ساڵح، نوێنەری تۆڕی رۆژ بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکان لەقوتابخانەی بەختیاری دەڵێ "هیچ حاڵەتێکی نائاسایی رووی نەداوەو پرۆسەکە جێگەی رەزامەندیمانە" . بەڵام کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا رایگەیاند کە 87 سکاڵایان لە سنووری پارێزگای سلێمانی بەدەست گەیشتووە .

بەختیار محەممەد، 29 ساڵ، کە شۆفێری تاکسییەو هەندێک جاریش لە شەوانی بانگەشەدا بەشداریکردووە، دەڵێ ئەگەر چاودێریش بام زۆر بەباشی ئەو هەڵبژاردنەم هەڵدەسەنگاند. بەختیار گوتی "چەند کەس لەگەڵم سەرکەوتوون بەباشی باسی هەڵبژاردن دەکەن" .

ئەوەی لەو دەنگدانەدا تێبینی دەکرا، ئەو مامەڵە میزاجییەی بەرپرسی هەندێک لەبنکەکانی دەنگدان بوو، چونکە لەهەندێک بنکە رۆژنامەنووسان زۆر بە ئازادی دەچوونە نێو ژوورەکانەوەو چاودێریان دەکردو وێنەیان دەگرت، کەچی لەهەندێک بنکە بەناوی جێبەجێکردنی یاسای کۆمسیۆنەوە، کامێراو مۆبایلیان لێوەردەگیرا.

نوێنەرێکی کۆمسیۆن کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات لەو بارەوە گوتی "راستە کۆمسیۆن باجی رێگەپێدانی بۆ رۆژنامەوانان دروستکردووە، بەڵام لەهەمان کاتدا رێنماییان داوەتە ئێمەش کە بەهیچ شێوەیەک رێگە بەهێنانە ناوەی کامێرا نەدەین و چاوپێکەوتنیش نابێت لەناو بنکەکاندا بکرێت" .

**هێشتا مۆتەکەی ترس**
**سلێمانی جێنەهێشتووە**

تا درەنگانێکی ئێوارەش، هەر هاووڵاتییەکی سلێمانی باسی هەڵبژاردنی بکردایە، قسەکانی بە دووبارەکردنەوەی رستەیەکی دوعا خوازانە کۆتایی پێدەهێنا "یاخوا بەخێر کۆتایی بێت" . ئەحمەد محەممەدی 68ساڵ پێیوایە ئەگەر لایەنەسیاسیەکان بەئەنجامەکەی رازی نەبن، ئەوان رەنج بەخەسار دەبن "زۆر دەترسم قبوڵی نەکەن و دەست بدەنەوە یەخەی یەکتری" .

دوای کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنەکان، هەریەک لە د.بەرهەم و مەلا بەختیار لەدوو کۆنگرەی رۆژنامەوانی جیا جیادا باسی ئەوەیان کرد کە پێویستە رێز لەئەنجامەکانی هەڵبژاردن بگیرێت و بەئەنجامەکان رازی ببن" . د.بەرهەم گوتی "پێویستە هەرلایەنێک رێز لەئەنجامەکان بگرێت"، مەلابەختیاریش رایگەیاند "دەبێت هەموو لایەنەکان دوای هەڵبژاردن بەدوای خاڵی هاوبەشی یەکتریدا بگەڕێین" .

هەر لە سەرەتای بانگەشەی هەڵبژاردنەکانەوە، بەشێک لە چاودێرانی سیاسی پێیان وابوو کە دوور نییە دواجار هەمان دیمەنەکانی تاران لە سلێمانی رووبدەنەوە، بەهۆی ئەو ململانێ گەرمەی لە نێوان لایەنگرانی کوردستانی و گۆڕان دا دەیانبینی، بەڵام رۆژی هەڵبژاردن لە سلێمانی زۆر بە ئارامی بەڕێوەچوو، ئەو پێشبینییە خراپە نەهاتە دی.



دیمەنێکی بانگەشەی هەڵبژاردن لە سلێمانی (فۆتۆ:AFP)

## ڕیپۆرتاژ

### پاکترین هەڵبژاردنی عێراق بوو



ڕووداو-هەولێر

قاسم عەبودی ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ستایشی شێوەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی کوردستانی کرد و گوتی " ئەم هەڵبژاردنە پاکترین هەڵبژاردنی عێراق بوو". حەمدییە حوسێنی ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق گوتی هەڵبژاردنەکە بە ڕێکوپێکی وبێ کێشە بەڕێوەچوو.

# چاودێرانی بیانی بەکەمی لە هەڵبژاردن دا بینران

## هەڵبژاردنی کوردستان بەئامادەبوونی 45 هەزار چاودێر بەڕێوەچوو



عیسا عەبدولقهار
issagadir09@yahoo.com

ڕووداو- هەولێر

جگە لە چاودێرانی کۆمسیۆن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، هیچ چاودێرێکی بیانی لە کاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لە هەولێر نەبینراون، ئەندامێکی ئەنجوومەنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنیش دەڵێ "لە هەولێر چاودێرانی بیانی لە بنکەکانی دەنگدان نەماونەتەوە".

پێشتر بەرپرسانی حکومی و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە کوردستان ڕایگەیاندبوو، کە زیاتر لە 350 چاودێری بیانی لەکاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان بەڕێوەچوو، چاودێری بنکەکانی دەنگدان دەکەن، بەڵام لەکاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لە هەولێر چاودێرانی بیانی نەبینراون.

وەک کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند، بەگشتیی 45 هەزار چاودێر، لە چاودێرانی بیانی، چاودێرانی کۆمسیۆن و قەوارە سیاسییە بەشدارەکانی هەڵبژاردن بەشدارییان لە چاودێریکردنی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن دا کرد.

جەلال حەمەد ئیسماعیل، بەڕێوەبەری بنکەی ئامادەیی ڕزگاری بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە کاتی کردنەوەی بنکەکەیانەوە هیچ چاودێرێکی بیانی نەچووە بۆ بنکەکەیان و گوتی "پێشتر کۆمسیۆنی هەڵبژاردن بە ئێمەی ڕاگەیاندبوو، کە جگە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و چاودێرانی کۆمسیۆن و چاودێرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، چاودێرانی بیانیش دێنە بنکەکەمان، بەڵام لەکاتی کردنەوەی بنکەوە بەرووی دەنگدەران هیچ چاودێرێکی بیانی نەهاتووە بۆ بنکەکەی ئێمە". ئەو بەڕێوەبەرە گوتیشی "حەزمان دەکرد کە چاودێرانی بیانی لێرە ئامادە بوونایە، چونکە ئەوکات بۆیان ڕوون دەبووە، کە هیچ پێشێلکارییەک نەکراوە".

چاودێرانی بیانی بەگشتی چوونەتە چەند بنکەیەکی کەم و ماوەیەکی کەم ماونەتەوە، ئەمەش سروشتی کاری چاودێرانی بیانییە لە هەڵبژاردنەکانی جیهان دا، جگە لەوەش گەرمی کەشو هەواش لەوانەیە وایکردبێ ئەوان کەمتر بمێننەوە.

بنکەی ئامادەیی ڕزگاری، کە 2000 دەنگدەر دەیانتوانی لەو بنکەیە دەنگ بدەن، کەوتووەتە سەر شەقامی 30 مەتری شاری هەولێر لە نزیک هوتێلی شیراتۆن، ئەو هوتێلەی کە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان، لە بەیانییەکی زوو لە دوای دەنگدانی لەگەڵ نەبیلەخانی خێزانی دەنگیان لێی داو، سەرۆکی حکومەت لە هۆڵی هوتیلەکەدا قسەی بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کرد.

نوێنەرێکی لیستی گۆڕان، کە ئامادە نەبوو ناوی ئاشکرا بکرێ، لە بنکەی ئازادی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەکاتی کردنەوەی بنکەکە 2 کەس کە بە ئینگلیزی قسەیان دەکرد هاتنە بنکەکە و دوای قسەکردن لەگەڵ بەڕێوەبەری بنکەکە ڕۆیشتن، بۆیە من گومانم هەیە، کە چاودێرانی بیانی هەوڵی ئەوەیان دابێ هەڵبژاردنەکە بە بێ کێشە و پێشێلکاری بەڕێوەبچێ"، بەڵام حاکم سەردار ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە کوردستان، پێچەوانەی نوێنەرەکەی لیستی گۆڕان قسەی کردو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " بە دڵنیاییەوە چاودێرانی بیانی هاتوونە بنکەکانی دەنگدان، بەڵام لەوانەیە زوو سەردانی بنکەکانی دەنگدانیان کردبێ، هەستیش دەکەم کە کەم کەس ئەو چاودێرانەی بینیوە، بۆیە لایەنەکان هەستدەکەن کە چاودێرانی بیانی کەمتەرخەم بوون".

حاکم سەردار گوتیشی "350 چاودێری بیانی هاتوونەتە کوردستان و لە نزیکەوە چاودێری هەڵبژاردنەکان دەکەن، هەرچەند لەوانەشە نەهاتبنە هەولێر و چووبنە شوێنەکانی دیکە بۆ ئەوەی بە باشی چاودێری هەڵبژاردن بکەن،



دوو چاودێری بیانی لە کاتی دەنگداندا چاودێری پرۆسەکە دەکەن

(فۆتۆ:AFP)

### چاودێرانی بیانی وەک چاودێرانی دیکە لە بنکەکانی دەنگدان نەماونەتەوە

حاکم سەردار

چونکە ئێمە دڵنیاین کە کەمترین پێشێلکاری لە ناو شاری هەولێر کراوە".

ئەو ئەندامەی کۆمسیۆن ڕەتیکردەوە، کە چاودێرە بیانییەکان چاودێری هەڵبژاردنیان نەکردبێ "بەڵام لەوانەیە ئەوان وەکو چاودێرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن نەبن و تاکو کۆتایی پرۆسەکە بمێننەوە، لەوانەیە بەشێوەی تێبینی هەندێک خاڵیان لەلای خۆیان نووسیبێ و گەڕابنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان".

لە ژوورێکی بنکەی ئازادی نوێنەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لیستەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە ڕیز دانیشتبوون، تەنها کورسییەک لەو ژوورە مابوو، کە کەسی لەسەر دانەنیشتبوو، پێدەچێ بۆ ئەو چاودێرە بیانیە بێت، کە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن کورسیەکی بۆ ئامادە کردبێ.

## مەسیحییەکان بەنیازی حکومی زاتی و نەمانی گەندەڵی دەنگیان دا

# مەسیحییەکان بە لیستەکانیان دەڵێن بەڵێنەکانتان لەبیر نەکەن

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

کێبرکێی نێوان چوار لیستی جیاوازی مەسیحی و خستنەڕووی بەرنامەی جیاواز، بۆ بردنەوەی 5 کورسی کۆتای پەرلەمانی کوردستان جۆش وخرۆشی زۆری خستبووە نێو مەسیحییەکانی عەنکاوە، بۆیە داوا لە لیستە مەسیحییەکان دەکەن کە گەیشتنە پەرلەمان بەڵێنەکانیان لە بیر نەچێ.

بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بەپەیڕەوکردنی سیستمی کۆتا 5 کورسی پەرلەمان بۆ مەسیحییەکان دیاریکران، 4 لیستی مەسیحی لەسەر بەدەستهێنانی ئەو پێنج کورسییە کێبڕکێیان دەکرد. بەڵام کێبرکێیەکەیان لە کێبرکێی لیستەکانی کورد و تورکمانەکانیش بێدەنگتر بوو، کەمتر یەکتر تۆمەتبارکردنی تێدابوو.

مریەم مەرقۆس، 48ساڵ، لەگەڵ چەند کەسێکی خێزانەکەی لەیەکێک لەبنکەکانی دەنگدان لە شارۆچکەی عەنکاوەی شاری هەولێر دەنگی دەدا، ئەو زۆر دڵخۆشبوو بەو کێبڕکێیەی لە شارۆچکەکەیان هەیە، پێیوابوو ئەم کێبرکێیانە هەم یارمەتی دیموکراسی دەدات، هەمیش وا لە لیستەکان دەکات بەرنامەی خزمەتگوزاری باشتر بخەنەڕوو "هیوادارم ئەو دروشم و بەڵێنانەی لیستەکان لەکاتی بانگەشە بەرزیان کردەوە لەکاتی دەرچوونیان لەبیری نەکەن".

بەشێک لەمەسیحیەکان خوازیاری ئەوەن، پەرلەمانی داهاتوو ڕوونتر کارەکانی بەڕێوەببات و نەکەوێتە ژێر کاریگەری هیچ کەس و لایەنێک.

نەجیب پترۆس مەنسور، 51 ساڵ، پێیوایە دەبوایە مەسحییەکان لەچوارچێوەی یەک لیست خۆیان ڕێکبخستایەو هەوڵی بەرەو پێشبردنی شەفافیەت و نەمانی گەندەڵیان بدابووایە "هیوادارین، لیستەکان بتوانن گەندەڵی بەرەو نەمان ببەن و ئازادی زیاتری ڕادەربڕین دەستبەر بکەن بۆ ئەوەی هەرکەسێک لەکارەکەی گەندەڵی کرد لەهەر پۆستێک بێت، لە ڕۆژنامەکان ریسوا بکرێ".

ئەو هاووڵاتییە مەسیحییە گوتیشی "هەڵبژاردنی ئەمجارە زۆر بەپاکی و ئارامی بەڕێوەچوو، لەهیچ بنکەیەکی دەنگدان لەعەنکاوە پێشێلکاریم نەبینی".

دەنگدەرانی مەسیحی هیوای ئەوەیان دەخواست، هەڵبژاردنی ئەم جارەی پەرلەمانی کوردستان، ببێتە هەنگاوێک بۆ باشترکردنی خۆشگوزەرانی خەڵک و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێو پێکهاتەکانی کوردستان.

باسم خەمۆ یونان، 25 ساڵ، لەگەڵ خێزانەکەی دەنگی دەدا، گوتی ئێمە خوازیاری پێکەوە ژیانێکی ئازادانەین لەگەڵ برا کوردەکان و، سەرۆکی هەرێمیش بەردەوام لە لێدوانەکانیدا جەخت لەسەر پێکەوەژیانی گەلانی کوردستان دەکات، بۆیە هیوادارین ئەم لێدوانانە تەنیا بەمەبەستی بانگەشەی هەڵبژاردن نەکرابن دوای هەڵبژاردنیش جێبەجێ بکرێن. گوتیشی"ئەو لیستە مەسیحیانەی دەچنە پەرلەمان نوێنەری ڕاستەقینەی گەلی ئاشوور، کلدان و سریان بن بەبێ جیاوازی".

یەکێک لەو چوار لیستە بەشداربووەی مەسیحییان، بەناوی حکومی زاتی بوو، کە دروشمەکەی دابینکردنی حوکمی زاتی بوو بۆ مەسیحییەکان. لەبارەی تێڕوانینی مەسیحییەکان بۆ وەرگرتنی ئۆتۆنومی لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان، باسم خەمۆ دەڵێ "وەرگرتنی حکومی زاتی لەچوار چێوەی هەرێمی کوردستان بەمافی خۆمان دەزانین، هیوادارین ئەگەر بەرپرسانی هەرێم لەم قۆناخە بوونی هەرێمێکیشمان لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستان پێ ڕەوا نابینن، مافی بەڕێوەبردنی ناوچەکانی خۆمانمان پێبدەن".

ئەوەی سیمای شارۆچکەی عەینکاوە لەشارۆچکەکانی دیکەی شاری هەولێر جیا دەکاتەوە ئازادی هاوڕێیەتی کچان و کوڕانە لەو شارۆچکەیەدا، بۆیە لەڕۆژی هەڵبژاردنیش، بەشێک لەکچان و کوڕان لەنێو شەقامەکان دەستی یەکتریان گرتبوو، پەیتا پەیتا دەچوون بۆ دەنگدان.

لیندا یوحەننا، 24ساڵ، پێناسی باری شارستانی بەدەستەوە گرتبوو لەگەڵ کوڕە هاوڕێکەی بەرەو بنکەیەکی دەنگدان هەنگاوی دەنا. لیندا، هیوای زۆری بەگۆڕانکاری و کاری جیدی پاڵێوراوەکانیانە، گوتی "تا ڕادەیەک لەپەرلەمانتارە مەسیحیەکانی پێشووتر ڕازیبووین، بەڵام بەهۆی بوونی کێبرکێی ئەمجارەی لیستەکان هیوامان وایە کاری جدیتر بکرێت"، ئەو کچە مەسیحییە گوتیشی "لە پەرلەمانی پێشووی هەرێمی کوردستان، زۆر باس لە ناڕوونی خەرجکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان دەکرا، هیوادارم پەرلەمانی ئەمجارە زیاتر چاودێری بودجە و داهاتی هەرێمی کوردستان بکات".

لیندا لەو باوەڕەدایە ئەگەر لیستەکان ئەو بەڵێنانەی لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن بە خەڵکیان دابوو جێبەجێی بکەن، ئەوا گۆڕانکارییەکی ریشەیی لەژیانی مەسیحیەکانی کوردستان ڕوودەدات.



دەنگدەرێکی مەسیحی لە عەنکاوە

(فۆتۆ:حوسێن هیممەتی)



# نەخوێندەواران چۆن دەنگیاندا

## بەڕێوەبەری تۆڕی ڕۆژ:
## بە پێی زانیاری چاودێرانمان هەڵبژاردنێکی بێ پێشێلکاری بوو

ڕووداو- هەولێر

"ناهێڵم هیچ کەس دەنگم بۆ بدات، لێناگەڕێم کەسیش بزانێ دەنگم بە چ لیستێک داوە، پێویستیشم بە بەڕێوەبەری بنکە نییە، تا پێم بڵێ دەنگ بە چ لیستێک بدەم"، پیرداود حوسێن، 55 ساڵ، کە دوو گەڕەکی بە پێ بڕیبوو، دەڵێ پێداگیری لەسەر ئەوە کرد بەدەستی خۆی دەنگبدات.

پیرداود، پیاوێکی ڕەنگ زەردی باڵا درێژە، یەکێکە لەو کەسانەی لە ژیانیدا نەچووەتە قوتابخانە و بە نەخوێندەواری ماوەتەوە، دەیگوت "ڕەنگی ئەو لیستە دەناسمەوە کە دەنگی پێدەدەم".

هەندێک لەوانەی خوێندەوارییان نییە لە ڕۆژی دەنگداندا چارەنووسی خۆیان دەدەنە دەست کارمەندانی کۆمسیۆن و ئەوانیش خۆ و ویژدانی خۆیان، بەڵام هەندێکیان بەهۆی ناسینەوەی لیستەکان بەخۆیان دەنگ دەدەن. پیرداود کە ماندووبوونێکی زۆری بە سیماوە دیاربوو گوتی "دوو گەڕەکم بە پێ بڕیوە تا بێم دەنگ بدەم بەو کەسەی کە خزمەتی کردووم و دڵنیاشم خزمەتی میللەتیش دەکات".

بە پێی یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، هەرکەسێک کە خوێندەواری نەبوو، لە ڕێگەی کەسێکی نزیکی خۆی یان لە ڕێگەی بەڕێوەبەری ئەو بنکەی کە دەنگی لێ دەدات، دەنگ بۆ ئەو لیستە دەدات کە خۆی هەڵیدەبژێرێ.

لە هەندێک شوێن بەڕێوەبەری بنکەکان دەنگ بۆ ئەو کەسانە دەدەن، کە خوێنەوارییان نییە لە کاتێکدا دەنگدەر دڵنیا نییە کە دەنگی بەو لیستە داوە کە خۆی مەبەستی بووە. هۆگر چەتۆ، بەرپرسی تۆڕی ڕۆژ بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکان گوتی "هەندێک کەس هەیە، خوێندەواری نییە، بەڵام بە هۆی کەسێکی نزیکی خۆی ئەو لیستە هەڵدەبژێرێ کە مەبەستیەتی".

تۆڕی ڕۆژ بۆ ئەو هەڵبژاردنە زیاتر لە 2000 ئەندامی وەک چاودێریکردن لەسەر بنکەکانی دەنگدان داناوە، بەرپرسی ئەو تۆڕە دەڵێ " هیچ پێشێلکارییەک نەبووە، بە پێی زانیاری ئەندامانیشمان هەڵبژاردنێکی بێ پێشێلکاری ئەنجامدراوە".

ئامینە کەریم، 60 ساڵ، لەگەڵ کوڕە بچووکەکەی لە یەکێک لە سندوقەکان نزیک دەبووەوە، تا دەنگ بەو لیستە بدات کە پێشتر دەستنیشانی کردووە، ئامینە دەڵێ "بەڕێوەبەری بنکەکە زۆر بەڕێزەوە لەبەر چاوی هەموو ئامادەبووانی ژوورەکە پێیگووتم، نیشانەت بۆ لەو لیستە دەدەم، کە خۆت هەڵیدەبژێری".

چاودێرانی لایەنە سیاسییەکان بە گومانەوە دەیانڕوانییە بەڕێوەبەری بنکەکان کە مافیان هەبوو لەگەڵ نەخوێندەواران بچنە نێو کابینە و خەت بەو لیستەدا بێنێ کە نەخوێندەوارەکە دەیەوێ. کەریم شنگاری وەزیری ناوخۆ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند کە ئەوان یەکێک لە بەڕێوەبەری بنکەکانی هەڵبژاردنیان دەستگیرکردووە، کە بە ئارەزووی خۆی دەنگی بۆ پیرەژنێکی نەخوێندەوار دابوو، نەک بەپێی داواکاری پیرەژنە نەخوێندەوارەکە.

عەبدولڕەحمان عەزیز، بەڕێوەبەری بنکەی (اربیل الاولی) لەنێو گەرمەی دەنگدان دا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " بە بەرچاوی چاودێرانەوە نیشانە لەو لیستە دەدەم، کە نەخوێندەوارەکە خۆی دەیەوێت، چونکە ئەگەر وا نەکەم، ویژدانم ئاسودە نابێ".

ئەبو زێد عەلی، 61ساڵ، ناوی لیستێک و یەکێک لەو پاڵێوراوانەی لە کاخەزێک نووسیبوو، کە حەزی دەکرد دەنگیان پێبدات "چونکە دڵنیا نیم، ئەو کەسەی نیشانەکەم بۆ لێدەدات لەو لیستەی دەدات کە من دەمەوێ". ئەبو زێد خوێندەواری نییە، بەڵام لە ڕێگەی تەماشاکردنی هێمای لیست و وێنەی ئەو 5 پاڵێوراوەی کە خۆیان بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پاڵاوتووە، دەناسێتەوە "وێنەکان بە چاو و لیستەکانیش لە ڕێگەی هێماکانیان کە لە تەلەڤزیۆن نیشاندراون دەناسمەوە".

بەختیار عەزیز، چاودێرێکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانە، دەڵێ نەیدیوە بەڕێوەبەری ئەو بنکەیە نیشانەی ڕاست لە هیچ لیستێک بدات، کە دەنگدەرە نەخوێندەوارەکە خۆی نەیویستبێ. بەختیار عەزیز دەڵێ "چونکە دەزانن ژمارەیەکی زۆری چاودێر لەلایەن کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لێرەن و پێشێلکارییەکان دەنووسن".

کوردستانی

## کۆبوونەوەیەکی 3 قۆڵی لەبارەی PKK



ڕووداو-AFP

حکوومەتی تورکیا ڕایگەیاند هەفتەی داهاتوو کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی لەنێوان بەرپرسانی تورکیا، عێراق و ئەمریکا لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا بەڕێوەدەچێت، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی PKK لە باکووری عێراق. بەرپرسێکی تورکی کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات ڕایگەیاند" کۆبوونەوەکە جەخت لەسەر هاوکاریکردنی یەکتری لەدژی تیرۆر و ئاسایش و بەخشینی زانیاری نهێنی دەکات". بەرپرسەکە گوتیشی بەشیر ئاتالای سەرپەرشتی کۆبوونەوەکەی سێشەممەی داهاتوو دەکات کە بەرپرسێکی سەربازی ئەمریکی لە عێراق وشاندێکی عێراقی بەسەرپەرشتی شێروان وائیلی ئاسایشی نیشتمانی عێراقی بەشداری تێدا دەکەن.



محەمەد عەلی بیراند

mabirand@e-kolay.net

## ئەنقەرە دەبێ پێش ئۆجەلان هەنگاو بنێت

هەفتەی ڕابردوو لە ئەنقەرە ئەحمەد داود ئۆغلۆ وەزیری دەرەوە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانی سازدا، دوو تەوەری قسەکانی لەو کۆنفرانسەدا زۆر سەرنجیان ڕاکێشام، یەکەمیان دەربارەی ئەو نەخشەڕێیەی ئۆجەلان بوو کە بڕیارە لە 15 ئابی داهاتوو ڕایبگەیێنێ.

داود ئۆغلۆ ڕایگەیاند کە ئەنقەرە سەنتەری چارەسەری کێشەی کوردو مەسەلەی تیرۆری PKKیە. بیرکردنەوەیەکی جیاوازتر لەوە لەئارادا نییە. ئەگەر ئەو سەنتەرە بگوازنەوە شوێنێکی دیکە، حکوومەت و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەو چوارچێوەیەدا بڕیار دەدەن.

ئەگەر بەر لە 15ی ئاب ئەنقەرە دەستپێشخەری نەنوێنێ و بەر لە ئیمڕالی نەخشەیەکی ڕێگا گەڵاڵە نەکات، بخوازین یان نەخوازین ئیمرالی دەستپێشخەر دەبێت و ئەنقەرەش دەکەوێتە وێستگەیەک کە وەکو ئەوەبێ بەرامبەرئەودەستپێشخەریە کاردانەوە دەردەبڕێت. زۆر ئاساییە ئەگەر داود ئۆغلۆ هەموو شتەکان نەخاتەڕوو، ئاشکرایان نەکات، ئێمەش چاوەڕێی شتێکی وا نەبووین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ پڕۆژەکەی ئۆجەلان بچووک نەکرێتەوە. کرانەوەی ئیمرالی، کێشەکە ئاسانتر یان زەحمەتر دەکات. تورکیا ئاسوودەتر دەکات یان ئاڵۆزتری دەکات.

پێویستە لەبیرمان نەچێت، سەرەڕای ئەوەی ئۆجەلان لەئیمڕالی زیندانییە، بەڵام کاریگەری لەسەر بەشێکی زۆری هاووڵاتیانی کوردی تورکیاو، PKK هەیە.

داود ئۆغلو لەوبارەیەوە ئاماژەیەکی ڕاشکاوانەی بەپێشکەوتنەکان نەکرد، سەرەڕای ئەوەش ئاماژەی بە هەندێک ئامادەکاری دا. تەنیا ئەوە بەسە بڵێین کە دەبێت حیساب بۆ کات بکەین و هەنگاوەکان لە دواوە نەمێنن. ئەگەر بەڕاستی " بەقۆناغێکی مێژوویی"دا تێدەپەڕین، پێویستە ئەو قۆناخە بەچاکی بەڕێوەبچێت. ڕای گشتی وەکو ( هەنگاوی باش دەنرێن) خۆی ئامادە کردووە. ئەگەر ئێستا ئەمانە بەدینەهاتن نابێت بڵێین تەواو دەستبەردار دەبین. بێگومان هەموو ئاماژەکان دەیسەلمێنن کە شتی باش دێتە ئاراوە، وەکو ئەوەی کە هەندێک هەنگاو دەنرێن.

پێویستە بەهۆی پەیڕەوکردنی ئیدارەیەکی ناشایستە ئەو هەلە لەدەست نەدەین.

### دەیەوێ سوود لە ئەزموونی PKK وەربگرێ

# دامەزراندنی پارتێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیێندرا

**سابیر قادری**
**ڕووداو-هەولێر**

بەپێچەوانەی لێکدابڕانە یەک لە دوای یەکەکانی پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەمجارە پارتێکی نوێ بە نێوی پارتی لیبڕاڵ دیموکراتی کوردستان لە شاری سلێمانی دامەزراندنی خۆی ڕاگەیاند.

ئەو پارتە نوێیە کە لە سەرەتای ئەو مانگەدا دامەزرا، لەکاتێکدایە کە زیاتر لە 15 حیزب و ڕێکخراوی کوردی سەر بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامی بە نایاسایی لە قەڵەم دراون.

عەلی زیرەک، کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئەوپارتە وئێستا کەسی یەکەمی پارتەکەیە لە بارەی دامەزراندنی ئەو پارتە تازەیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەهۆی ئەوەی پارتەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا وەکو پێویست نییە، بۆیە دامەزراندنی ئەو پارتەمان بە پێویست زانی".

دابڕانی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خەڵکی کوردستان و دەستبەرداربوونیان لە خەباتی چەکداری، نیشتەجێبوون لە ئۆردووگاکان و نەبوونی خوێندنەوەیەکی واقیعی بۆ ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وایکردووە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا چەند پارتێکی هاوشێوەی پارتی لبیراڵ دیموکراتی کوردستان دابمەزرێن.

عەلی زیرەک گوتی "چەندین دامەزراوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەن، بەڵام حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لەو پەیوەندییەدا خاوەنی خوێندنەوەیەکی واقعبینانە نین، لەبەرئەوە نەیانتوانیوە کەڵک لەو ڕێکخراوە مەدەنیانە وەربگرن، ئەمەش وایکردووە کە ئۆپۆزسیۆنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە پاشکۆی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد لەو بەشە لە کوردستان".

عەلی زیرەک بەشێک لە پەیڕەو و پرۆگرامی حیزبەکەیانی خستەڕوو کە سیستمی بەڕێوەبردنی حیزب لا مەرکەزییە و، بوونی سەرکردایەتیی نهێنی لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سازدانی پێوەندی ڕاستەوخۆ لەنێوان جەماوەر و ڕێبەرایەتی حیزب، کاراکردنی ڕۆڵی تاک چ لە ناو حیزب و چ لە ناو کۆمەڵگەی دواڕۆژی کوردستان، لە پەیڕەوی ئەو حیزبەدان بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی. عەلی زیرەک دەڵێ "ئەو خاڵانە لە حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیامان دەکاتەوە".

خاڵی لێکچووی ئەو پارتە لەگەڵ پارتەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە کە کەڵک لە هەموو ڕەهەندەکانی خەبات وەردەگرێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، کەسی یەکەمی ئەو پاڕتە لەو بارەیەوە گوتی "بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان، لە هیچ کام لە ڕەهەندەکانی خەبات خۆمان نابوێرین". لە هەمانکاتدا جیا کردنەوەی دەسەڵات لە کۆمەڵگای مەدەنی، پێناسە کردنەوەی سەر لەنوێی مافەکانی خەڵک و ئاشناکردنی خەڵک بەو مافانە و پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی فرەچەشن، لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەو پارتەن.

دامەزرێنەرانی ئەو پارتە کەڵکیان لە بیرۆکەی دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان وەرگرتوە بۆ دامەزراندنی پارتەکەیان، زیرەک گوتی "بە لەبەرچاو گرتنی ئەو خاڵەی کە پێکهاتەی ئەو حیزبە بە زۆری لە کەسانی نوخبە و شارەزای بواری جۆراوجۆر پێکدێ، ئامادەکاری بۆ دامەزراندنی حیزبێکی لەوچەشنە ماوەیەکی زۆری دەوێ و لە ڕەوتی کار و تیکۆشانی حیزبی ئەو مەبەستە دەپێکین".

سەبارەت بە قەبارەی لایەنگرانیان زیرەک گوتی "بە پێچەوانەی حیزبەکانی دیکە باوەڕمان بە زۆری و بۆری نییە، بەڵکو پێمانوایە مەیدانی چالاکی ئێمە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بۆیە دەبێ هێزی مەیدانی ئێمە لە نێو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بێ".



سەرۆک وەزیرانی تورکیا:

# بەم نزیکانە پرۆژەیەکی چارەسەری کێشەی کورد ڕادەگەیێنین

**ڕووداو- ئاژانسی جیهان**

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕایگەیاند کە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا خەریکی ئامادەکردنی پرۆژەیەکی کرانەوەیە بەڕووی پرسی کورد و لەگەڵ تەواوبوونیدا ڕادەگەیێنرێ.

ئەردۆغان پێش ئەوەی لەگەڵ ئەحمەد داود ئۆغلۆ وەزیری دەرەوە بەرەو سوریا بە ڕێبکەوێ، لە پرێس کۆنفرانسێکدا لەفرۆکەخانەی ئەنقەرە ڕایگەیاند کە ئەو کرانەوەیەی دەوڵەت بە ئاراستەی کێشەی کورد نەخشەی بۆ دەکێشێ، پێویستە پشت بە پرەنسیبی هاووڵاتیبوونی هاوبەش ببەستێ، ئەگەرنا دەرگا بەڕووی جیابوونەوەدا دەکاتەوە.

هەروەها گوتیشی بەرنامەی پارتی دادو گەشەپێدان چەندین بەڵێنی تێدایە لەبارەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد. گوتیشی "بەوئاراستەیە هەنگاومان ناوە، کەناڵ و ئێزگەیەکی کوردی کراونەتەوە، دەرگامان بەڕووی خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردیدا لە زانکۆکانی تورکیا کردووەتەوە، بە ملیاران پارەشمان بۆ پەرەپێدانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات تەرخان کردووە".

ئەردۆغان هەروەها ڕایگەیاند کە لەئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دا بە سەرپەرشتیی وەزارەتی ناوخۆ دەست بەئامادەکردنی پرۆژەیەکی چارەسەری کراوەو لەگەڵ تەواوبوونیدا ڕادەگەیێنرێ.

ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیاMGK لە باڵی سەربازی و مەدەنی دەوڵەتی تورکیا پێکدێت و بە بەرزترین ناوەندی دەسەڵاتی تورکیا دادەنرێ، کە لە سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران و سەرۆکی ئەرکانی سوپا و گەورە وەزیر و ئەفسەرانی هێزە چەکدارەکانی تورکیا پێکدێت.

ئەو لێدوانەی ئەردۆغان، کەتێیدا ڕاگەیاندنی ئەو پرۆژەیە ئاشکرا دەکات، هاوکاتە لەگەڵ چاوەڕوانی نێوەندە کوردی و تورکیاییەکان بۆ پرۆژەی عەبدوڵڵا ئوجەلان کە بەناوی (نەخشە ڕێگا) وە بۆ چارەسەری کێشەی کورد ئێستا خەریکی ئامادەکردنیەتی. لەلایەکی دیکەشەوە موراد قەرەیلان سەرۆکی کۆنسەی سەرۆکایەتی PKK ڕایگەیاند کە بە بۆچوونی ئەوان زەمینەی چارەسەری ئاشتیانە لە دروستبووندایە، بەڵام بۆ پێکهاتنی ئاشتی گۆڕانی عەقلیەتی دەوڵەتی تورکیا پێویستە.

# بێ چەکی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بێ جەماوەر کردووە



دوای شەڕی عێراق- ئێران خەباتی چەکداری حیزبەکانی ڕۆژهەڵات پاشەکشەی کرد

**ڕووداو -هەولێر**

جەماوەری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووی لە کەمبوونە، هەندێک لە حیزبەکان ئەوە بۆ دەستبەرداربوونیان لە خەباتی چەکداری و زۆری پارچەبوونەکانیان دەگەڕێننەوە.

شەڕی 8 ساڵەی عێراق- ئێران، گورپ تینێکی زۆری دابووە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ خەباتی چەکداری دژی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵام لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئەو شەڕە، خەباتی چەکداری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیش پاشەکشێی تێکەوت و ژیانی شاخیان بە ئۆردوگا گۆڕییەوە و زۆربەیان لە ئۆردوگاکان لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێبوون.

هەندێ کەس وا مەزەندە دەکات ئێستا جەماوەریترین پارتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پارتی ژیانی ئازادی کوردستان PJAKە، کە بە باڵی ڕۆژهەڵاتی PKK ناسراوە، چونکە ئەو حیزبە حیزبێکی چەکدارییە و لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران دەجەنگێت.

هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران-عێراق بە یەکجاری دەستبەرداری چەک بوون و هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کشایەوە، بەمەش پەیوەندی نێوان پێشمەرگە و خەڵک پچڕا، بەبێ ئەوەی بیر لە ئەلتەرناتیڤی دیکە بکەنەوە لە شوێنی خەباتی چەکداری.

ڕامبوود لوتفپوری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان (باڵی عەبدوڵڵا حەسەن زادە) لەو بارەوە دەڵێت "هێزە سیاسییەکانی کورد لە ڕابردوودا خەباتیان لە ڕەهەندی چەکدارانەدا چڕکردبووەوە و لە پاڵ ئەوەدا بایەخیان بە ڕەهەندی دیپلۆماسی دەدا، کە توانیان بە هۆی تیرۆرکرانی هەردوو سەرکردە عەبدولرەحمان قاسملوو و سادقی شەرەفکەندی کێشەی کورد بە دەرەوە بناسێنن، بەڵام بە تیرۆرکردنی ئەو دوو سەرکردەیە خەباتی چەکداری بەرەو لاوازی چوو".

ئارام مودەڕیسی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان (کۆمەڵە) گوتی "دوای کۆتایی هاتنی شەڕی نێوان ئێران و عێراق لە خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابڕاین، بەڵام ئێمە وەکو کۆمەڵە دەستمان بە جۆرێکی دیکەی خەبات کرد کە ئەویش خەباتی جەماوەری بوو". مودەڕیسی هۆکاری بە ڕەواجبوونی خەباتی چەکداری لە ناو خەڵک بۆ زوڵم و زۆردارییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەگەڕێنێتەوەو دەڵێ "دەستبردنی کورد بۆ چەک لەو گوشارەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی بە سەریدا سەپاوە".

دوای دەستبەرداربوونی پارتەکانی ڕۆژهەڵات لە خەباتی چەکداری، جەماوەریان ڕووی لە کەمی کرد، بۆیە ئێستا بە هەر شێوەیەک بێ، دەیانەوێ بگەڕێنەوە ئاستی پێشوویان، ئەویش بە بیرکردنەوە لە مێتۆدەکانی دیکەی خەبات.

سالار پاشایی ئەندامی ڕێبەرایەتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، ئاماژەی بەوەدا کە بۆ گەڕانەوە بۆ نێو جەماوەر ئەوان وەکو کۆمەڵە پەنایان بردووەتە بەر ڕێکخستنی نهێنی لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان "کۆمەڵە ئەگەر وازی لە خەباتی چەکداریش هێنابێ، ئەوا پەنای بردووەتە بەر خەباتی جەماوەری، خەباتی نهێنی، سیاسی و کۆمەڵایەتی".

لوتفپووریش ئاماژەی بەوەدا کە ئەوانیش دەیانەوێ لە ڕێگەی نوێکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی دەستەبژێرو قوتابیان و گەنجان بگەڕێنەوە نێو جەماوەر.

لەلایەنی دیبلۆماسییەوە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات خۆیان گلەیی لە خۆیان دەکەن کە لەو ڕووەوە لاوازن، وەک ئارام مودەڕیسی دەڵێت "دیپلۆماسیەتی کوردی ڕۆژهەڵات لە ئاستێکی زۆر لاواز دایە، کۆمەڵەش تا ئێستا نەبووەتە لایەنێکی بەرچاو لە خەباتی هێزە سیاسییەکانی کورد". هەروەها دەڵێت "وەگەر نەکەوتنەوەی کەیسی تیرۆری قاسملوو و شەرەفکەندی و غوڵام کشاوەرز و سدیقی کەمانگەر، هەرچەندە هەندێک بەرژەوەندی وڵاتانی جیهانی لە پشتە، بەڵام بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کاری دیبلۆماسی و ناکارامەیی هێزە سیاسییەکانی کورد".

گەشەی تەکنەلۆژیا ڕەنگە یەکێک بێ لەهۆیەکانی بەرەو لاوازی چوونی خەباتی چەکداری بەگشتی، چونکە زۆربەی حیزبەکان بەمدواییە پەنایان بردە بەر میدیا و لەو نێوەشدا چەندین کەناڵی ئاسمانی و ڕادیۆ و ماڵپەڕیان لە تۆڕی ئینتەرنێت دا دامەزراند.

ڕامبوود لوتفپووری بەگرنگییەوە باس لە بوونی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکات و دەڵێ "ڕاگەیاندن دۆخێکی لەباری بۆ خەباتی نەتەوەیی کورد ڕەخساندووە، ئەمڕۆ کورد بە تێچوویەکی کەمتر و ڕەهەندێکی بەربڵاوتر دەتوانێ لەو ڕێگەیەوە، ئامانجەکانی دەستەبەر بکات، بەڵام بەو حاڵەش نەمانتوانیوە سوود لە میدیا ببینین بۆ پرۆژەیەکی نەتەوەیی و دروستکردنی ڕای گشتی".

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێیانوایە پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە واقیعی خەبات دوور کەوتوونەتەوەو بەمەش لە جەماوەرەکەیان دابڕاون.

هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لە پەیوەندییەکی بەردەوامی توندوتۆڵ و هەمە لایەنەدان لەگەڵ کوردی ڕۆژهەڵاتدا، بەڵام کۆمەڵگەی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تووشی جۆرێک دوورە پەرێزی و خەمساردی بووە.

ئارام کە کوردێکی ڕۆژهەڵاتییە، دەڵێ پارتەکانی ڕۆژهەڵات لە گۆرەپانی واقعی خەبات دوور کەوتوونەتەوە، بۆیە ئاگاداری تەواویان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە و لە لێکدانەوەکانی خۆیان جارجار تووشی هەڵە دەبن "بۆیە دەبێ شێوازی خەبات بە جۆرێک ڕێکبخەن کە لەگەڵ ویست و ئیرادەی کوردی ڕۆژهەڵات یەکبگرێتەوە".

# کاروباری سیاسی

ڕووداو



## پێکدادان ڕوونادات

**ڕووداو-الشرق الاوسط**

عەبدولقادر عوبەیدی وەزیری بەرگری عێراق لە هەڤپەیڤینێکدا بەدووی زانی پێکدادان لەنێوان پێشمەرگەو سوپای عێراق ڕوودات " هەموو هەوڵێکمان دەخەینە گەڕ ئەو کارە بێ عەقڵانەیە نەکرێت، هێزە کوردییەکان بەشێکن لە هێزی بەرگری نیشتمانی و ڕێگەنادەین ئەو پێکدادانە ڕوودات". وەزیری بەرگری عێراق جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هەماهەنگی لە نێوان پێشمەرگەو سوپای عێراقدا هەیە.



### مارینا ئۆتەوەی، بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەسەنتەری کارنیگی ئیندۆمەنت:

# حکومەتی ئۆباما بە گومانەوە دەڕوانێتە ئامانجەکانی کورد

**تایبەت بە ڕووداو**

مارینا ئۆتەوەی پسپۆری ئەمریکی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەڵێت حکومەتەکەی ئۆباما بە گومانەوە دەڕوانێتە ئامانجەکانی کورد لە عێراق، هەروەها دەڵێت لە ڕوانگەی ئەمریکاوە کوردستان سەرچاوەیەکی نا ئارامییە.

مارینا ئۆتەوەی، بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەسەنتەری کارنیگی ئیندۆمەنت، کە تایبەتە بە توێژینەوە لە سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا. مارینا کە کار لەسەر گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باری ئاسایشی کەنداو دەکات، چەندین کتێبیشی لەو بارەوە نووسیووەو دوا کتێبیشی بەنێوی (لە پشت گەندەڵییەوە: ریفۆرمی سیاسی لە جیهانی عەرەبیدا) بوو، کە لەمانگی کانوونی دووەمی ساڵی ڕابردوو کەوتە بازاڕەوە.

پێش ئەوەی ببێتە بەڕێوەبەری ئەو سەنتەرە، مارینا لە زانکۆکانی ئەدیسئەبابا لە ئەسیوپیا، زانکۆی ئەمریکی لە قاهیرە و زانکۆی ویستۆتەرسراند لە باشووری ئەفریقا توێژەر بووە. ئۆتەوەی پسپۆرە لە بوارەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دیموکراسی، ریفۆرم لە یاساکان، ریفۆرمی سیاسی، مافەکانی مرۆڤ، ئیسلام، مەسەلەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەتایبەتی عێراق و هەتا ئێستاش چەند بابەتێکی لەسەر کورد نووسیووە.

هەرچەندە کورد ئیدارەی ئۆباما وەکو هاوپەیمانێکی حکومەتی مالیکی تەماشا دەکات و دوا سەردانی جوزێف بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا، ئەو هەستەی ئەوەندەی دیکە قووڵتر کردەوە، بەڵام مارینا ئەو بۆچوونەی ڕەتکردەوەو گوتی "مالیکی سەرۆکی وەزیرانی عێراقە وئەمریکا پێویستە یەکەمجار مامەڵە لەگەڵ حکوومەتی عێراقیدا بکات، پێموابێت ئەوە ڕاست نییە بە ئیدارەی ئۆباما بڵێی لایەنگیری مالیکییە"، گوتیشی "ئەمریکا لایەنگیری عێراقێکی یەکگرتووەو بەشێوەیەک لە شێوەکان بە گومانەوە دەڕوانێتە مەبەستەکانی کورد، گەورەترین ڕەواندنەوەی نیگەرانی

## بۆ ئایندەی کورد باشە توندڕەو نەبن

بۆ ئیدارەی ئۆباما ئەوەیە کە عێراق بە سەقامگیری بمێنێتەوە لەوکاتەی هێزەکانی لەو وڵاتە دەکشێتەوە".

بەو پێیەی کورد پێداگیری لە هەندێک بابەت دەکات لەوانەش یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە لە ڕێگەی ئەنجامدانی ریفراندۆم، داهاتی نەوت و دیاریکردنی دەسەڵاتەکان، چەندین مەسەلەی دیکەی وەک پێشمەرگە و بودجە، دوا پرسیش پرسی ریفراندۆم بوو لەسەر دەستووری هەرێمی کوردستان کە لەژێر گوشاردا دواخرا. پاش ئەوەی مالیکی ئەو داوایەی لە بایدن کرد. چارەسەرکردنی ئەو کێشانە ڕەنگە پێویستی بە سازشکردنی لایەنی کوردی و عەرەبی بێ، بەڵام هیچ کامیان ئامادەنین ئەو سازشە بکەن. ڕەنگە ئەو پرسانەش مارینای گەیاندبێتە ئەو باوەڕەی کە بڵێت "لە ڕوانگەی ئەمریکاوە، کوردستان سەرچاوەیەکی نا ئارامییە".

سەبارەت بە داهاتووی کورد لەناوچەکە، مارینا ئۆتەوەی دەڵێت "داهاتووی کورد لە ناوچەکە بەندە بەوەی کورد چۆن هەڵسوکەوت دەکەن. هەموو وڵاتانی دراوسێ کێشەی ئەوەیان هەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ کورد بکەن. ئەگەر کوردستان مۆدێلی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی پیشانبدات کە مەترسی بۆ سەر یەکگرتوویی وڵاتەکە نەبێت و بەردەوامیش بێت لە هاوکاریکردنی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی PKK و پێوەندی خۆشی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی دراوسێ پتەوتر بکات، لەو باوەڕەدام کوردستان داهاتوویەکی گەشی هەبێت، بەڵام ئەگەر کورد ڕێگەی توندڕەوی بگرنەبەر و بۆ سەربەخۆیی پاڵ بنێن یاخود هەوڵی دروستکردنی کوردستانی گەورە بدەن، ئەوا دووچاری سەرکوتکردن دەبنەوە".

### دەنگەکانی کوردستان بە کۆدەوە دەنێردرێنە بەغدا

# لە هەر بنکەیەکدا هەڵە لە 4% زیاتر بێ کۆمسیۆن چارەنووسی ئەو بنکەیە یەکلایی دەکاتەوە

**میران حوسێن**
**ڕووداو-بەغدا**

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لە شاری بەغدا باسی لە چۆنیەتی هەژمارکردنی دەنگەکان و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان کرد کە لە ماوەی 3 ڕۆژدا ئەنجامی بەرایی ڕادەگەیێنرێن، بەڵام ڕۆژی ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی دیارینەکرد.

هەر یەک لە عەلی قادر عوبێد، سەرۆکی دەستەی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان و سەعد ڕاوی، ئەندامی دەستەی کۆمسیۆن و عەبدولڕەحمان خەلیفە بەڕێوەبەری پەیوەندییە جەماوەرییەکان لە کۆمسیۆن لەو کۆنگرە ڕۆژنامەڤانییەدا باسیان لە چۆنیەتی پرۆسەی ژماردنی دەنگەکان کرد.

لە کۆنگرەکەدا کۆمسیۆن ئاماژەی بەوەدا کە پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردن پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان لەنێو بنکەکانی دەنگدان لەلایەن کارمەندانی کۆمسیۆن بە ئامادەبوونی چاودێرانی لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئەنجامدەدرێ. پاشان ئەنجامەکان لەسەر فۆرمی تایبەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەنووسرێن و دەخرێنە ناو کیسەیەک، کیسەکانیش لەنێو سندوقی تایبەت دادەنرێن و دواتر ڕەوانەی بەغدا دەکرێن.

بەپێی ڕێوشوێنی کۆمسیۆن بۆ ڕێگەگرتن لە ساختەکردن لە کاتی گواستنەوەی ئەو فۆرمانە، سەرجەم فۆرمەکان کۆدیان لەسەر دادەنرێ، هەروەها سەرجەم کۆمپیوتەرەکانی بەغدا بە هەرێمی کوردستانەوە بەستراونەتەوە و لەکاتی هەڵە بوونی هەر کۆدێک ئەو فۆرمە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت.

پاش گەیشتنی ئەو سندوقانە بۆ بارەگای نیشتیمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەشی پشکنین سندوقەکان دەژمێرێت، دواتر ڕەوانەی بەشی وەرگرتن دەکرێ، کە 40 کارمەندو سەرپەرشتیارێک لەو بەشە کار دەکەن، لەوێ سەرجەم کیسەکان بەراورد دەکرێن، هەروەها کۆدی سەر کیسەکان لەگەڵ کۆدی بنکەکانی دەنگدان بەراورد دەکرێن.

دواتر هەر 100 فۆرم بە یەکەوە دەبەسترێنەوەو ڕەوانەی بەشی داککردن دەکرێن، لەو بەشەشدا 136 کارمەند و 8 سەرپەرشتیار کار دەکەن، لەو بەشەدا بەشی داککردنی گرووپی A سەرجەم ئاکامەکانی کە لەو فۆرمانە تۆمارکراون داک دەکەن و هێمایەکی زەرد لەسەر فۆرمەکە دادەنێن، دواتر ڕەوانەی گرووپی B دەکرێن بۆ دووبارە داک کردنەوەی فۆرمەکان، سەرپەرشتیاری گرووپی B هێمایەکی سەوز لەسەر فۆرمەکان دادەنێ و پاشان هەر دوو پرۆسەکە بەراورد دەکرێن لەگەڵ فۆرمی ڕەسەن.

دوای تێپەڕبوون بە فلتەری گرووپی A و B و بەراوردکردنیان بە فۆرمی ڕەسەن، لە هەر سەد فۆرمێک دوو نمونە کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دەستنیشان دەکرێن و بەراورد دەکرێن لەگەڵ فۆرمی ڕەسەن بەمەبەستی زیاتر دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی پرۆسەکە.

قۆناخێکی دیکەی پرۆسەکە بریتییە لە سکانکردنی سەرجەم فۆرمەکان بۆ ناو کۆمپیوتەر، کە 20 کارمەند لەو بەشەدا کاردەکەن و دوای سکانکردن هێمایەکی سوور لەسەر فۆرمەکان دادەنرێ و ڕەوانەی بەشی ئەرشیف دەکرێن کە ژمارەی کارمەندەکانی 4 کارمەند و یەک سەرپەرشتیار، لەوێ وردبینی لە هەر سێ هێمایەکە (زەرد، سەوز و سوور) دەکرێ و فۆرمەکان ئەرشیف دەکرێن.

بەشی وردبینیش کە 10 کارمەند و سەرپەرشتیارێکی هەیە ژمارەی کۆی دەنگەکان لەگەڵ ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لە بنکەکاندا بەراورد دەکات، جگە لە دڵنیابوونی لە ژمارەی دەنگەکانی هەر لایەنێکی سیاسی و چارەسەرکردنی هەر کێشەیەک لەکاتی ڕوودانی.

جگە لەو بەشانە چەند بەشێکی دیکە هەیە وەکو سێرڤەر کە کۆنترۆڵی کارەکان دەکات، سەرجەم کۆمپیوتەرەکانی پاسووردی لەسەر دانراوە کە تەنها ئەو کارمەندە دەتوانێت کاری لەسەر بکات.

لە دوا قۆناخیشدا ئاکامی سەرجەم بنکەکان لە ڕێگەی چەند تەلەڤزیۆنێکەوە کە لە یەکێک لە هۆڵەکانی بارەگای سەرەکی کۆمسیۆن دانراون ئاشکرا دەکرێن بۆ نوێنەری لایەنە سیاسییەکان و ڕۆژنامەنووسان بەشێوەیەکی بەردەوام. سەرجەم قۆناخەکانیش لە ماوەی 3 ڕۆژدا ئەنجامدەدرێن، کە 480 کارمەند بە دوو شەفت کار دەکەن، دواتر ئاکامە بەراییەکان ئاشکرا دەکرێن. هەروەها سکاڵای سەرجەم لایەنە سیاسییەکان وەردەگیرێت، ئەگەر لە هەر بنکەیەکدا ڕێژەی هەڵە لە 4% زیاتر بێ، یان سکاڵا لەسەر ئەو بنکەیە زۆر بێ، ئەوا کۆمسیۆن بڕیار لە بارەی چارەنووسی ئەو بنکەیە دەدات. دوای وەرگرتنی سەرجەم سکاڵای لایەنە سیاسییەکان و بەدواداچوون لەو سکاڵایانە ئاکامی کۆتایی ئاشکرا دەکرێت، بەڵام ڕۆژی ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی تائێستا دیارینەکراوە.



لێکجیاکردنەوەی دەنگەکان لە بنکەیەکی هەولێر (فۆتۆ:AFP)

### پیتەر فیڤەر بەڕێوەبەری پەیمانگای ترایانگڵ:

# سەرکردەکانی کورد پێویستە خۆیان لە شەڕکردن لەگەڵ بەغدا بەدوور بگرن



پیتەر فیڤەر، پرۆفیسۆر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە (زانکۆی دوک)ی ئەمریکی و بەڕێوەبەری پەیمانگەی ترایانگڵ بۆ توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ئاسایش و شارەزا لە کاروباری سیاسی عێراق و هەرێمی کوردستان، نووسەری ماڵپەڕی سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا foreign policy.comیە. (ڕووداو) دەربارەی کێشەکانی ئەم دواییەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ سازکرد.

هەڤپەیڤین: هاوار عەبدولڕەزاق

## ئۆباما کورد و عێراقی پشتگوێ نەخستووە

**ڕووداو: پێتوایە ناکۆکی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی مالیکی لە کۆتاییدا شەڕی لێ بکەوێتەوە؟**

**پیتەر فیڤەر:** ئاڵۆزی نێوان دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق مەترسییەکی جیدی هەیە بۆ سەر ئاشتی و سەقامگیری هەموو عێراق . هیچ لایەنێکیان شەڕی ناوخۆیان ناوێت، بەڵام دەبێ کورد زیاتر لە هەموو لایەکی دیکە ڕێگری لە دروستبوونی ناکۆکی سەربازی بکەن. شەڕێکی ناوخۆ کە کوردی تێوەبگلێت، کارێکی کارەساتاویی دەبێت بۆ خەڵکی کوردو هەموو ئەو دەستکەوتانە دەخاتە مەترسی لەناوچوون کە لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا بەدەستیان هێناوە. پێموابێت سەرکردەکانی کورد پێویستە ئەوە بزانن و خۆیان لە شەر بەدوور بگرن.

**ڕووداو: سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان پێیانوایە بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما پشتگوێی خستوون، ئایا ئەو بۆچوونەت بەلاوە ڕاستە؟**

**پیتەر فیڤەر:** سەرۆک ئۆباما نە کورد و نە عێراقی پشتگوێ نەخستووە، بەڵام ئەو سەرقاڵی ئەجێندایەکی سیاسی ناوخۆی ئەمریکایە کە لەماوەی 50 ساڵی ڕابردوودا بەو شێوەیە گرنگی پێنەدراوە، ئەوەش لەکاتێکدایە کە ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەش بەهەمان شێوە قەرەباڵغە و پێویستی بە یارمەتیدانە، هەر لەبەر ئەمەشە کە بەڕێوەبەرایێتی ئۆباما خۆی بە هەموو پرسەکانەوە سەرقاڵکردووە، ئەمەش وایکردووە هیچ مەسەلەیەک مافی خۆی نەدرێتێ. ئەگەر سەرۆک ئۆباما، دەیەوێت ئەو پێشبینییە پۆزەتیڤانە درێژە بکێشن کە زیادکردنی ژمارەی سەربازەکان دروستیکرد، پێویستە زیاتر کاتی خۆی بۆ پرسەکانی عێراق تەرخان بکات.

**ڕووداو: جێگری سەرۆکی ئەمریکا جۆزێف بایدن، پێش ئەوەی ئەو پۆستە وەربگرێت، هاوڕێیەکی نزیکی کورد بوو، هۆی چییە ئەویش بیروبۆچوونی خۆی بەرامبەر کورد گۆڕیوە؟**

**پیتەر فیڤەر:** کاتێک سیناتۆر بوو، بایدن زۆر ئازادتر بوو لەوەی بیروبۆچوونی خۆی لەسەر مەسەلەیەک بڵێت بەبێ گوێدانە دەرهاوێشتەکانی، ئێستا ئەو زیاتر بەرپرسیارانە قسە دەکات و ئەمەش بەو مانایە دێت کە ناوبراو زۆر بەرپرسیارانەتر لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پێشووتر هەڵسوکەوت دەکات. ئەمەش بیروبۆچوونە بەهێزەکەشی دەگرێتەوە بەرامبەر بە پارێزگاریکردن لە عێراقێکی فیدراڵی بەهێز، بەڵام یەکگرتوو.

**ڕووداو: کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان پێیانوایە مالیکی هەروەکو ڕژێمی پێشوو هەڵسوکەوت دەکات و دەیەوێت هێزی کورد لاواز بکات،ئەوە چۆن لێکدەدەیەوە؟**

**پیتەر فیڤەر:** مالیکی زۆر جیاوازە لەگەڵ سەدام حوسێن. هەروەکو هەموو سەرکردەیەکی عێراقی یاخود وەکو هەر سەرکردەیەک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهاندا، ئەو دەیەوێت عێراق بەیەکەوە بمێنێتەوە و لێک جیانەبێتەوە، بەڵام مالیکی بۆ بەدەستهێنانی ئەمە پەنا بۆ شێوازی سەدام حوسێن نابات.

**ڕووداو: چۆن دەڕوانییە داهاتووی کورد لە ناوچەکەدا؟**

**پیتەر فیڤەر:** باشترین داهاتوو بۆ خەڵکی کورد ئەوەیە لەگەڵ عێراقێکی بەهێز و سەقامگیردا بمێننەوە و هەر لەنێو ئەو ناوەڕۆکەشدا ئۆتۆنۆمییەکی دیاریکراویان هەبێت کە ڕێگەیان پێ بدات بەرگری لە داوونەریتی خۆیان بکەن و باری ئابووریان لە بارودۆخێکی ئاشتیانەدا بەرز بکەنەوە.

**ڕووداو: کورد هەمیشە هاوپەیمانێکی بەهێزی ئەمریکا بووە، بۆچی هەموو جارێک ئەمریکا ڕێگایەک دەدۆزێتەوە بۆ فرۆشتنی کورد؟**

**پیتەر فیڤەر:** ئەمریکا بڕێکی یەکجار زۆری خوێن و سامانی بەخشیووە لەپێناو یارمەتیدانی عێراقییەکان بۆ ڕزگاربوونیان لەدەست دڕندایەتی سەدام حوسێن. کوردەکانیش لەو ڕووەوە قازانجێکی زۆریان لە هەوڵەکانی ئەمریکا کردووە، بەڵام ئەمریکا لەگەڵ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆدا نییە. ئەگەر کوردەکانیش ناوچەکەیان کردە گۆڕپانی شەڕوپێکدادان لەپێناو بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستان، ئەوا هەموو ئەو دەستکەوتانە لەدەستدەدەن کە لە ماوەی 20 ساڵی ڕابردوودا بەدەستهاتوون و هیچ پاڵپشتییەکیش لەنێو ئەمریکییەکاندا بۆ ئەو کارانە نابێت.

## عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی:

# دەسەڵاتمان هەبێت ئەو جلوبەرگانەی ئافرەتان قەدەخە دەکەین کە مێیەتییان دەردەخات

**عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کە لە مانگی تەمموزی 2003 لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاوە بە تۆمەتی پەیوەندی هەبوون لەگەڵ رێکخراوە تیرۆریستییەکان دەستگیرکرا و خرایە بەندیخانەوە. لەو هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) نکۆڵی لەوە دەکات هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئەنسارولئیسلام هەبێت و رەخنەش لە مەلا کرێکار دەگرێت و دەڵێ ئەو لە کوردستان ناژیت، بەڵام قسەی گەورە دەکات. هەندێ لە ئەندامە پارێزگارەکانی کۆمەڵی ئیسلامی رەخنەیان لە پارتەکەیان گرت کە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا هاوپەیمانێتیان لەگەڵ خەڵکی بێ باوەڕ کردووە مەبەستیان حیزبی سۆسیالیست و قەوارەی ئایندەی قادر عەزیزبوو، بەڵام عەلی باپیر دەڵێ هیچ کێشەیەک لەو هاوپەیمانەتییەدا نییە "تەنانەت ئەگەر موسڵمانیش نەبن ئێمە ئەوە بە رێگر نازانین چونکە ئامانجی هاوبەشمان هەیە". بەڵام عەلی باپیر هاوبۆچوون نییە لەگەڵ ئەمینداری گشتی یەککرتوو سەلاحەددین بەهائەددین کە لە دیدارێکی پێشووتری (رووداو)دا گوتبووی ئاسایییە بارو مەیخانە لە کوردستان هەبن.**

ولادیمێرفان ویلخنبێرخ
رووداو- هەولێر



## ئێمە وەک مەلا کرێکار نین لە نەرویج دابنیشین و حەز لە بن لادن بکەین

**ولادیمێر: لیستی گۆڕان سەردانی ئێوەیان کردووە، دەتوانن پێکەوە هاوپەیمانێتی پێکبێنن؟**

**عەلی باپیر:** لە سلێمانی شاندێکی ئەوان سەردانی ئێمەیان کردبوو، وەکو لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی پێکەوە دانیشتین، دەربارەی ئەوە قسەکرابوو لەیەکترتێگەیشتنێک هەبێت بۆ هاوکاریکردن بەتایبەتی لەسەر سندوقەکان. بۆ داهاتووش، سەیری ئایندە دەکەین، بزانین واباشە بەتەنیا حکومەت پێکبێنین ئەگەر توانیمان، یان لەگەڵ پارتی و یەکێتی بین یان لەگەڵ گۆڕان دا، ئەوکاتە بەرژەوەندی خەڵک چۆنی خواست وادەکەین، ئەگینا لە ئێستاوە بڕیارێکی موتلەقمان نییە.

**ولادیمێر: ماوەیەکە لە هەولێرم، قوتابییەک دەیگوت 50%ی خەڵک دەنگ بە لیستی ئێوە دەدا، رات چییە لەوبارەوە؟**

**عەلی باپیر:** پێموایە ئەوە زێدەڕۆیی تێدایە، ئێمە خۆمان بەخاوەن بنکەیەکی جەماوەری فراوان دەزانین، بەڵام پێشموایە ئەوە ئەندازەیەک لە عاتیفەی تێدایە.

**ولادیمێر: لە دهۆک ئافرەتێکی لایەنگری ئێوە دەیگوت دەنگم بەوان دەدا، بەڵام لەبەر ئەوەی هاوپەیمانییان لەگەڵ حیزبی نائیسلامی پێکهێناوە دەنگیان بۆ نادەم، ئایا ئەوانە زۆربوون؟**

**عەلی باپیر:** ئەو خەڵکانەی بیرکردنەوەیان وایە ژمارەیان زۆر کەمە، چونکە خەڵکی ئێمە هۆشیارە و وەکو ئەو دوو لایەنە ئیسلامییە باش بەرچاوی خەڵکمان رۆشنکردووەتەوە، هیچ بەربەستێکی شەرعی نییە لەبەردەم لایەنی ئیسلامیدا بۆ ئامانجی هاوبەش لەگەڵ لایەنێکی دیکەی غەیرە ئیسلامیدا کار بکات، لەحاڵێکدا ئەو دوو لایەنەش نکوڵی لە موسڵمانێتی خۆیان ناکەن و خۆیان بەبێ دین پیشان نادەن و دەڵێن ئێمەش هەر موسڵمانین، بەڵام ئەگەر بشڵێن نا موسڵمانین لەڕووی شەرعییەوە هیچ گرفتێک نییە کە بۆ ئامانجی هاوبەش کاربکرێ. ئەوە زیاتر پڕوپاگەندەی دوو حیزبەکەیە و لەلایەن بزووتنەوەی ئیسلامیشەوە کە حیزبێکی بچووکن و خەڵکی وایان نییە کە ئومێدیان هەبێت کورسی بێنن دەیانەوێت بەو پڕوپاگەندانە خەڵکێک بۆلای خۆیان رابکێشن، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش ئەوە بەدیار دەخات.

**ولادیمێر: گوتتان ئامانجێکی هاوبەش لەگەڵ حیزبەکانی دیکە کۆمان دەکاتەوە، بەڵام تۆ جەختتکردەوە کە بۆ رێزلێنان لە سروودی نیشتیمانی هەڵناستیەوە، بەڵام هاوپەیمانەکانتان هیچ گرفتێکیان نییەو بۆ رێزگرتن لەو سروودە هەڵدەستنەوە؟**

**عەلی باپیر:** ئێمە رێز لەسروودی نیشتیمانی خۆمان دەگرین، بەڵام ئەو سروودە سروودێکی نیشتیمانی نییە، سروودێکی قەومییە. پاشان ئەو سرودە قەومییە تەعبیر لەواقیعی قەومی کورد ناکات، چونکە شتی تێدایە پێچەوانەی دین و عەقیدەی میللەتە، سروودی نیشتیمانی ئەوەیە باسی هەموو پێکهاتەکانی نیشتیمان بکات بە کورد و تورکمان و ئاشووری و عەرەب و ئێزدییەوە، ئەم سروودە تەنیا دەڵێت قەومی کورد واتە باسی تورکمان و عەرەب و ئێزدی و کاکەیی و کەس نەکات. دەبێ سروودێکی نیشتیمانی هەبێت و هەموو پێکهاتەکانی ئەم نیشتیمانە لەسەری رێکبکەون و پاشان دەبێ باس لە واقیعی ئەم خەڵکەی سەر ئەم نیشتیمانە بکات و نابێ پێچەوانەی عەقیدەو پیرۆزییەکانی ئەو خەڵکە بێت، لەو سروودەدا دەڵێ دینمان ئاینمان هەر نیشتیمان، دینی ئێمە ئیسلامەو لە پرۆژەی دەستووریشدا هاتووە دینی ئیسلام دینی ئەم خەڵک و وڵاتەیە، کەواتە ئەو سروودە خاڵی پێچەوانەی دەستووری تێدایە. پاشان هەڵنەستانەوەی ئێمە بۆ سروودی نیشتمانی، ئەگەر سروودێکی نیشتیمانی رێکوپێکیش هەبێت مانای وانییە رێزمان لێنەگرتبێت، رێزی لێدەگرین، بەڵام نەک بەلاساییکردنەوەی رۆژئاوا، ئێمە بەشێوازی خۆمان رێزی لێدەگرین. ئێمە دەڵێین ئامانجی هاوبەش مانای ئەوە نییە ئێمە وەکو کۆمەڵی ئیسلامی دەستبەرداری هەموو تایبەتمەندییەکانی خۆمان ببین بۆ رێککەوتنی چوار قۆڵی، هەروەک چۆن لەسەر ئەو دوو لایەنە عەلمانییەشمان فەرز نەکردووە کە دەستبەرداری تایبەتمەندییەکانی خۆیان بن، ئێمە بۆ ئامانجی هاوبەش کاردەکەین کە چارەسەرکردنی ئەم واقیعەیە کە پڕکراوە لەگەندەڵی و ناعەدالەتی، لەناو حیزبێکیشدا هەموو ئەندامانی ئەو حیزبە ناگونجێت لەسەر هەموو وردەکارییەکان وەک یەک بیر بکەنەوە.

**ولادیمێر: سەلاحەددین بەهائەدین ئەمینداری یەککرتوو دەڵێ مۆدێلی پارتی داد و گەشەپێدان باشە لە تورکیا کە هیچ گرفتێکی نییە لەگەڵ بوونی یانە و دیسکۆ و هەمان شتیش دروستە بۆ کوردستان، بۆچوونی تۆ چییە؟**

**عەلی باپیر:** ئێمە وەکو کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێین هەرشتێک خودا قەدەخەی کردبێ ئەوە سنووری خوایە، شەراب خوا قەدەخەی کردووە، بۆیەش قەدەخەکراوە دیارە زیانی هەیە بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگە و دواڕۆژ و رۆح و عەقڵ و جەستە. ئەو شتانەی خوا قەدەخەی کردوون، ئەگەر دەسەڵاتمان هەبێت ناهێڵین هەبن و بکرێن، وەکو شەراب خۆری. کابرای مەسیحی لەدینی خۆی بۆی حەڵاڵە با بیخواتەوە لە بازاڕ و شوێنی خۆی، بەڵام بۆی نییە بیهێنێتە بازاڕی موسڵمانان، هەرشتێکی دیکەی لەو بابەتە کەخوا قەدەخەی کردووە نابێت بکرێ. باوەڕمان بە ئازادی تاک هەیە و هەر لە ئازادی تاکیشەوەیە کە نابێت شتێک لە بازاڕی موسڵمانان بفرۆشرێت کە لە ئاینی ئەواندا حەرام و قەدەخەیە. مەسیحی گۆشتی بەراز دەخوات، دەتوانێت لەشوێنی خۆی بیخوات، بەڵام نەیهێنێتە بازاڕی موسڵمانانەوە، پێمانوایە لەوکاتەدا زیاتر مافی مرۆڤ دێتەدی نەک لەبەر کەمینەیەکی مەسیحی زوڵم لە زۆرینەیەکی موسڵمان بکەی. چۆن ئیسلام قبوڵ ناکات دین و قییەمی موسڵمان بەسەر مەسیحی و ئێزدیدا بسەپێنرێت، قبوڵ ناکات هی ئەوانیش بسەپێنرێت، ئەگەر زۆرینە تەجاوزی سنووری کەمینە نەکات نابێت کەمینەش تەجاوزی سنووری زۆرینە بکات. ئەگەر لە هەرێمی کوردستاندا زۆرینەی خەڵک گوتیان دەبێت ئیش بەشەریعەت بکرێ ئەوکاتە دەڵێین کاکە خەڵک بۆ خۆی داوا دەکات کار بەشەریعەت بکرێ، مانای وایە ئەو شەریعەتە سنوورەکانی دیاریکردووەو خەڵک پێیەوە پابەندە، لەحاڵێکدا خەڵک رازی نەبێت بەوە ناتوانیت لەسەر خەڵکی فەرز بکەی.

**ولادیمێر: ئەگەر هەندێک موسڵمان هەبن و بیرۆکەی جیاوازیان هەبێ یان بخواتەوەو بچێتە دیسکۆ، بەلای ئێوەوە شتێکی ئاساییە؟**

**عەلی باپیر:** بەلای ئێمەوە شتێکی ئاساییە ئەگەر لەماڵی خۆی بخواتەوە، هێندە بخواتەوە تاوەکو لەسەری دەڕژێت، وەکو چۆن نابێت ئەو زۆرینەیە رێگە لەوە بگرێت ممارەسەی حورییاتی شەخسی خۆی بکات، ئەویش نابێت شعوری موسڵمانان بریندار بکات و بێت لە بازاڕدا خەڵک بێزار بکات، ئەوەی لە کوردستان هەیە لەوڵاتانی ئەورووپاش نییە، لەوێ لە تەمەنی 18 ساڵ کەمتر شەرابی پێ نافرۆشرێ و بۆی نییە لەشوێنی گشتی بخواتەوە، بەڵام لێرە وەکو بیپسی دەخورێتەوەو ئەوەی لێرە هەیە لەهیچ شوێنێکی دونیادا نییە.

## ئێمە دەبێ خێزان لە ئەورووپاش چاکبکەینەوە

**ولادیمێر: ئەمینداری یەککرتوو دەڵێ شێوەی دەسەڵاتداری پارتی داد وگەشەپێدان نمونەی باشە، ئایا بەلای ئێوەوە لەوڵاتانی دراوسێدا کام شێوەی دەسەڵات باشە؟**

**عەلی باپیر:** ئێمە پێمانوایە هەڵەیە لە هەرێمی کوردستانەوە تەقلیدی هیچ کەس بکەینەوە، چونکە تایبەتمەندی خۆی هەیە. کولتور و مێژووی خۆی هەیەو نابێت کۆپیکراوی هیچ شوێنێک بین و ئێمە ئەو شێوە حوکمڕانییەی پارتی داد و گەشەپێدان بەشتێکی نمونەیی نازانین، چونکە 20 بۆ 30 ملیۆن کورد لەوێ هەن مافەکانیان لێ زەوتکراوە، ئایا ئەوە حوکمڕانییەکی دادپەروەرانەیە کوردێک و تورکێک لەیەکتر جیابن؟ ئەوان بانگەشەی دیموکراتی دەکەن، ئەوەش پێچەوانەی دیموکراتییە، پێچەوانەی ئیسلامەتیشە، پێچەوانەی عەقڵ و مەنتیقە.

## ئەی رەقیب سروودێکی قەومییە و باسی عەرەب و تورکمان و ئێزدی و کاکەیی ناکات

ئەوەش گرفتێکی زۆری بۆ نەتەوەی کورد و تورک دروستکردووە، ئەوان دەیانەوێت بیگۆڕن، بەڵام ئەوەی ئێستا هەیە پێمانوانییە شتێکی زۆر نمونەیی بێت. دەتوانین بڵێین بەبەراورد بە حیزبە عیلمانییەکانی پێشووتر، فەرقی کردووەو بەرەو دادی کۆمەڵایەتی و چارەسەری کێشەی کورد هەنگاوی ناوە و دەستی سەربازیان کورت کردووەتەوەو کرانەوەیان هەیە بەرەو ئەورووپا و وڵاتانی دراوسێ و هەڵوێستیان بەرامبەر سیاسەتی ئەمریکا باشە، جاران تەسلیم ببوون، ئێستا خۆیان توند کردووەتەوەو نەیانهێشت سوپای ئەمریکا بەخاکی ئەواندابێت عێراق داگیربکات. جیاوازی هەیە لەگەڵ دەسەڵاتداری حیزبەکانی دیکە بەڵام دەسەڵاتێکی نمونەیی نییە.

## AKP حوکمڕانییەکی نموونەیی نییە و زەوتکردنی مافی 20 ملیۆن کورد پێچەوانەی ئیسلامەتییە

**ولادیمێر: ئێوە خۆتان رەخنەتان لە دوو پارتی دەسەڵاتداری کوردستان گرتووە سەبارەت بەگەندەڵی و واستەکاری و خراپی بەڕێوەبردن، خۆشتان ئەزموونتان هەبووە لەبەڕێوەبردن لە ناوچەی هەورامان و هەڵەبجە، بەڵام کاتێک لەوێ دەسەڵاتداربوون خەڵکتان ناچارکردووە سەرپۆش لەسەر بکەن و دژی خواردنەوەبوون، ئایا ئەگەر دەسەڵات بگرنە دەست هەمان ئەم شێوە دەسەڵاتە پەیڕەو دەکەن یان شتێکی جیاواز دەبێت؟**

**عەلی باپیر:** راست نییە لە هەڵەبجەو شارەزوور دەسەڵاتی ئیداریمان بەدەست نەبووە، قایمقام و بەڕێوەبەری ناحییەو بەڕێوەبەری پۆلیس و بەڕێوەبەری ئاسایش یەکێتی دایناوە، دەسەڵاتی ئێمە لەکوێ بوو؟ هەموویشی سەر بە پارێزگای سلێمانی بوو. راستە ئێمە وەکو دەسەڵاتی سەربازی دەسەڵاتمان هەبووەو لەراستیشدا رێگامان لەوشتانە گرتووە کە بەقەدەخەمان زانیوە، لەبەرئەوە بەپێی دیموکراسیش بێت یانی حوکمی گەل، گەلی ئەوێ ناڕازی بوون شەراب بخورێتەوە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە لەپاش ئەوەی ئێمە لەوێ نەماین خەڵکی هەورامان و زەڵم شکاتیان لای دەسەڵاتداران کرد کەخەڵک نەچێت لەوێ سەیران بکات و شەراب بخواتەوە. حیساباتی ئێمە لەگەڵ جوندولئیسلام و ئەنسارولئیسلام جیاوازە، پارتی و یەکێتی بەمەبەستەوە تێکەڵی دەکەن، ئەگینا ئەوان لەبیارە دەسەڵاتیان هەبوو، ئافرەتیان پابەند دەکرد نەک ئەوەی تەنیا ئافرەت سەرپۆش بکات بەڵکو پیاوانیش ریش بهێڵنەوە و بچن نوێژ بەجەماعەت بکەن و ئێمە ئەوانە هیچی بەشەرعی نازانین. بارە سابوون هاتووە وێنەی ئافرەتی سەر رووتی پێوەبووە، کابرایان ناچار کردووە وێنەی هەموو سابوونەکان بدڕێنێت، کابرا گوتوویەتی کاکە بە دوو ساڵ لەوە نابمەوە یەک لۆری سابوونە و وێنەکانی لێبکەمەوەو دوایی خەڵکیش نایکڕێت. ئەوە پێچەوانەی عەقڵە دەبێ کارگەیەک دابنێی وێنەی ئافرەتی سەر رووتی لێنەدەی، کە تۆ کارگەت نییە پێویستت بەسابوونە. ئەوانە هەموو هەڵسوکەوتی جوندولئیسلامن و هیچ پەیوەندییان بەئێمەوە نەبووە. ئەوە تێکەڵکردنی وەرەقەیە بەمەبەستی چەواشەکردنی خەڵک، ئەگینا ئێمە پێمانوایە ئەوانە پێچەوانەی عەقڵ و مەنتیقن. ئافرەت بۆخۆی سەری داپۆشێت ئازادە، دانەنانی سەرپۆش ئازادی تاکە، ئەگەر دەسەڵاتمان هەبێت لەوانەیە هەندێک سنوور دابنێین کە ئافرەتان هەندێک بەرگ لەبەر نەکەن مێینایەتیان بەرجەستە بکات، بەڵام بڵێین بەرگی تایبەت بەسەر خەڵکدا فەرزبکەین شتی وا نابێت، چونکە ئەوە دەچێتە ناو ئازادی تاکەکەسەوە. پارتی و یەکێتی زۆر ویستوویانە ئەوراقی ئێمە لەگەڵ جوندولئیسلام و ئەنسارولئیسلامدا بۆ چەواشەکردنی خەڵک تێکەڵ بکەن. ئێمە جیاین، ئەوان قەبری شێخەکانی نەقشبەندیان دەرهێنا، ئێمە ئەوکات رەخنەمان گرت و وتمان ئەو کارە دروست نییە، دەیانگوت خەڵک دەچێت لەو خەڵکانە دەپاڕێتەوەو تووشی شیرک دەبن، چۆن دەبێ زیندوو هەڵە بکا بچی تۆڵە لە مردووەکە بکەیەوە، ئەوشتانە هەمووی هەڵەبوون و ئەوان دەیانکردو ئێمە نەماندەکرد.

**ولادیمێر: کەواتە ئێوە وەک مەلا کرێکار نین و ئەو بۆچوونەتان نییەو حەز لە ئوسامە بن لادن ناکەن؟**

**عەلی باپیر:** نەخێر ئێمە وەک مەلا کرێکار نین حەز لە ئوسامە بکەین و لەنەرویج دابنیشین. ئەگەر حەز لە ئوسامە بکەین لەو شاخانە دەبووین، ئێمە ئەگەر قسە بکەین بەکردەوە دەیکەین، بۆچوونی قاعیدە کە دەبێ ئیسلام بە زۆر فەرزبکرێت یان دەوڵەتی ئیسلامی بە زۆری چەک دروستبکرێ، بە هەڵەی دەزانین و پێچەوانەی پەیڕەوی پێغەمبەرانە، پێغەمبەری ئێمە دەوڵەتی ئیسلامی لە مەدینە دامەزراند و چووە ئەندەلوس بەزۆر نەبوو، بەڵکو خەڵک خۆی بەیعەتی پێداو بە سەرۆکی خۆیان قبوڵیان کرد، ئێمە قەناعەتمان بەوە هەیە کە دەبێ لە ماوەی قەناعەت پێهێنانی خەڵک کاربکرێ، پێمانوایە کوشتنی خەڵکی بێ تاوان و بێدیفاع کە شەڕت لەگەڵ ناکات شتێکی ناڕەوایە و لەقورئاندا خوا دەفەرموێ ئەوانەی تەعداتان لێدەکەن تەعدایان لێ قبوڵ مەکەن، بەڵام ناڵێت خەڵکێک لە ماڵی خۆی دابنیشێ یان لەشەڕ نەبێت بە زۆر برۆنە سەریان، بۆ نمونە ئەو فرۆکانەی بەو دوو بورجەیاندا کێشا شوێنێک دەتەقێننەوە خەڵکێکی بێتاوانی بەردەکەوێت، بەبۆچوونی ئێمە ئەوانە هیچی لەشەرعدا جێگایان نابێتەوە، ئەو ستراتیژەمان پێ هەڵەیە.

**ولادیمێر: ئەگەر دەسەڵات بگرنە دەست پیاوو ئافرەت لەناوەندەکانی خوێندن لەیەکتر جیادەکەنەوە؟**

**عەلی باپیر:** لێک جیاکردنەوەی قوتابیانی کوڕ و کچ لە هەندێک لەوڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکاش هەیە، دەمانەوێ کچ و کوڕ خەریکی خوێندن بن نەک خەریکی جوڵاندنی غەریزەی یەکتر و، زانکۆ نەکرێتە پێشەنگای خۆنمایشکردن و ئافرەتان خەریکی خۆ جوانکردن بن، ئاستی خوێندن لەئەنجامی ئەوەدا دابەزیوەو کێشەی گەورە پەیدابووەو لە ئەورووپاش بەدەست ئەوەوە گرفتارن. ئافرەت

## قوتابیانی کوڕ و کچ لێک جیادەکەینەوە

پێش ئەوەی شوبکات منداڵی دەبێت، ئەوە چ رەوشتێکە کچ لەماڵی باوکی منداڵی هەبێ، ئێستا دەبێ لە روانگەی خێزانەوە هەوڵبدەین رەوشی ئەورووپاش چاک بکەین، نەک هی خۆشمان والێبکەین. لە هەندێک وڵاتی ئەورووپا ژمارەی منداڵانی بێ باوک لەوانە زیاترە کە باوکیان هەیە، ئەمەش مەترسیدارە و حاڵەتی نەخۆشی دەروونی لە دڵی خەڵکدا دروست دەکات. پاسەوانێکی ئەمریکیمان هەبوو لە زیندان هەموو رۆژێک بیانووی بەزیندانییەکان دەگرت، رۆژێک بەیەکێکم گوت لێی بپرسە بۆ وادەکات، دەیگوت خەفەت دەخۆم نازانم باوکم کێیە، وتم بابە چی بکەین ئەمریکا وای لێکردووی بۆ ئێمە باجەکەی بدەین.

**ولادیمێر: ئێوە رازین لەگەڵ خێزانتان لە شوێنە گشتییەکاندا دەربکەون؟**

**عەلی باپیر:** ئێمە نەک هەر رازین بەڵکو دەریش کەوتووە وێنەی خۆم و خێزانم لە گۆڤارەکان بڵاوبووەتەوە ئەوەی ئێمە دەیڵێین دەشیکەین، کە دەڵێین ئافرەت نیوەی کۆمەڵە ئافرەت دەبێ بواری پێبدرێ لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا کاربکا، بەڵام بە ئادابی ئیسلامییەوە، بەڵام خەڵک باسی دیموکراسی دەکات و راستیش ناکات لەگەڵی، دەڵێ ئافرەت و پیاو جیاوازییان نییە ئافرەتەکەشی شاردووەتەوە مەبەستم کەسێکی دیاریکراو نییە، ئیسلامیش هەیە هەندێک شت دەڵێ کاری پێناکات، خوا دەفەرموێ شتێک مەڵێن کاری پێنەکەن، لەراستیدا ئێمە بەکردەوەش واین، شتێک کەبیڵێین کاری پێدەکەین.

**ولادیمێر: هەندێک خەڵک پێیوایە لە ئیسلامدا رەچاوی هەندێک لە مافەکانی ئافرەت نەکراوە، ئایا بۆچوونی تۆ لەسەر مافە شارستانییەکانی ژن چییە لە زەواج و مافەکانی دیکە، ئایا دەبێ هەمان مافی یەکسانیان پێبدرێ لەگەڵ پیاو؟**

**عەلی باپیر:** خوا دەفەرموێ ئافرەتان هەمان مافیان هەیە کە پیاوان هەیانە، خوای پەروەردگار هەمیشە نێر و مێ پێکەوە باس دەکات، بەڵام ئیسلام دەڵێت ئافرەت مێیەو دەبێت مێیایەتی لەئەرک و کارەکانیدا رەچاو بکرێت و پیاو نێرەو دەبێت نێرایەتی لەئەرک و کارەکانی دیارییبکرێت، ئیسلام هەندێک ئەرکی بەئافرەت داوە لەگەڵ سروشتی دەگونجێت و بەئافرەت نەبێت ناکرێت، ئایا جگە لەئافرەت کەس دەتوانێت دایک بێت، پیاو دەتوانێت ببێتە دایک و منداڵی ببێت و شیری پێبدات، هەندێک ئەرکی سروشتی هەیە تایبەتە بەپیاو، پیاو دەبێ کەسابەت بکات، ئایا کرێکاری و جوتیاری بەئافرەت دەکرێ. کۆمەڵێک ئەرکی هاوبەشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هەیە پێکەوە ئەوانە هاوبەشن. ئافرەت بۆی هەیە ببێتە پەرلەمانتار و وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی و پزیشک و ئەندازیار، ئەو ئەرکانەی روو لە مرۆڤ دەکەن بەبێ ئەوەی دیاری بکرێت رەگەزەکەی نێرە یان مێیە، ئافرەت دەتوانێ بیکات، بەڵام ئەو ئەرکانەی تایبەتە بە ئافرەت ناکرێ بەپیاوی بدەی و بەپیاو بڵێی وەرە شیر بدە منداڵ.



## هۆزان دەروێش دوو کلیپ دەکات

ڕووداو . هەولێر
گۆرانیبێـژ هـۆزان دەروێش، ئامادەکاری بۆ وێنەگرتنی دوو کلیپ بۆ گۆرانیەکانی نێو بەرهەمی رابردووی دەکات کە نێوی (ژڵ) بوو. سەرچاوەیەک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند هەر یەکە لە کۆمپانیاکانی چوارچرا و کۆرەک موزیک کاری کلیپەکانی هۆزان ئەنجامدەدەن، بریاریش وایە کە کۆمپانیای چوارچرا گۆرانی (هەر دەمەک) و کۆمپانیای کۆرەک موزیکیش گۆرانی (یار دلۆ) کلیپ بکات . هەروەها دوای کاری کلیپەکان هۆزان دەروێش ئامادەکاری بۆ بەرهەمی نوێ دەکات.



### هونەرمەند نیزامەدین ئارچ:

# حەوشەی هەرێمی کوردستان زۆر بچووکە بەڵام حەوشەی کورد فراوانترە

**سیروان حاجی بەرکۆ**
**بەرلین- ئەڵمانیا**

ئەوە سـی سـاڵە نەک هەر سـەردانی وڵاتەکەی نەکردووە، تا ئێسـتا قەدەخەیـە هونەرمەندی کورد نیزامەدین ئارچ ناسـراو بە (فەقێ تەیران) بچێتە نێو خاکی تورکیا. ئەو کوردە 53 ساڵییە لە ئاوارەییەکەیدا بە هەنگاوی گـەورەی هەڵێنان و مۆزیکەکەی گەیاندە ئاسـتێکی جیهانی . نیزامەدیـن ئارچ تەنیا گۆرانیبێـژ و مۆزیکژەن نییە، بەڵکـو ئەو ئەکتەر و دەرهێنەریشە. یەکەمین فیلمی ( گۆرانیەک بۆ بەکۆ) کە لە ساڵی 1992 دەریهێنا، چەندین خەڵاتی نێودەوڵەتی بەدەستهێنا . ئەو وەکو یەکەمین فیلم بە زمانی کوردی دەناسـرێ . نیزامەدین ئارچ بەموزیکەکەی بەشداری لـە چەندین پرۆژەی هونەری جیهانـی کردووە. لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) داوای دروستکردنی پلانێکـی نەتەوەیی کـوردی دەکات بۆ هێنانە ئارای هونەرێکی کوردی ئاست بەرز.

**ڕووداو: تـۆ ئـەم ڕۆژانـە بەچییـەوە خەریکی؟**

**نیزامەدین ئارچ:** خەریکی ئامادەکردنی دوو ئەلبوومم، کـە 34 گۆرانی لەخۆ دەگرن. هەموو ئەو گۆرانیانە شیعری جگەرخوێنن و ئاوازی خۆمن، ئەو دوو ئەلبوومەم لەگەڵ ئۆرکستراێەکی گەورە ئامادە کردوون . دوو ساڵ و نیوە تەواوم کـردوون، بەڵام بۆ تۆمارکـردن و پەخشـکردنیان لەستۆدیۆ و هەروەها چاپکردنیان پێویستم بە کاتە. هەروەها ئێستا لەسەر پرۆژەی ( دەنگی کوردانی رەوان "ئێریڤـان") کاردەکـەم . هەوڵدەدەم نزیکەی 100 شیعری کوردانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بکەمە گۆرانی .پرۆژەیەکی دیکەشم لەبەر دەسـتدایە بەناوی (کلاسیکە کوردییەکان). بە هەڵبەستەکانی ئەحمەدی خانی دەستم پێکردو ئێستا هەڵبەستەکانی مەلای جزیری هەڵدەبژێرم .

**ڕووداو: بۆچی هێندە بایەخ بە کلاسیکە کوردییەکان دەدەی؟**

**نیزامەدیـن ئارچ:** لە لای دراوسـێکانمان ( تورک، عەرەب، فارس، ئەرمەنی، ئاشووری، یۆنانی، گورجی) موزیکی کلاسـیک هەیـە. لە کۆشـکی میرەکانیاندا موزیکی کلاسیک پەیدابووە. میری کوردیش هەبوون. چۆن دەبێ لەلای دراوسێکانمان موزیکی کلاسیک هەبێ و، لـەلای ئێمە نەبێ؟ هیـچ جێی باوەڕ پێکردن نییە . مـن لێکۆڵینەوەم لەو بوارەدا ئەنجامدا و گەیشـتمە ئەو ئەنجامەی کە ئەوکات لە کۆشـکی میرانی کورددا نـەک تەنیا گۆرانیبێژ هەبوون، بەڵکو تیپی موزیکیش هەبوون. واتە موزیکی کلاسیکی کوردیش هەبووە.

**ڕووداو: هیچ بەڵگەت پەیداکردن ؟**

**نیزامەدین ئارچ:** بەداخەوە نەخێر . هیچ بەڵگەیەکی نووسـراو نییە مرۆڤ پشـتی پێ ببەستێ، بەڵام ئەو کارە بەئاسـۆیەکی دیکە ئەنجام دەدەم. من خۆم بە خەیاڵ وەکو هونەرمەندێک لە کۆشکی میرانی کوردی 300 سـاڵ لەمەوپێش دادەنێم، موزیکی کۆشکەکان دێنمە بەرچاوم. زۆر بەباشی بە موزیکی دراوسێکانمان ئاشنام، بەوشـێوەیە بیردەکەمەوە موزیکی کلاسیکی کوردی بەشێوەیەکی هۆشمەندانە و بەزمانی ئێمە چۆن بووە؟ بەم شـێوەیە من ڕێگەیەک دەگرمە بەر. مرۆڤ دەتوانێ نزیکی موزیکی تورکی و فارسی ببێتەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا پێویستە مرۆڤ کەسایەتی و تایبەتمەندی کولتووری موزیکی کوردی ون نەکات .

**ڕووداو: واتە تۆ دەتەوێ چەند ئەلبوومێک لە موزیکی کلاسیکی کوردی بەرهەمبێنی؟**

**نیزامەدیـن ئارچ:** بەڵـێ، من چەنـد گۆرانییەکم دروسـتکردوون . ئەمە لەنێو کورددا ستایلێکی نوێیە. ئەز بۆ ئەم کارە مەقامی هەرێمیش بەکاردێنم .

**ڕووداو: بەڵام ئایا تۆ نابینی لەو سەردەمەدا زۆر گوێ لە موزیکی کلاسیک ناگیرێ؟**

**نیزامەدیـن ئـارچ :** ئەوە راسـتییەکە، کە میللەت هونەری باشـی ناوێت . میللەت فێرکـراوە بەرهەمی خراپـی بوێ، بەڵام ئەوە لە ئەوروپـا نییە . ئەوروپا میللەتەکانی لەهونەری بەرز راهێناوە . هونەری نزمیش هەیە، بـەڵام هاوتەریب لەگەڵ ئـەوە هونەرێکی زۆر بەرزیش هەیە . ئێمە تائێستا میللەتەکەمان فێری ئەوە نەکردووە . پێویسـتە ئێمە کورد فێر بکەین کە جگە لە موزیکی هەڵپەڕکێ، موزیکی گوێ لێگرتنیش هەیە، کە پێویسـتە مرۆڤ گوێی لێبگرێ . مرۆڤی کوردیش دەتوانێ فێرببێ.

**ڕووداو: بەڵام هونەرمەندی کورد ئەو دەرفەتەی نییە هونەرێک دروستبکات کە کەس نەیکڕێ؟**

**نیزامەدین ئارچ:** ئەمە کێشـەیەکی گەورەیە . ئەو کێشـەیە لە ئەوروپاش هەیە . ئەگەر دەوڵەت نەبێ، هونـەری بەرز ناتوانـێ بژیت. تۆ دەزانـی دەوڵەتی ئەڵمانیا سـاڵانە چەند بۆ هونـەر تەرخان دەکات؟ 9 تاوەکو 11 ملیار یۆرۆ!

**ڕووداو: بۆچی هونەری بەرز ئەوەندە گرنگە؟**

**نیزامەدین ئارچ:** هونەری بەرز مرۆڤێکی ژیر و بەهێز دەئافرێنێ . بەبێ هونەری باش مرۆڤ پێشناکەوێت و، ناگاتە سەر مانگ .

**ڕووداو: لەو بوارەدا هیچ پێشنیازێکت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە؟**

**نیزامەدیـن ئـارچ:** بۆ مـن مایەی شـانازییەکی گەورەیە کورد لە باشووری کوردستان بتوانن بە توانا سنووردارەکانیان ئازادی خۆیان بەدەستبێنن . پێویستە دەسـەڵاتدارانمان لەئاسـتی باڵاوە سیاسـەتێک بۆ هونەرێکی بەرز دابنێن . بۆ دروستکردنی سیستەمێک بۆ هونەرێکی بەرز پێویستیمان بە هونەرێکی بنچینەیی هەیە.

**ڕووداو: لـە کوردسـتان موزیکی دراوسـێکانمان سەردەستە، واتە موزیکی ئارەبێسک؟**

**نیزامەدین ئارچ:** دوژمنەکانمان ئەمە دەخوازن، ئەوان دەیانـەوێ ئێمە گوێ لە موزیکی ئارەبێسـک بگرین، تا کەسـایەتی خۆمان لەدەستبدەین. ئەوان تێکەڵی و پێکەڵی لە مێشکی ئێمەدا دروستدەکەن . ئەوە دەبێتە مایەی ونبوونی کولتووری موزیکیمان . ئێمە چەندین سـتایلی موزیکیمـان هەیە، بۆچی ئەوانە لەدەسـت بدەین؟ ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیریە پلان و پرۆگرام بۆ پاراستن و پێشخستنی هونەری کوردی پێشکێش بکات . پێویستە نەوە نوێیەکانمان باش پەروەردە بکەین . ئێستا ئێمە ئازادین و دەرفەتی باشمان هەن و پێویستە ئەو دەرفەتانە بقۆزینەوەو لەنێو خۆماندا سەرمان بەو مەسـەلانەوە خەریـک بکەین و سـەری خۆمانی پێ بێشینین. ئەوە ئەرکێکی نەتەوەییە. بە ئینشاڵڵا هیچ شتێک سەرناگرێت .

**ڕووداو: بیرت لەوە نەکردووەتەوە بچیە باشـووری کوردستان و بۆچوونەکانت لەوێ نیشانبدەی؟**

**نیزامەدین ئارچ:** بەداخەوە هێشـتا زۆر شـت هەن لە کوردسـتان باش جێگیر نەبوون . زۆر کەس لەوێ لە چوارچێوەیەکی تەسکدا بیر دەکەنەوە . حەوشەی هەرێمی کوردستان زۆر بچووکە، بەڵام حەوشەی کورد فراوانترە. کاتێک ئەلبوومە نوێیەکەم دەردەکەم، دەستی دەدەمـێ و لەگەڵ خۆم دەیبەمە کوردسـتانی ئازاد. تەنیا چوونە ئەوێ ئاسـۆکانی من زۆر فراوان دەکەن . من دەمەوێ لە کۆتایی ئەم سـاڵدا بچمە باشووری کوردستان.

## دراوسێکانمان هەوڵدەدەن بە مووزیکەکەیان کەسایەتی ئێمە تێکبدەن

## 24 گۆرانی تازەم لە شیعرەکانی جگەرخوین ئامادەکردوون

# دڵنیا چاوەڕێیە

**ڕووداو- هەولێر**

سـەرچاوەیەکی نزیک لەژنـە گۆرانیبێژ دڵنیا قەرەداخی بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند دڵنیا قەرەداخی ئێسـتا گۆرانییەکی ئامادەکـراوی هەیە بۆ یانەی هەولێـر، کە تەنهـا کاری تۆمارکردنـی ماوە، بۆ تۆمارکردنیـش دڵنیا دەیەوێت ڕێککەوتنێک لەگەڵ وەزارەتـی وەرزش و لاوان و یانەی هەولێردا بکات، بەڵام تاوەکو ئێستا ڕێککەوتنەکە نەکراوە.

جەلال پەرێشـان بەرپرسـی ڕاگەیاندنی یانەی هەولێـر لەوبارەیەوە بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند یانەی هەولێر ڕێککەوتن لەگەڵ کەسدا ناکات بۆ تۆمارکردنی گۆرانی هەرکەسـێکیش دەیەوێت گۆرانی بۆ یانەی هەولێر بڵێـت دەتوانێت لەگەڵ وەزارەتی وەرزش و لاوان ڕێککەوتن بکات و ئەوان پارەی بۆ دابین بکەن.

سـەرچاوەکە باسی لەوەش کرد کە دڵنیا چاوەڕێی وەزارەت و یانـەی هەولێرە تاوەکو کارەکـەی بە کۆتـا بێنێت.

# گەردەلوول چاوەڕوانی زەنگەنەیە



**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو-سلێمانی**

دوو هەفتە لەمەوبەر، کاتێک جەلیل زەنگەنە سەرقاڵی تەواوکردنی هەندێک لەکارەکانی بەشی سێیەمی زنجیرە درامای گەردەلول بوو لە هەولێر، بەپەلە گەیێنرایە نەخۆشخانەو ئێستاش زەنگەنە لە تارانە و نەشتەرگەری دڵی بۆ کراوە و بۆریەکی خوێنبەر لە قاچی کراوەتەوە بۆ دڵی.

زەنگەنە کەدەیویست کاری وێنەگرتنی بەشی سێیەمی گەردەلول لەمانگی ئەیلولدا تەواو بکات، بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە نەیتوانی بەردەوام بێت . هادی مەحمود کە لەو زنجیرە درامایەدا ڕۆڵی (عەریف حەمەتاڵ) دەبینێ گوتی "کاری سیناریۆ نووسـینی تەواوبووە، تەنهـا کاری وێنەگرتنی ماوە، کـە بەداخەوە بەهۆی نەخۆشـکەوتنی جەلیل زەنگەنەوە ڕاوەستاوە". هادی مەحمود، دەڵێ دەبێ زەنگەنە بگەڕێتـەوەو ماوەیەکیش پشووبدات، ئەوکات دەتوانێ دەست بە کارەکانی بکاتەوە "بۆیە دڵنیانیم لەمانگی 10ی ئەمساڵدا کاری وێنەگرتنی تەواو ببێت".

زنجیرە درامای گەردەلول، کە دوو ساڵ لەمەوبەر لەمانگی ڕەمەزاندا لەهەردوو شاشـەی خاک و کوردساتەوە نیشـاندرا، لەسیناریۆو نووسینی جەلیل زەنگەنەیـەو کۆمەڵێک ئەکتەری دیاری شاری سلێمانی بەشداریان تێداکردووەو باس لە هەندێک لە ڕووداوەکانی شاری سلێمانی دەکات لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتی ڕژێمی بەعسدا.

شوان عەتوفی دەرهێنەرو شانۆکار، کە ڕۆڵی (باران)ی لە گەردەلولدا وەرگرتووە ڕایگەیاند کە ئەو تائێستا سیناریۆکەی نەبینیوەو گوتیشی "هەموو وردەکاری و زانیارییەک لای کاک جەلیلە و تا ئەو نەگەڕێتەوە نازانین ئیشـەکان بەکوێ دەگات و چی دەکەین".

### هەڤاڵ ئیبراهیم :

# هەولێر دەبێتە پایتەختی هونەری کوردی

**نەوزاد چارلس**
**ڕووداو- هەولێر**

جیا لەزۆربـەی هونەرمەندان کە کەشـی مانـەوەی لەدەرەوەی وڵات بۆ ڕێکخراوە، بەڵام ئەو خۆی حەزی نەکردووە لەدەرەوە بمێنێتەوە "مـن بۆ مـاوەی 6 مانگ لـە دەرەوەی وڵات داوەتکرابووم، لەوێ 14 ئاهەنگ و 5 بەرنامەی تەلەڤزیۆنیم هەبوو، هەرچەندە ژیانم لەوێ زۆر خۆشتربوو بوارم بۆ ڕەخسابوو لەوێ بمێنمەوە، بەڵام خۆم حەزم کرد بگەڕێمەوەو لەکوردستان خزمەتی هونەری کوردی بکەم".

گۆرانیبێـژ هەڤـال ئیبراهیم لەسـەرەتای تەمەنی منداڵییەوە لەشـاری موسـڵ ژیاوەو لەپۆلی سێیەمی ناوەندییەوە گەڕاونەتەوە شاری دهۆک، چەنـد ڕۆژێک بەر لەئێسـتا نوێترین بەرهەمی بەنێوی (مـن چ کریە) بڵاوکردەوە. هەڤاڵ بۆ (ڕووداو) باسـی لەوەکرد کە خۆی بەرهەمەکەی بەرهەمهێناوەو زیاتر لە50 هەزار دۆلاری تێدا خەرجکردووە، بۆ ماوەی ئەو چەند ساڵەی بێدەنگبوونیشی گوتی "بێدەنگ بوونم لەبەرئەوەبوو بەکاروباری ئاهەنگ و کۆنسێرتەوە سـەرقاڵ بووم، دوایش مەرج نییە هونەرمەند هەموو سـاڵێک بەرهەمی نوێی هەبێت، گرنگ ئەوەیە کارێکی جوان پێشکەش بکات".

هەڤاڵ ئیبراهیم ئێسـتا دانیشتووی شاری دهۆکە، لەبارەی سـاڵی لەدایکبوونی حەزی نەکرد ئاشـکرای بکات، تاوەکو ئێستا ژیانی هاوسـەرێتی پێکنەهێناوەو پێیوایە هێشـتا زووە بـۆ ژن هێنان "ئێسـتا زیاتـر بەکاری هونەرییەوە سـەرقاڵم و هێشـتا زووە، ئەو کەسەی لەخەیاڵمدایە هێشتا پێی نەگەیشتووم، هەرکاتیک پێی گەیشتم ژیانی هاوسەری پێکدەهێنم".

هەڤاڵ لەبەرهەمەکانیدا لەسەر هەردوو زاراوەی سۆرانی و بادینی کاری کردووە و حەز دەکات لەسەر هەموو زاراوەکان کار بکات "حەز دەکەم لەسەر هەموو زاراوەکان کار بکەم، ئێستا حەز دەکەم بە زاراوەی زازاکی گۆرانیی بڵێم".

هەندێ هونەرمەند بەمدواییـە ڕایانگەیاند بەبێ بەرامبەر لەهیـچ بەرنامەیەکی ڕادیۆیی یان تەلەڤزیۆنی بەشدار نابن، هەڤاڵیش لەلای خۆیەوە ئـەو بڕیارەیـداوە "بەمدواییە داوای بەشـداریکردن لـە چەندیـن پرۆگرامم لێکرا بەڵام ئێمە پێکنەهاتین بۆیە بەشـدار نەبووم، تەلەڤزیۆنەکانیش فێـری بێ بەرامبەر بوونە، ئەوەندەی ئەوان بینیویانە ئێمە بەبێ بەرامبەر کارمان بۆیان کردووە بۆیە ئەوان هەر لەسـەر ئەوە ڕاهاتوون".

ماوەی چەند ڕۆژێکە نوێترین بەرهەمی هەڤاڵ ئیبراهیم بەنێـوی (من چ کریە) بڵاوبووەتەوە بـەر لـەوەی بەرهەمەکەی بڵاوببێتـەوە، 5 لەگۆرانییەکانـی نێو بەرهەمەکـەی دزران و بەنهێنی بڵاوکرانـەوە، لەوبارەیەوە هەڤاڵ بە (ڕووداو)ی گـوت "لەڕێگەی کەسـێکەوە ئەو کارە کرابوو، گۆرانییەکان لەڕێگەی کۆمپیوتەر وەرگیـران و بڵاوکرانەوە، ئێمـە دەزانین ئەو کەسـە کێیە، بەڵام حەز ناکەم قسـە لەسەر ئەمە بکەم، بۆیە بەرهەمەکەم پێش هەڵبژاردن بڵاوکردەوە".

هەڤـاڵ دەڵـێ پرۆژەیەکـی زۆر گرنگی لەبەرنامەدایە، بەڵام دەڵێت "پێویستە حکومەت ئاسانکاری بکات بۆ ئەوەی هونەرمەندان بتوانن کارو پرۆژەکانیـان جێبەجێ بکـەن، ئەگەر حکومەت کار ئاسانیم بۆ بکات ئەوا من هەندێ پرۆژەی زۆر گرنگم لەژێر دەستدایە".

ئەو گۆرانیبێژە کە لەنێو گەنجاندا زۆرترین گوێگـری هەیە، باسـی لەوە کـرد بەنیازە ماڵەکەی بێنێتە هەولێر "هاتنی من بۆ هەولێر پەیوەندی بەعاتیفەو ئەو شتانە نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە هەولێر دوای چەند سـاڵێکی دیکە دەبێتە پایتەختی هونەری کوردی و شوێنێکی زۆر نموونەیی دەبێـت، بۆیە حەز دەکەم بێمە هەولێرو لەوێ بژیم".





# بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalaky@hotmail.com

### کاوڕ
Mar 21-Apr 19

لایەنی خۆشەویسـتیت ئـارام دەبێت، هەرچەندە هەنگاوەکان سەرەتا بە قورسی بەرێـوە دەچن، بـەڵام دەتوانـن هێز و توانایەکـی زیاتر بەکار بێنن، باشـە بۆ پەیوەندیکردن بە ئازیزان.

### گا
Apr 20-May 20

ئەمڕۆ و سـبەی کەمێک بە قورسـی بەڕێوە دەچێت، بەڵام پاش ئەم دوو ڕۆژە هێز و چالاکییەکـی زۆرتان دەبێت و خۆ گورج دەکەنەوە بۆ جێبەجێکردنی کارێکی گرنگ، ئاگاداربن لە پێشـێلکردنی مافی خەڵکی دیکە.

### جمک
May 21-Jun 21

گرنگی زیاتر بە پۆشـاک و ڕووخساری خۆتان بدەن، بەهۆی ئازیزێکەوە دەتوانن کارێکـی گرنـگ بکەن، یـان کار لەگەڵ دامەزراوەیەکی گەورە بکەن کە بۆ داهاتوی دووری ژیانتان سوودی لێوەربگرن.

### قرژاڵ
Jun 22-Jul 22

ئەم ماوەیە پێویسـتتان بە خۆڕاگری زیاتـر هەیە، ئەم هەفتەیـە دوایین کاتی بێزاریەکانتـان دەبێت و پاشـان دەچنە کەشێکی نوێ لە ئاسودەیی و هەندێک لە کارە وەستاوەکان بەگەڕ دەکەونەوە.

### شێر
Jul 23-Aug 22

دەتوانن داوای هاوکاری بکەن لە کەسانی بەرامبەرتان یان ئەو کەسانەی کە توانای هاوکاریـان هەیە، لە گـەڕان و پەیوەندی و گفتوگۆکانـەوە پـرۆژەی زۆر گرنگتان پێشـکێش دەکرێت کـە دەتوانن خۆتان بەرەو پێشی بەرن.

### گوڵەگەنم
Aug 23-Sep 22

پێویستیتان بە زمانێکی نەرمتر هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هاوکارەکانی کارکردن، ڕەنگە هەندێکیان بە قورسی ڕووبەڕووتان ببنـەوە، بەڵام دەتوانن پشـتیوانی بۆ خۆتان دروست بکەن.

### تەرازوو
Sep 23-Oct 23

سـەرکەوتن لـەکارەکان وا دەکات لە دەروونێکی ئاسوودەی بەردەوام بمێننەوە، لایەنی سـۆزداریتان بەرەو پێش دەچێت و دەتوانـن بەختی خۆتان تاقی بکەنەوە، لەبـەردەم کرانەوەیەکـی نوێـدا خۆتان دەبیننەوە.

### دووپشک
Oct 24-Nov 21

دەتوانـن زیاتر شـوێن پێـی خۆتان بچەسپێنن لە کارە نوێیەکانتان، هەوڵبدەن پێشێلکاری لە مافی کەسیی چواردەورتان نەکەن، کاتێکی باشە هەوڵ بۆ پلەو پایەی نوێ بدەن.

### کەوان
Nov 22-Dec 21

کاتێکی باشـە بـۆ نزیکبوونـەوە لە ئاواتێکتـان ئاسـوودەییەکانتان زیاتـر بەرفراوان دەبێت و بە کەسـانێک دەگەن کـە دەتوانن پێکەوە کاری نوێ بکەن یان بەرنامەیەکی کارکردنی نوێ بدۆزنەوە.

### کارژۆلە
Dec 22-Jan 19

گـۆڕان لە هەڵسـوکەوتی کەسـانی چـواردەور بە هەند وەرمەگرە، وا باشـە بەهێمنی بیر بکەنەوە وهەنگاو بنێن، ئەم مانگە تەنها بۆ ئەو کارانە باشە کە بە فکر و بیرکردنەوە ئەنجام دەدرێن.

### سەتڵ
Jan 20— Feb 18

دەتوانن حەوانەوەیەکی باش بە مێشکتان بدەن، بڕیارێکی گونجاویش بدەن لەسـەر بابەتـە هەڵپەسـێردراوەکان، ڕێـڕەوەی هەندێک لە کارەکان بە ئاراستەیەکی باشتردا دەگۆڕێت .

### نەهەنگ
Feb 19-Mar 20

لایەنی سۆزداری پێویستی بە جوڵانێکی زۆر لەسـەرەخۆیە، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە دۆخی جارانـی، بەهـۆی بەرفراوانبوونی کارەکانەوە هەست بە ماندووبوون دەکەن، چاوەڕووانبن چونکە لەبەردەم کرانەوەیەکی گەورەدان.

# تاراوگە

## دانا دەیەوێ مۆدێلی ئەمەریکی بهێنێتە کوردستان



ڕووداو – amherstbulletin.com

دانا جاف، قوتابییەکی هەڵەبجەییە و ئێستا لە ئەمریکا دەخوێنێت، لە دیدارێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی Amherst Bulletin دەڵێ ئەو دەیەوێ مۆدێلی سیاسی ئەمەریکی بهێنێتەوە کوردستان . هەروەها دەڵێ "پێویستە ئەمریکا، عێراق دروست بکاتەوە و بەشێوەیەکیش بکشێتەوە بۆ ئەوەی عێراق ببێتە نموونەی دروستبوونی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا".

ڕەزا باران، پەرلەمانتاری پێشووی کورد لە ئەڵمانیا:

# کورد لە ئەڵمانیا لە گەلانی دیکە چالاکترن

**عیسمەت سیوەرەکلی**
**ڕووداو– ئەڵمانیا**

ڕەزا باران، سیاسەتڤانی کورد لە ئەڵمانیا زۆر گەشبینە بە ئایندەی پێگەی کورد لە ئەڵمانیا و دەڵێ "دینامیکی کۆمەڵگەی کوردی لە ئەڵمانیا وای لێدەکات لە داوڕۆژدا پێگەیەکی باشی هەبێت لەو وڵاتە"، هەروەها دەڵێ "کۆمەڵی کوردی لە هەموو ئەو کۆمەڵە بیانیانەی لە ئەڵمانیان چالاکترە".

ڕەزا باران، ماوەی 37 ساڵە وەک کوردێکی چالاک لەنێو سیاسەتی ئەڵمانیدا لە ڕیزی پارتی سەوز Die Grünen دا کاردەکات. لەساڵی 1995 تا 1999 لەسەر لیستی ئەو پارتە ئەندامی پەرلەمان بووە. ناوبراو لەماوەی کارکردنیدا لەنێو پەرلەماندا بەرگری لە مافی خەڵکی بە ڕەگەز نا ئەڵمانی و بەتایبەتیش کورد کردووە.

باران لەنێوان ساڵانی 2001 و 2006 دا سەرۆکایەتی شارەوانیی کویتسبێرگیشی کردووەو بە هۆی کار و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانییەوە "خەڵاتی شکۆ" ی شارەوانییەکەی وەرگرتووە.

باران لەبارەی پێگەی کورد لەنێو کۆمەڵگەی ئەڵمانی و پەیوەندی نێوان کورد و ئەڵمانیا شارەزاییەکی باشی هەیە، ناوبراو لەو باوەڕەدایە کورد وردە وردە شوێنی خۆی لەنێو سیاسەتی ئەڵمانیا دەکاتەوە، بەڵگەشی ئەوەیە "ئێستا کورد لەنێو هەموو پارتەکانی ئەڵمانیادا هەن".

بەڵام لەلایەنی ئابوورییەوە، پێیوایە کورد لە ئەڵمانیا لە دواوەیە "لایەنی ئابووری کوردی لە ئەڵمانیا هێندەی لایەنە سیاسییەکەی پێشڤەچوونی بەخۆیەوە نەبینیوە، بەڵام سەرمایەدارانی کورد لە ئەڵمانیا وردە وردە خەریکە کۆمپانیا دەکەنەوە، سەرمایەداری کورد بە چاوێکی دیکە تەماشای بازاڕ دەکات".

وەک باران ئاماژەی پێدەدا" لە نەوەتەکان وێنەی کورد لە ئەڵمانیا خراپ بوو"، بەڵام بەهۆی چالاکی سیاسی و ڕۆشنبیریان "ئەو وێنەیە چاککرایەوە، بە بەراوردکردن لەگەڵ 15 ساڵی ڕابردوو ئەمڕۆ وێنەی کورد لە ئەڵمانیا باشترە".

هەرچەندە باران سیاسەتی کورد لە ئەڵمانیا بە سیاسەتێکی سەرکەوتوو دەزانێ، بەڵام لەم خولەی پەرلەمانی ئەورووپادا کە لەمانگی ڕابردوودا بەڕێوەچوو، هیچ پاڵێوراوێکی کورد نەیتوانی بگاتە پەرلەمانی پەورووپا. باران لەو بارەوە دەڵێ "ئەگەر پارتە کوردییەکان بە پارتە ئەڵمانییەکان بڵێن ئەوەندە دەنگەمان هەن و وەکو هەڵبژاردنی موختارانی تورکیا لەگەڵ ئەڵمانان سەوداومامەڵە بکەن، ئەنجامەکەی بەو شێوەیە دەبێت کە دەیبینین، کورد نابێ مامەڵە لەسەر دەنگەکان بکات، دەبێ فێری سیاسەتی ئەڵمانی بێ".

لە قسەکانی باراندا دەردەکەوێت کە کورد سیاسەتێکی دیاریکراوی نییە بۆ ئەڵمانیا، باران ئەوە بۆ (ڕووداو) ڕووندەکاتەوە و دەڵێ "بەداخەوە ئێمەی کورد سیاسەتمان نییە بۆ ئەڵمانیا، بۆیە لەو بوارەدا هەمیشە تووشی هەڵە دەبین. پێویستە پارتە کوردییەکان سیاسەتێکی یەکگرتوو و نەتەوەیی بۆ ئەڵمانیا پەیڕەو بکەن. لەنێو کوردانی ئەڵمانیادا یەکدەنگی نییە. هەر کەس بۆ خۆی کار دەکات، بۆیە سیاسەتێکی یەکگرتووش دروست نابێ و ئەمەش بۆ کورد کێشەیەکی گەورەیە".

بەلای بارانەوە گرفتەکە لەوەدایە کە ئەڵمانیاش سیاسەتی بەرامبەر کورد ڕوون نییە"تا ماوەیەکی کەم پێش ئێستا ئەڵمانیا سیاسەتی نەبوو بەرامبەر کورد و بە گوێرەی تورکیا و هەرێمەکە دەجووڵایەوە، بەڵام کاتێک مژاری فرۆشتنی پەترۆلی کورد هاتە پێشەوە، ئەوکاتە ئەڵمانیا تەنها بەگوێرەی بەرژەوەندیی خۆی جوڵایەوەو کونسوڵخانەی خۆیان لە کوردستان کردەوەو پەیوەندی بازرگانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەهێزکرد".



**ڕەزا باران**



–ساڵی 1942 لە تورکیا لەدایکبووە.
–ئەندامی پارتی کرێکارانی تورکیا TIP بووە.
–لە ساڵی 1963 هاتووەتە ئەڵمانیا و بڕوانامەی ئەندازیاری وەرگرتووە.
–بەرپرسی کۆمەڵەی کرێکارانی کوردستان بووە لە بەرلین.
–ساڵی 1978 بووەتە ئەندامی پارتی سەوزەکان.
–ساڵی 1995 تا 1999 ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی بەرلین بووە.
–ساڵی 2001 تا 2006 سەرۆکی ئەنجوومەنی شارەوانی گرۆتیس بووە.

ئەو سیاسەتمەدارەی کورد، زیاتر سیاسەتی ئەڵمانیا بەرامبەر بە کورد ڕووندەکاتەوەو دەڵێ "سیاسەتی دەوڵەتی ئەڵمانیا لە بارەی کێشەی کوردەوە لە سەر بنەمای بەرژەوەندی دانراوە، ئەڵمانیا بە گوێرەی سیاسەتی ئەمریکا و تورکیا سیاسەت بەڕێوەدەبات. کاتێک پەیوەندی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان باشبوون، ئەڵمانەکانیش پەیوەندی خۆیان لەگەڵ کورد دروستکرد و بەرەو پێشەوەیان برد، هەروەها کاتێک دەوڵەتی تورکیا تەلەڤزیۆنی TRT6ی کردەوە، ئەڵمانیاش ڕێگەی بە کورد دا بە زمانی کوردی بخوێنن".

بەهۆی ئەوەی ڕێژەی کەسانی تەمەن درێژ لە ئەڵمانیا روو لە زیادبوونە، لەماوەی رابردوودا لەسەر مەسەلەی خۆگونجاندن (ئینتیگراسیۆن) لە ئەڵمانیا قسە و باسی زۆر کرا و ئێستاش هەروا گەرمە. بۆ کەڵک وەرگرتنی کورد لەو مەسەلەیە باران دەڵێت "لە ئەڵمانیا زۆرترین ڕێژەی گەنجان لەناو کۆمەڵگە بیانییەکاندایە، ئەڵمانیا ویستی ئەو گەنجانە بۆ کۆمەڵگەکەی ئامادەبکات،کوردیش لەو مەسەلەیەدا پێگەی هەیە و لە ماوەی رابردوودا کوردێکی زۆر سەردانی دەزگای تایبەتمەندی هاوڵاتیبوونی ئەڵمانیایان کردووە و ئامادەکاری بۆ خۆگونجاندن پیشاندەدەن. بۆ ئەو پەیوەندیپێوەکردنەی کوردیش دەوڵەتی ئەڵمانیا هاوکاریی دەزگا کوردییەکان دەکات، ئەگەر کورد باش لەو دانووستاندنە بگات زۆر سوودی لێوەردەگرێ، ئێستا پەیوەندییەکی باش لەنێوان دەوڵەت و کورددا دروستبووە".

باران کە ماوەیەکی زۆرە لەنێو سەوزەکانی ئەڵمانیا کار دەکات دەڵێت "پارتە ئەڵمانەکان گرنگیان بە کورد داوە و دەرگایان بۆ کردنەوە، ئەوان دەیانەوێ گەنجانی کورد بکەنە ئەندامی پارتەکانیان. پارتی سەوزەکان، هەمیشە گرنگی بە کورد دەدات. پارتەکانی دیکەش بەهەمانشێوە، لە زۆر دەڤەر و ویلایەتەکانی ئەڵمانیا نوێنەری کورد هەن. بەڵام زۆرترین ڕێژەیان لەناو پارتی چەپ و پارتی سەوزەکاندایە".

کوردێک بە تۆمەتی کوشتنی پاکستانییەک دادگایی دەکرێت

# بەریتانیا و یۆنان بۆ دادگاییکردنی دانا هاوکاری یەکتر دەکەن



**ڕووداو–بەریتانیا**

کوردێک کە تۆمەتبار کراوە بە کوشتنێکی "بێ بەزەیی" بەریتانییەکی بە ڕەگەز پاکستانی، داوای لە شایەتەکان کردووە بێن بێتاوانی ئەو بسەلمێنن.

دانا عەبدولقادر عەبدوڵڵا، کە کەسێکی باریکەلەی تەمەن 29 ساڵەو کوردی باشووری کوردستانە، چەند ڕۆژێک لەمەوپێش دادگایی کرا، ئەمەش چەند کاژێرێک دوای ئەوەی لە یۆنانەوە ڕەوانەی بەریتانیا کرایەوە.

کرەیگ بڕوان، داواکاری گشتیی ڕایگەیاند ئێوارەی 2004/2/22، محەممەد بەشیری قوربانی لەگەڵ هاوڕێکەی لەدەرەوە بوون و پاشان چوونەتە یانەیەکی شەوان . ئەو شەوە شەڕێک لەنێوان چەند پاکستانییەک و دانا ڕوویدا، کە دانا مەشروبی بەسەر یەکێک لەواندا ڕشتووە و یەکێکیش لەو پاکستانیانە بۆکسێکی داوە لە سەری و بە پاکستانییەکانی دیکەشی ڕاگەیاندووە کە دانا چەقۆی پێیە. پاشان دانا یانەکەی بەجێ هێشتووە، بەڵام دواتر گەڕاوەتەوە و لەگەڵ خۆیشی 20 کوردی دیکەی هێناوە.

کرەیگ ئەوەشی درکاند کە محەمەد بەشیر و هاوڕێکەی لە کاژێر 3ی نیوەشەو یانەکەیان بەجێ هێشتووە و پاشان لە لایەن دانا و گرووپەکەیەوە تووشی شەڕبوونە.داواکاری گشتیی دەڵێ" دانا چەقۆکەی لەگیرفانی دەردێنێت و یەکسەر کردوویەتی بە سینگی قوربانییەکەدا".پاشان دانا هەڵدێت و محەممەد بەشیریش 40 خولەک دواتر گیانی لەدەستدەدات.

کرەیگ بڕاون دەڵێ دانا هیچ ناونیشان و پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی لەم وڵاتەدا نییە، لەبەرئەوەی ناوبراو لە ساڵی 2004وە بەریتانیای بەجێهێشتووەو بەنێو ئەورووپادا گەڕاوەو لە یۆنان گیرساوەتەوە و مانگی ڕابردوو هەر لەو وڵاتە دەستگیرکرا، بەهۆی ئەوەی دۆکیۆمێنتی ساختەی پێ بووە.

کرەیگ بڕاون، ئەوەشی ڕاگەیاند دانا لە ساڵی 2001ەوە لەلایەن پۆلیسی یۆنانییەوە لەسەر تاوانی شەڕ و هەڵگرتنی چەک دەستگیرکراوە و تاوانەکانیشی لەساڵی 2004 بەرزتر کردووەتەوە بەوەی "هێرشێکی بێ بەزەیی و دڕندانەی ئەنجامداوە".

ڕەی سینگ پارێزەری دانا دەڵێ هەر شایەت و چاودیتەیەکی ئەو ڕووداوە هەیە، با بێتە پێشەوە و قسە بکات. سینگ گوتی دانا لەوانەیە لە بەردەم دادگا بڵێت شەڕ و ئاژاوە لە یانەکە ڕوویداوە، بەڵام " بەدڵنیاییەوە ئەو بەشداری لەو شەڕو ئاژەوەیە نەکردووە کە لە دەرەوەی یانەکەی ڕوویانداوە".

سینگ لە درێژەی قسەکانیدا ئەوەشی گوت کە ژمارەیەکی زۆر لە پاکستانی و کورد ئەو شەوە لە دەرەوەی یانەکە بوون " تۆمەتبارەکە بەدوای هەر یارمەتییەکدا دەگەڕێت یان هەرکەسێک ئەو ڕووداوەی بینیبێ و ئامادەبێ قسەی لەسەر بکات".

ناوبراو ڕایگەیاند ڕەنگە کەسانێک هەبن نەیانەوێت قسە بۆ پۆلیس بکەن، بەڵام ئامادەن قسە لەگەڵ تیمی بەرگریکاردا بکەن، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن دانا بەشداری لەو شەڕو ئاژاوەیە نەکردووە.

کەیسەکە لە دادگایەکی شاری برادفۆردی بەریتانیایە و بڕیارە لە 2009/7/30 دانا دادگایی بکرێت و تا ئەوکاتیش ناوبراو لە دەسبەسەریی پۆلیسدا دەمێنێتەوە.

**لە ماڵپەڕی Thetelegraphandargus.co.ukی بەریتانییەوە**

تەنیا فێنککەرەوەی هەوا نییە
کەشی ماڵەکەت بەتەواوی دەگۆڕێ

سیستمی هەواسازیی تیتان سیستمێکی پێشکەوتووە کە تەنیا هەوای ماڵەکەت فێنک ناکاتەوە، بەڵکو کەشوهەواکەت بەتەواوی بۆ دەگۆڕێ. دیزاینی ناوازەی هەواسازی تیتان کە چەند یەکەیەکی هەیە، یارمەتیدەرە بۆ دابەشکردن و خاوێنکردنەوەیەکی باشتری هەوا، بەجۆرێک کە ماڵەکەت بۆ دەکاتە شوێنێکی جوان و بەتەواوی لە گەرماو هەوای وشک و تەپوتۆز و هەموو ئەو مادانە دەپارێزێ کە حەساسیەت دروست دەکەن.



هەوایەکی سازگار
ساردکەرەوەیەکی بەهێز

TITAN
www.lg-iraq.com
LG Customer Service
One call does it all
075 07347047
(Erbil)
LG Life's Good

شركة الرَّيان التجارية
الموزع الحصري لأجهزة تكييف LG في العراق
DER



## کوڕێک باوک و براو ژنەکەی دەکوژێت

**ڕووداو-شاوێس**

بەرەبەیانی ڕۆژی 2009/7/25، لە گوندی کەڵەکانی سەر بەناحیەی شاوێسی هەولێر، پیاوێک بەناوی عومەر جەمیل، 3کەسی بنەماڵەکەی دەکوژێت و دووانیش بریندار دەکات. سەرچاوەیەکی نزیک لە ڕووداوەکە بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند، عومەر سێ مانگ بوو ژنەکەی زیزببوو ئەو ڕۆژە هێنابوویەوە، بۆ بەرەبەیانی ئەو شەوە بە کڵاشینکۆف ژنەکەی دەکوژێت، کە سکپڕ بووە، لەکاتی هاتنی باوک و براکانی، باوک و برایەکی دەکوژێت و دوو برایشی بریندار دەکات، دوای ڕۆژێک لە ڕووداوەکە پۆلیس عومەری دەستگیر کرد.

### هەندێکیان بۆ خۆشی و هەندێکیشیان بۆ تۆڵەکردنەوە هاتبوون

# ژنان هەڵبژاردنیان بۆ خۆیان کردبووە جەژن

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو-هەولێر**

لە ڕۆژی هەڵبژاردن دا ژنان پۆل پۆل روویان لە بنکەکانی دەنگدان دەکرد، ئەوان جیا لە پێکهاتەکانی دیکەی کۆمەڵگە بە خەندەو بە ڕازاوەیی دەنگیان دەدا، زۆربەیان جلی کوردییان لەبەر کردبوو، ئەوانەی منداڵیان هەبوو دەستیان گرتبوون و بەرەو بنکەکانی دەنگدان بەڕێدەکەوتن.

کاژێر 8ی ڕۆژی 2009/7/25، دەنگدانی سەرتاسەری لە کوردستان دەستی پێکرد، هەڵبژاردنەکە لە کەشوهەوایەکی گەرم و ئارام لە رووی ئاسایشەوە بەڕێوەدەچوو، بەڵام ئەمجارە جیا لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو، ئەو گرۆتینە لەناو خەڵک نەدەبینرا بۆ دەنگدان، بەتایبەتی لە هەولێر و بەتایبەتیش لە پێش نیوەڕۆدا.

بەلای زۆربەی ژنانەوە گرنگ نەبوو، ئەو لایەنەی هەڵیدەبژێرێت چی کردووەو چ بەرنامەیەکی بۆ ژنان پێیە، بەڵکو ئەوان زیاتر بایەخیان بە مێژووی حیزبەکان دەدا، دەیانگوت تەنیا چەند حیزبێک دەناسین.

مریەم کەمال، 53ساڵ، جلێکی کوردی لەبەرکردبوو، دەستی سێ منداڵی کوڕەکەی گرتبوو، بەرەو سندوقی دەنگدان دەڕۆیشت لە قوتابخانەی ئەحمەدی خانی لە هەولێر . بەبڕوای مریەم ڕۆژی دەنگدان بۆ ژنان وەکو جەژنە و هەر بۆ خۆشی دەنگدەدەن، مریەم هۆکاری ئەوەی کە ئەو ڕۆژە بەجەژن دەزانێت بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە "ئەو هەموو خەڵکە کۆبووەتەوە، ئەی جەژن چییە؟ هەر خۆشی نییە".

سەرەتای هەڵبژاردنەکە بە دەنگدانی بەرپرسانی کوردستان دەستی پێکرد، مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق لەگەڵ هێرۆخانی هاوسەری و قوبادی کوڕی، لەناو ئاپۆڕای خەڵک چاوەڕوانی کاژێر 8یان دەکرد، تا یەکەم کەس بێت لەو قوتابخانەیە دەنگبدات لە سلێمانی. مام جەلال لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، گوتی "ئەمڕۆ جەژنی گەلی کوردستانە". هەروەها مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە لە پیرمام هاوڕێ لەگەڵ مەسرور بارزانی کوڕیدا دەنگیدا گوتی " ئەمڕۆ جەژن و ئاهەنگە بۆ هەموو گەلی کوردستان و عێراقیش".

زۆربەی ژنان لەو ڕۆژە بەکۆمەڵ لەگەڵ ژنانی گەڕەک دەچوونە دەنگدان، یان لەگەڵ مێردو براو باوکیان، یان دەستی پیرەژنێکیان دەگرت و بەرەو دەنگدان دەچوون.

سەمیرە عەلی، 31ساڵ، نەخوێندەوار، لەگەڵ مێردەکەی لە قوتابخانەی ڕزگاری هەولێر دەنگیان دەدا، مێردەکەی لەبڕی ئەو نیشانەیەکی بەسەر ئەو لیست و پاڵێوراوەی سەرۆکایەتیدا هێنا کە دەیانویست، سەمیرە هەردوو کوڕەکەی لەگەڵ خۆی هێنابوو، کە جلی کوردییان لەبەرکردبوو، منداڵەکان دوای دایکیان پەنجەیان خستە نێو مەرەکەبی دەنگدان و دواتر پەنجە بە مەرەکەبەکەیان بەرز کردەوەو بە پێکەنینەوە چوونە دەرەوە.



ژنێک دوای دەنگدانی بە جلوبەرگێکی فۆلکلۆری (فۆتۆ:AFP)

سەمیرە، لەبارەی هەڵبژاردنەوە گوتی "ئەمڕۆ ڕۆژێکی خۆشە، بەرپرسەکان چاوەڕوانی ئەوە دەکەن، بە دەنگی ئێمە بگەنەوە دەسەڵات". سەمیرە هۆکاری ئەوەی منداڵەکانی لەگەڵ خۆی هێناوە بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە "ڕۆژی ئەوەیە منداڵ بۆ خۆیان پێبکەنن، لەجەژنیشدا ئەوەندە دڵیان خۆش نەبووە".

لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن، هەر 24 لیستەکە گرنگی تایبەتیان بە ژنان دەدا، زۆربەیان بەرنامەیەکی چاکسازییان بۆ کێشەی ژن لە کوردستان داناوە، بەڵام ژنان لەو بڕوایەدانین لیستە براوەکان بتوانن خواستی ژنان بێننە دی.

سوهام عەلی، عەبایەکی بەسەری خۆی دادابوو، بەپەنجەی بە مەرەکەبەوە لەگەڵ ژنێکی دیکە لەناو بنکەیەکی دەنگدان دەهاتە دەرەوە، سوهام ئەو ڕۆژەی بە کاتێکی خۆش وەسفکرد، بەڵام پێیوابوو هەڵبژاردن لە کوردستان هیچ لە بابەتەکان ناگۆڕێت "چییان بۆ ژن کردووە هەر ئەوەندە دەکرێت".

هەموو ژنە بەتەمەنەکان، چارشێوەیەکی ڕەشیان بەسەرخۆیاندادابوو، بەکۆبونەوەیان لەبەردەم بنکەکان، هەڵبژاردن لە پرسەیەکی گەورە دەچوو، لەولاشەوە ئافرەتە گەنجەکان بەجلی ئاڵاو واڵاوە، دەردەکەوتن، دیمەنەکەیان پێچەوانە دەکردەوە.

چنار، 23ساڵ، لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێکانی بەرەو سندوقەکانی دەنگدان دەچوو، ئەوان بە دڵخۆشییەوە دەرویشتن و واخۆیان ڕازاندبووەوە دیمەنەکان لە ئاهەنگێڕان دەچوو، چنار گوتی "لەوەتەی هەین ئیشمان بە بە بەرپرسەکانەو بۆمان ناکەن، ئەمڕۆ ئەوان کاریان بە ئێمەیە، وابزانم ڕۆژی تۆڵەسەندنەوەیە".

### لەکوردستان بۆ دەسەڵاتگێڕی متمانە بە ژن ناکرێت

# ژنان داوا دەکەن بەشدارییان لە کابینەی داهاتووی حکومەتدا زیاتر بکرێت

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو-هەولێر**

بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان 30%ی کورسییەکانی پەرلەمان بە کۆتا بۆ ژنانن، بەڵام هیچ یاسایەک نییە لە کوردستان ڕێژەی ژن لە دەزگا حکومی و حیزبی و ئەهلییەکان دیاری بکات، بۆیە ڕێژەیەکی کەم لە ژنان دەسەڵاتی بەڕێوەبردنیان هەیە.

ژنان گلەیی دەکەن کە کەمتر پۆستی حکومییان پێدەدرێ و، داوا دەکەن لە کابینەی داهاتووی حکومەت ڕێژەی ژنان لە حکومەتدا زیاد بکرێ. لە کابینەی پێنجەمی حکومەت لە کۆی 42 وەزیر، تەنیا 3 وەزیر ژنن.



**پێگەی ژن لەناو دەسەڵات و پارتی و یەکێتی دا لە کەمیش کەمترە**

خانم ڕەحیم، بەرپرسی سەنتەری ئاسوودە

کەژاڵ عەبدولجەبار، بەرپرسی ماڵی خەندە، هۆکاری کەمی ژن لە دەسەڵات بۆ نەبوونی دەرفەت و بێ توانایی ژنان لە بەڕێوەبردندا دەگەڕێنێتەوە. ئەو ژنە کە 24 ساڵە فەرمانبەرە، بەڕێوەبەری ژن و پیاوی هەبووە، لە ئەزموونی خۆیەوە دەڵێت فەرمانبەری ژن ئەگەر بەڕێوبەرەکەی ژن بێت، زیاتر لەیەک تێدەگەن و دەتوانن کێشەکانیان بۆ باس بکەن، بەڵام "لەگەڵ بەڕێوەبەری پیاو بە دڵنیاییەوە بە پارێزی قسە دەکەی".

بەپێی ئەو بەدواداچوونەی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ژنان کردوویەتی دەرکەوتووە ڕێژەیەکی زۆر کەمی ژن لە دەسەڵاتن. د.جینان قاسم وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان و ئافرەتان، گوتی "هەر مەبەستمان وەزیر نییە، بەڵکو ژمارەی ژن لە بەڕێوەبەرایەتییەکان زۆر کەمە، ئەوەشم لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران باسکردووە".

هەندێک لە ژنان لەو بڕوایەدان کە ژن توانای بەڕێوەبردنی نییە، ڕێزان کەریم، 23 ساڵ، ژنی ماڵەوە، هەرگیز پێی خۆش نییە، ژن دەسەڵاتی بەرزی پێ بدرێت، بەبڕوای ئەو ژن ناتوانێت دادپەروەر بێت، بەتایبەتی بەرانبەر بە ئافرەتی دیکە نایەوێت هیچ ژنی دیکە پێشکەون. ڕێزان نمونەی نەخۆشخانەی منداڵبوون و ئافرەتانی هەولێری هێناوە کە ژن بەڕێوەیدەبەن "پڕ بووە لە ناعەدالەتی و خزمخزمێنە، کەس گوێت لێ ناگرێت".

لە مانگی شوباتی ئەمساڵ، لە هەولێر کۆنفرانسێک بەناوی (بەرەو بەهێزکردنی پێگەی ژن لە ناوەندی بڕیاردا) سازکرا، هەندێک ئامار لە کۆنفرانسەکە خرانەڕوو. بەپێی ئەو ئامارانە تەنیا 4%ی فەرمانبەرانی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئافرەتن، لە کۆی 3852 فەرمانبەری وەزارەتی گەیاندن 957یان ئافرەتن، بەڵام تەنیا دووانیان بەڕێوەبەرن، هەروەها لە وەزارەتی ژینگە لە کۆی 215 فەرمانبەر 72یان ئافرەتن، تەنیا 6 یان بەرپرسیارێتیان هەیە.

بەبڕوای خانم ڕەحیم، بەرپرسی سەنتەری ئاسوودە بۆ داڵدەدانی ژنان لە سلێمانی، ژنی کورد لە شۆڕشەکاندا خۆیان سەلماندووە، ئەوە کۆمەڵگەیە کە ژن بە پلە دووش دانانێت "ژنی چالاک لە هەموو بوارەکان زۆرن ئەگەر ئەرکیان پێ بسپێرن، کەمی ڕێژەیان بەهۆی سیستەمی سیاسییەوەیە".

وەک خانم باسیکرد، بەبڕوای سیاسییەکانی کورد ژن بێ توانایە و، دەڵێن لە بری ئەوەی دەسەڵات بە ژنێک بدەین پیاوێکی پێ ڕازی بکەین باشترە، خانم ڕەخنەشی لە پارتی و یەکێتی گرت کە خۆیان بە حیزبی دیموکراتی دەزانن، کەچی "پێگەی ژن لەناو حیزب و دەسەڵاتەکەیاندا لە کەمیش کەمترە".

تا ئێستا ئافرەتان لە کوردستان نەیانتوانیوە ڕۆڵێکی کارا لە دەسەڵاتدا ببینن، تەنانەت خەڵکیش متمانەیان پێ ناکات، وەک سۆزان شەهاب ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت "ئەگەر هەڵبژاردن لە کوردستان بە لیستی کراوە بێت، دڵنیام پیاو دەنگ بەژن نادەن".

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان پەیمانگەیەکی لە 2008/10/25ەوە کردەوە، بەناوی (پەیمانگەی پێگەیاندنی ئافرەتی سەرکردە)، هەر 6 مانگ جارێک خولێک بۆ 30 ئافرەت دەکاتەوە، بە مەبەستی شارەزاکردنیان لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا.

بۆ دانانی ژن لە دەسەڵات، زۆرجار خزمخزمێنە و حیزبایەتی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ، بەبڕوای خانم پشتگوێخستنی توانای ژنان، زیانی لە ژنان داوە "تا ئێستا چ ژنێکی کارای سەربەخۆ توانیوێتی بگاتە پلەی وەزیرو پەرلەمانتار؟".



**فەرمانبەری هەر ئەوەندە نییە مکیاج بکەی و بچیە دەوام**

کەژاڵ عەبدولجەبار،،بەرپرسی ماڵی خەندە

نیانی تەمەن 27ساڵ، خەون بەوەوە دەبینێت ژنان بە قەدەر پیاوان لە دەسەڵات بن، بەڵام ئەو بڕوای بە ژنە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان نییە و پێیوایە دانانی ژن لەسەر بناخەی ڕووخسار و بێدەنگکردنی ژنان و ڕازیکردنی وڵاتانی ئەوروپایە "دەمانەوێت ژنێک لە دەسەڵات بێت، خۆی ئازاری ژنانی بینیبێت و لێمان تێبگات".

بەرپرسی ماڵی خەندە بەپێویستی دەزانێت بۆ بەهێزکردنی پێگەی ژن لە دەسەڵات خول بۆ ئافرەتان بکرێتەوە، ڕایانبهێنن لەسەر بەڕێوەبردن "ئامۆژگاریان بکەن، فەرمانبەری هەر ئەوەندە نییە مکیاج بکەی و بچیە دەوام".

# ڕێژەی سکاڵای ژنان بەرز دەبێتەوە

**ڕووداو-هەولێر**

فاتیمە خدر، 35 ساڵ، زۆرجار لەلایەن مێردەکەیەوە لێیدەدرا، دواجار لە 2009/5/4 مێردەکەی بەچەقۆ هێرشی کردە سەر و چوار چەقۆی لەسکی دا، فاتیمە جیاواز لەوەی پێشتر زۆر لە ژنان بێدەنگ دەبوون بەرامبەر تاوانی مێردەکانیان، لەلای پۆلیس داوای لەسەر مێردەکەی تۆمار کرد، فاتیمە کە بە هەناسەساری و بەدەنگێکی نزمەوە، قسەی دەکرد، هۆکاری داواکەی ڕوونکردەوەو گوتی "دەمەوێت مافی خۆم لەمێردەکەم لە ڕێگەی دادگا وەربگرمەوە".

لەگەڵ کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژ بە ژنان، چیتر ژنان نەیانتوانی بێدەنگ بن لەبەرامبەر زەبرو لێدانەکانی پیاو و پەنایان بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییە برد، بەپێی قسەی بەڕێوەبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکەش ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی ژنە سکاڵاکارەکان لە زیادبووندایە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان، لە چوار مانگی سەرەتای ئەمساڵ لە کوردستان 1014سکاڵا لەلایەن ژنانەوە تۆمارکراون (415 سکاڵا لە هەولێر، 477 سکاڵا لە سلێمانی، 122 سکاڵا لە دهۆک) بەڵام لە چوار مانگی سەرەتای ساڵی ڕابردوودا تەنیا 522 سکاڵا تۆمار کران، کە بەمشێوەیە بوو (هەولێر 195سکاڵا، سلێمانی 276 سکاڵا، دهۆک 51 سکاڵا).

بە بڕوای سەیوان ڕۆستەم ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ژنانی کوردستان، سکاڵاکردنی ژنان بۆ هۆشیارییان دەگەڕێتەوەو پێیوایە سکاڵاکردن کاریگەری زۆری هەیە لەسەر گۆڕینی ژیانیان "دەتوانێ بەهۆی سکاڵاوە ڕازی نەبێت بەو توندوتیژیەی بەرانبەری دەکرێت، بەڵام دەبێ ژنان بۆ بەرگریکردن لە خۆیان سکاڵا تۆمار بکەن، نەک بۆ تێکدانی خێزان".

نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان لەهەولێر، بەر لەوەی قسە بۆ (ڕووداو) بکات بە کێشەی چەند ژنێکەوە سەرقاڵ بوو، نەقیب ژیلەمۆ ئاماژەی بەوەدا، سکاڵا تۆمارکردن لەلایەن ژنانەوە ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندایەو زۆربەی ئەوانەی سکاڵا تۆمار دەکەن تەمەنیان بچووکەو لە نێوان 16-30ساڵیدایە "ڕۆژانە هەوڵدەدەین خۆمان 2 کێشەی ژنان چارەسەر بکەین، بەر لەوەی بگاتە دادگا".

بەگوێرەی قسەکانی نەقیب ژیلەمۆ زۆربەی ئەو ژنانەی سکاڵا تۆمار دەکەن، سکاڵاکانیان لەسەر مێردەکانیانە، بەڵام هەیە سکاڵا لەسەر کوڕ، براو باوک تۆمار دەکات "ئافرەتەکان دەڵێن لێمان دەدرێ، هەڕەشەمان لێدەکرێ، یان لەگەڵ مێردەکانمان پێکەوە ناگونجێین".

بەڵام تاوەکو ئێستاش هەندێک لە ژنان ئامادەنین لە بەرامبەر ئەو توندوتیژیەی دەرهەقیان دەکرێ سکاڵا تۆمار بکەن و سکاڵا تۆمار کردن لە دژی مێردەکانیان بە عەیب دەزانن.

خەڵات عەبدوڵڵا، 43 ساڵ، ژنی ماڵەوە، پێیوایە زۆر عەیبە ژنان سکاڵا لە دژی کەسوکاریان تۆمار بکەن، خەڵات دەڵێ ژنی ئێستا بەردەوام کێشەکانی ماڵ گەورە دەکەن، پێویستە ژن لە کاتی تووڕەیی پیاوەکانیان خۆڕاگر بن، ئەو گوتی "ئەگەر وەک ژنی ئێستام بکردایە 20ساڵ پێش ئێستا تەڵاق دەدرام، بەڵام ئەگەر پیاوێک هەر لەسەر خراپی خۆی بەردەوام بوو، با ژنان بێدەنگ نەبن و داوای مافی خۆیان بکەن".

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی بنکەی ئیسکان لە هەولێر باسی لە کچێک کرد، کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر چووەتە بنکەکەیان سکاڵای لە دژی باوکی تۆمارکردووە، لە ئیفادەکەیدا گوتوویەتی، باوکم بەردەوام لێمدەدات، زۆر خراپە لەگەڵم "زۆر قسەی دیکەی بە باوکی گوت، بەڵام دوای بانگکردنی باوکی دەرکەوت، کچەکە ڕاست ناکات، کچەکە دەیویست بە مۆبایل بەردەوام پەیوەندی بە کوڕانەوە بکات، باوکیشی ڕێگری لێکردبوو".

لە کوردستان بەردەوام هەواڵی ئەو کچ و ژنانە بڵاودەبێتەوە، کە خۆیان سووتاندووە یان هەوڵی خۆکوژییان داوە، ئەوانە بەر لەوەی بمرن سکاڵا تۆمار دەکەن، بەڵام دوای مردنیان کەسوکارەکانیان بڕیاری ئەوە دەدا کە سکاڵاکە بکشێتەوە، چونکە تەنیا مافی کەسی دەمێنێت کە نزیکترین کەسی ئافرەتەکە بڕیاری لەسەر دەدات.

نەقیب ژیلەمۆ بە پێویستی زانی ژنان لەبری ئەوەی پەنا بۆ خۆسووتاندن ببەن، باشترە سکاڵا تۆمار بکەن و مافەکانیان بەدەست بێنن "بۆ دادگاییکردنی خۆسووتاندن لە ڕقی کەسێکی دیکە، زۆر زەحمەت ئیسپات دەکرێت کە کەسێک هۆکاری خۆسووتاندنی بووە".

ئەو ژنانەی سکاڵا تۆمار دەکەن، لەلایەن کەسوکارو دەوروبەرەوە بەچاوێکی سووکەوە سەیر دەکرێن، ڕەنگە مەترسی بۆ سەر ژیانی ژنەکەش دروست بکات، بەڵام سەیوان دەڵێت ئەگەر ژنێک زوڵمێکی لێکراو هیچ ڕێگایەکی دیکەی لە پێش نەما بۆ چارەسەرکردن ناچارە پەنا بۆ پۆلیس ببات "ئەو ژنەی سکاڵا تۆمار دەکات، توندوتیژی هەر لەسەر بووە، گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی کە سکاڵا تۆمار بکات، ئەگەر هەر بێ بێدەنگ بێت و بیکاتە ژێر لێوەوە ئەو توندوتیژیە زیاد دەکات".

بەشێک لە ژنان گومانیان لە بەدواداچوونی پۆلیس هەیە و بە پاڵپشتی خۆیانیان نازانن، بەڵام نەقیب ژیلەمۆ دەڵێت بەدواداچوون بۆ هەموو سکاڵاکان دەکەین، ئەوەی لەسەر حەق بێت لێپێچینەوە لەگەڵ ئەوانە دەکەین کە مافەکانی ئەوانیان خواردووە "ئەگەر ژنێک لێی بدرێت و سکاڵای لە دژی مێردەکەی تۆمار کردبێت، ئەگەر ژنەکە داوای جیابوونەوەش بکات، ئەوا هەر دەبێت مافی خۆی وەربگرێت".

ئەڤین ئیبراهیم فەتاح توێژەری کۆمەڵایەتی بە پێویستی زانی ئافرەتان بۆ وەرگرتنی مافەکانیان سکاڵا تۆمار بکەن، ئەگەرچی ئەو سکاڵا تۆمارکردنە بنەماڵەکەیان تووڕە دەکات، بەڵام دەڵێت نابێت لە مافەکانی خۆش بێت "بۆ نمونە کچێک بەزۆر بە شوو دەدرێت، ئەو ژیانی هەر تەواو بووە، جا با ڕێگە بەوە نەدات و سکاڵا تۆمار بکات".





# گەنجێکی کورد بڕوانامەیەکی سوور لە ئۆکرانیا وەردەگرێت

سۆران بەهائەددین
رووداو-هەولێر

گەنجێکی کورد لە ئۆکرانیا بەرزترین بڕوانامە لە بواری ئەندازەی پارکەکان بەدەستدێنێ و دەبێتە یەکەم بیانی لە وڵاتی ئۆکرانیا ماستەر لەو بوارە بە پلەی نایاب وەربگرێ و، ماوەیەکە گەڕاوەتەوە کوردستان.

کاردۆ نورەدین کەریم، 26ساڵ، دانیشتووی هەولێر، سێ ساڵ لەمەوبەر بۆ خوێندنی ماستەر، رووی لە ئۆکرانیا کرد، ماوەی ساڵێک لەوێ زمانی رووسی خوێند، دوو ساڵەکەی دیکەی بۆ خوێندنی ماستەر تەرخانکرد لە بواری رێکخستن و تازەکردنەوە لە پلاندانانی پارکی گشتی، لە زانکۆی لۆگانسکی تاراس شیفشینکۆی نیشتیمانی، دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی، ماستەری بە پلەی نایاب بە رەنگی سوور کە پلەی شەرەفە پێبەخشرا، کە بەرزترین بڕوانامەیە لەو بوارەی کاردۆ لێی دەخوێند.

کاردۆ دوای تەواوکردنی بەکالۆریۆس لە کۆلێژی کشتوکاڵ لە زانکۆی سەلاحەدین لەگەڵ 13 گەنجی دیکە روو لە ئۆکرانیا دەکەن، ئەوان زمانی رووسی هەڵدەبژێرن بۆ خوێندن، چونکە زمانێکی فراوانەو لە 20 وڵات زمانی فەرمییە، کوردەکانیش لە ناو 13 گرووپدا پلەی یەکەم بەدەستێنن و زوو فێری رووسی دەبن.

ئۆکرانیا، 19 ساڵە لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو جیابووەتەوەو بووەتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، دانیشتوانەکەی 48 ملیۆن کەسە، 28 شاری هەیە، شاری لۆگانسک کە کاردۆ تێیدا دەیخوێند، ژمارەی دانیشتوانەکەی یەک ملیۆن و نیوە، کاردۆ کە ساڵانە 10 هەزار دۆلاری خەرج کردووە لەو وڵاتە، دەڵێت "دەمانگوت خەڵکی کوردستانین نەیاندەزانی کوێیە، ئەگەر بشمانگوتایە عێراقین، بە تیرۆرستیان دادەنایین".

کاردۆ لە بەشی رووەکی، لە بواری دارو گوڵ و دیزاینی باخچەو پارکەکان دەخوێنێت، بۆیە ئەو بوارەش هەڵدەبژێرێت، چونکە تائێستا لە کوردستان کەس لەو بوارە ماستەری نەهێناوەتەوە، کاردۆ بۆ بەشی کرداری لێکۆڵینەوەکەی دەبوایە کار لەسەر نۆژەنکردنەوەی پارکێکی کۆنی ئۆکرانی بکات، کە ناوی (بیرەوەرییە) و 26 ساڵە دروستکراوە، ئەو پارکە 54 هەزار مەتر چوارگۆشەیە.

کاردۆ شەش مانگ کار لەو پارکەدا دەکات، دوای تەواوکردنی کارەکەی، شارەوانی و پرۆفیسۆرەکانی بە کارەکەی سەرسام دەبن و بە جوانترین دیزاینی دادەنێن، لەناو هەموو ئەندازیارەکانیش تەنیا ئەو دیزاینە قبوڵ دەکرێت کە بۆ نۆژەنکردنەوەی پارکەکەو دیزاینەکەش بەناوی کاردۆ کەریم دەنووسن.

کاردۆ کە زۆر شانازی بە بڕوانامەکەی دەکرد، گوتی نامەی ماستەرەکەی بە پلەی نایاب بە رەنگی سوور وەرگرتووە کە بەرزترین پلەیەو بە شەرەف دادەنرێت، بەپێی قسەی کاردۆ ئەو ئۆکرانیانەی ئەو پلەیە بەدەستدەهێنن لەسەر حیسابی دەوڵەت بۆ باشترین زانکۆی جیهانی دەنێردرێن.

کاردۆ گوتی "من یەکەم بیانیم لە ئۆکرانیا ئەو پلەیە بەدەستبێنم، لە کونسوڵخانەی عێراقیش لەو شارە پێیانگوتم تائێستا هیچ کەسێکی بیانی ئەو بڕوانامەیەی بەدەست نەهێناوە، تەنانەت لە زانکۆکەش پێیانگوتم تۆ یەکەم کەسی بیانی ئەو بڕوانامەیەت پێدەدەین".

## " کە دەمانگوت خەڵکی کوردستانین نەیاندەزانی کوێیە، ئەگەر بشمانگوتایە عێراقین، بە تیرۆرستیان دادەنایین"

کاردۆ کە ئیستا گەڕاوەتەوە کوردستان دەیەوێت تواناکانی لە کوردستان بەگەڕبخات و بەو زانستەی لەبارەی ئەندازەی پارکەکان لە ئۆکرانیا فێربووە، شەقامەکانی هەولێر بڕازێنێتەوە "دەتوانم گۆڕان لە دیزاینی پارکەکانی هەولێر بکەم، بۆ نمونە ئاڵای کوردستان بە گوڵ دروست دەکەم، کە دەبێت جۆری گوڵەکان بە شێوەیەک هەڵبژێری تەمەنیان لەیەکتر نزیک بێت و رەنگەکان بگونجێن، بۆ ئەو مەبەستەش تۆوی جۆرەها گوڵم هێناوەتەوە".

کاردۆ لەسەر ئەرکی خۆی خوێندنی تەواو کردووە و ئێستا داوا لەحکومەت دەکات دایبمەزرێنێ "یەکەم کەسم ماستەرم لە ئەندازەی پارکەکان وەرگرتووە، بۆیە داوا لە حکومەت دەکەم دامبمەزرێنێ بۆ ئەوەی بتوانم خزمەتی کوردستان بکەم". گوتیشی "سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین دەستخۆشی لێکردم، گوتی دەرفەت هەبێت داتدەمەزرێنم".






# گەنجان چاوەکانیان شەحن کردەوە

## ئەم رۆژە بۆ من وەک ڤالانتاینە

کچێک

رووداو-هەولێر و سلێمانی

سیما، بەکراسێکی سووری کوردییەوە کە بە دڵی خۆی، خۆی رازاندبووەوە، لەگەڵ دەنکەکەیدا ژووانێکی عاشقانەی رێکخستبوو و لەنێو یەکێک لەبنکەکانی دەنگدان دا خەریکی دەنگدان بوون، ئەو تا ئەو رادەیە بەو رۆژە دڵخۆشە کە بڵێت "ئەم رۆژە بۆ من وەک ڤالانتاینە".

سیما .ع، 19 ساڵ، ئەو رۆژەی بە باشترین دەرفەت زانی تا لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا بەیەکەوە بچنە دەنگدان و وەک کوڕ و کچێکی عاشق بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا بکەن، ئەو دەڵێ "هەردووکیشمان بۆ لیستێک دەنگماندا".

پێدەچوو کاتێکی زۆری بۆ خۆ رازاندنەوەی تەرخان کردبێت، ئەو کچێکی 21 ساڵی بوو، کە بە نازە خۆی بە (رووداو) ناساند، دڵخۆش بوو بەوەی کە توانی لەگەڵ دەنگداندا بۆ ماوەی دە خولەک کەپلەکەی ببینێ "لەوەتەی پشووی هاوین دەستی پێکردووە، نەمبینیبوو". ئەو عاشقە پێیوایە هەڵبژاردن بۆ کچان رۆژێکی زۆر خۆشە، چونکە بەدڵی خۆیان جل دەپۆشن و دێنە دەرەوەو هەوایەک دەگۆڕن، نازە گوتیشی "سلێمانی لەرۆژی دەنگداندا زۆر جوانە".

گەنجان لەگەڵ بوونی گلەیی بەردەوامیان لەحکومەت وپەرلەمانی پێشووتر، بەشداریەکی کارای هەڵبژاردنی رۆژی 2009/7/25ی پەلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمیان کرد، بەشێکی زۆر لەکچان بەجلوبەرگی کوردییەوە روویان لەبنکەکانی دەنگدان کرد، لە هەندێک دیمەنیشدا لە رۆژی جەژنی عاشقان دەچوو، بەشێک لەو گەنجانەش بەشداریان لەو هەڵبژادنە بە دوو جەژن وەسفکرد.

نەبەرد محەممەد ئیسماعیل،19 ساڵ، لەبەردەم یەکێک لە وێستگەکانی دەنگدان لەچاوەڕوانی دەنگدان بوو، ئەو زۆر دڵخۆش بوو بە بەشداریکردن لە دەنگدان، چونکە وەک خۆی ئاماژەی بۆ کرد لەهەڵبژاردنی پێشوودا مافی دەنگدانی نەبووە، گوتی "بۆیە کاتێک دەمبینی هاوڕێکانم دەنگدەدەن زۆر دڵتەنگ دەبووم، لەبەرئەوە ئەمجارە هەر لەهەشتی بەیانییەوە خۆم ئامادەکرد و هاتمە بەردەم بنکەی دەنگدان، بەو هیوایەی هەندێک کچی جوان ببینم و دەنگیش بدەم".

بەبڕوای نەبەرد بوونی گەنجان لە بنکەکانی دەنگدان، لە هەڵبژاردنی ئەمجارە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار، هۆکارێک بۆ بەسەربردنی کات و بینینی کچی جوان، هۆکاری دووەم بۆ بوونی کێبەرکێی لیستەکان و بەڵێنی زۆریان بۆ باشترکردنی ژیانی گەنج، گوتیشی "بە بڕوای من هێشتا گەنج یاخییە لە حکومەت و پەرلەمان، بەشداریشی لەم هەڵبژاردنەدا تەنیا بۆ تاقیکردنەوەی بەڵێنی لیستەکانە".

"تەلەفۆنم بۆ کەپلەکەم کردووە، بڕیارە بەجلی کوردی بێت و بە هاوڕێیەکی رۆژنامەنووسیشم گووتوە لەکاتی هاتن و دەنگدانی وێنەم بۆ بگرێت"، هیوا عەلی کە لەبەردەم بنکەی هەڵبژاردنی ئامادەیی رزگاری لەهەولێر وەستا بوو، وای گوت.

وارڤین نەجات، 19 ساڵ، کە لەهەڵبژاردنی پێشوودا مافی دەنگدانی نەبووە، ئەمجارە زۆر پەرۆشی دەنگدان بوو "کە بەرنامەی بەشێک لەلیستەکانم خوێندەوە، بۆم دەرکەوت وەک پێویست گرنگیان بەکێشەی کچان نەداوە"، ئەو هەرچەندە تێبینی زۆری لەسەر کارنامەی لیستەکان هەبوو،بەڵام ئەو گلەییانە وای لێنەکرد بەشداری دەنگدان نەکات، دەڵێت "چونکە دەنگدان بە مافێکی سروشتی خۆم دەزانم، لە رێگەی دەنگدانەوە دەتوانم بەکۆمەڵگە بڵێم منیش هەم".

جیا لەهەڵبژاردنەکانی پێشوو، ژمارەیەکی بەرچاوی گەنجان روویان لەسندوقەکانی دەنگدان کرد، کچانیش بەجلی کوردییەوە ئەو پرۆسەیەیان بەڕێکرد، کە ئەمەش خۆی دیمەنێکی جوان دەبەخشێتە پرۆسەکە، نەخشینی تەمەن 22 ساڵ، کە بە جلی کوردییەوە رووی لەدەنگدان کردبوو گوتی لەبەرئەوەی هەڵبژاردنەکە سەرۆکێکی کوردو پەرلەمانی کوردستان دیاری دەکات، وا جوانترو باشترە بە جلی کوردییەوە بەشداری لەهەڵبژاردن بکەین.

مامۆستا موحسین، بەڕێوەبەری بنکەی قوتابخانەی بارزانی نەمر، گوتی ئەوەی جیا بێت لە هەڵبژاردنەکانی دیکە ئەوەیە بەشداری کچان زیاترەو جگە لەوەش جلی کوردی زۆر دەبینرێت "پۆشینی ئەو جلە سەرەڕای ئەرکێکی نیشتمانی ئەوە دەردەخات، بەڕای من کورد لەرێگەی ئەو جلەوە بە جیهان دەناسرێت".

## بە هیوای بینینی هەندێک کچی جوان هاتووم

گەنجێک

رزگار رەحیم، 24 ساڵ، جلوبەرگێکی تازەی کوردی لەبەرکردووەو بەپارچەیەک کلێنس مەرەکەبی پەنجەی دەسڕێت تا جلەکانی پیس نەکات، دەڵێت راستە گەنجان رۆژێکی خۆش بەسەر دەبەن، بەڵام وەک جەژنێکیش سەیری دەکەن، بەپێکەنینەوە گوتیشی "با دڵتەرەکانیش چاویان شەحن بکەنەوە".

# کچانی کوردستانیش رووخساری خۆیان دەگۆڕن

ڤینۆس جەمیل
رووداو-هەولێر

دوای ئەوەی ئاشنا جەلال توانی بەهۆی نەشتەرگەریەوە شێوازو رەنگی ددانەکانی بگۆڕێت، ئێستا بە نیازە گۆڕانکاری لە رووخساریشیدا بکات، هەرچەندە وەک ئاشنا دەڵێت هیچ نا رێکییەک لە رووخساری خۆی نابینێ، بەڵام بەهۆی ئەو حەزەی هەیەتی بۆ جوانکاری، دەیەوێت گۆڕان لە رووخساریدا بکات.

هونەری جوانکاری رووخسار ئێستا لە کوردستان پەرەی سەندووەو چەندین سەنتەری تایبەت بە جوانکاری کراونەتەوەو رۆژانە خەڵکێکی زۆر روویان تێدەکەن، بە تایبەتی ئافرەتان. وەنەبێت کارەکە تەنیا تایبەت بێ بە کوردستان بەڵکو لە هەموو وڵاتان دەکرێت، تەنانەت هەندێک کەس بە تەواوی رووخساری خۆیان دەگۆڕن، وەک هونەرمەندی کۆچکردووی پۆپی ئەمریکی مایکل جاکسۆن رەنگی رووخساری لە رەشەوە کردە سپی.

ئەمیرە فەرهاد، دوای بەسەربردنی 27ساڵ ژیان لە ئەڵمانیا دەگەڕێتەوە کوردستان و بە هاوکاری ژنێکی باکووری کوردستان بەناوی ئەیفەر کۆمپانیای germany profession دادەمەزرێنێت بۆ جوانکاری گشتی ئافرەتان. ئەمیرە گوتی کۆمپانیاکەیان تاکە کۆمپانیایە لەلایەن ژنەوە لەو بوارە کرابێتەوە، بەڵام بەهۆی هاوکاری نەکردنی حکومەتەوە چەند هاوڕێیەکی گەڕانەوە ئەڵمانیا، کە بۆ کارکردن هاتبوون.

ئەمیرە بەهۆی ئەو زانیاریەی لەبارەی جوانکارییەوە لە ئەڵمانیا بەدەستیهێناوە، رۆژانە کاری جوانکاری بۆ چەندان کچ و ژن دەکات. ئەو لە بارەی شێوازی جوانکارییەکە گوتی "دەتوانین رەنگی رووخساری ئافرەتان بەهۆی بەکارهێنانی ئامێرێک بگۆڕین بۆ رەنگی قاوەیی یان سپی".

یەکێک لە ئاواتەکانی سارێژ سلێمان گرتنی وێنەیەکە بە رووخسارێکی پێکەنیناوی، بەڵام بەهۆی ناڕێکی ددانەکانییەوە تائێستا ئەو خەونەی نەهاتووەتە دی، بۆیە سارێژ تائێستا چەندین جار هەوڵیداوە نەشتەرگەری جوانکاری بۆ ددانەکانی بکات، بەڵام لەبەر متمانە نەکردنی بە دکتۆرەکانی کوردستان پەشیمان بووەتەوە "حەز دەکەم نەشتەرگەریەک هەبێت، راستەوخۆ ددانەکانم چاک بکات نەک بۆ ماوەیەک تێل لەسەر ددانەکانم بێت".

د .شاهۆ زیاد، پسپۆر لە جوانکاری ددان لە بنکەی تەندروستی خانزاد بۆ (رووداو) گوتی لە ماوەی 7 مانگی رابردوودا 207 کەس سەردانی بنکەکەیانی کردووە کە تایبەتە بە نەخۆشییەکانی ددان، کە زۆر لەوانە بۆ رێککردنی ددانەکانیان سەردانیان کردوون و بە تێل بۆیان راست کردوونەتەوە. ئەو پسپۆڕە گوتی ئەگەر کەسەکە هەموو رێنماییەکانی پزیشک جێبەجێ بکات و ددانەکانی پاک و خاوێن رابگرێت، بە دڵنیاییەوە "چیمان بوێت دەتوانین جێبەجێی بکەین، تا ئێستاش هیچ کێشەمان بۆ دروستنەبووە".

ئەڤین ئیبراهیم، توێژەری کۆمەڵایەتی، پێیوایە زۆربوونی ئەم دیاردەیە پەیوەستە بە لاساییکردنەوەی رۆژئاواو گۆڕانی کۆمەڵگەوە، هەروەها پەیوەندی بە تەندروستی دەروونی و جەستەوە هەیە، ئەڤین ئاماژەی بەوەشدا رەنگە جوانکاری ئاکامی خراپی بەدواوە بێت، بەڵام کۆمەڵگە راناوەستێ و مرۆڤ حەزی لە گۆڕانە "ئەمەش لە چوارچێوەی ئازادی تاک دایەو، تاک کە جوان بوو خۆی خۆشدەوێ و حەز دەکات هەموو چەمکەکانی جوانی لە خۆی دا بدۆزێتەوە".

زۆرجار ئەو جوانکاریانەی بۆ رووخسار دەکرێن، سەرکەوتوو نابن و رەنگە لەبڕی جوانکردن ناشرینتری بکەن، تەنانەت هەندێک لەو جوانکاریانەی پێویستی بە نەشتەرگەری گەورە هەیە رەنگە لە دوارۆژ مەترسی بۆ سەر ژیانیان هەبێت، وەک چۆن مایکل جاکسۆن دووچاری شێرپەنجەی پێست هات.

رووخسارە خەماوییەکەی زینەی تەمەن 29 ساڵ، زۆر بە ئاسانی هەست پێدەکرا، زینە دەڵێت وامدەزانی پزیشک دەتوانێت خۆشبەختیم بۆ بگەڕێنێتەوە بەلابردنی مووی سەر رووخسارم، کە هەمووجار زینەی لەسەیرکردنی ئاوێنەی پەشیمان کردووەتەوە، بەڵام ئەنجامی نەبوو، زینە سێ ساڵە بەردەوام سەردانی دکتۆرێکی پسپۆر لەبواری جوانکاری دەکات بۆ لابردنی موو، چەندەها جار لێزەری لە دەم و چاوی داوەو پارەیەکی زۆریشی خەرجکردووە، بەڵام وا دیارە هیچ ئاکامێکی نەبووە.

ئەمیرە ئامۆژگاری کچان دەکات کە رووخساری خۆیان نەگۆڕن، چونکە هەموو کەس بە سروشتی خۆی جوانەو رەنگە لە داهاتووشدا گرفتی تەندروستیان بۆ دروستبکات.



# ئابووری

## پلاندانان چاوەڕێی پرۆژەکانە



رووداو - هەولێر

عوسمان شوانی، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە کوردستان بڕی 17 % ئەو بودجەیەی بەردەکەوێت کە حکومەتی بەغدا بۆ ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەک لە بوارەکانی نیشتەجێکردن و ئاوو ئاوەڕۆ و کشتوکاڵ و تەندروستی و پەروەردە و وەرزش و گەیاندنەوە تەرخانی کردووە. شوانی داوای لە وەزارەتەکانی حکومەتی کوردستان کرد کە پرۆژەکانیان پێشکەشی وەزارەتی پلاندانان بکەن بۆ ئەوەی ئەوانیش بیدەنە حکومەتی بەغدا بۆ بڕیاردان لەسەر جێبەجێکردنیان.

| دینار | | 1 تەن | |
|---|---|---|---|
| 100 $ | 118700 | $ 485 | |
| 100 € | 167400 | $ 114 | |



# کوردستان گەشتیارانی عێراقی لە سوریا و لوبنان دەستێنێ



ڕەوا عەبدوڵڵا
rawaebdalla@yahoo.com

**رووداو - هەولێر**

دوای بینینی ناوچە گەشتیارییەکانی کوردستان، چیتر ناوچە گەشتیارەکانی لوبنان و سوریا جێی سەرنجی عامر نین، ئێستا ئەو گەنجە عەرەبە هەر پانزە رۆژ جارێک لەگەڵ خزم و کەسەکانی بۆ گەشت روو لە هەرێمی کوردستان دەکات و چەند رۆژێک دەمێننەوە.

عامر عەباس، 28ساڵ، کە دانیشتوی پارێزگای سەلاحەددینە، دەڵێت ئێستا کۆمپانیا گەشتیارییەکانی نێوەڕاست و خوارووی عێراق، لەتەک ریکلامکردن بۆ گەشتی وڵاتانی لوبنان، سوریا و تورکیا، ریکلامی گەشت بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستانیشیان هەڵواسیوە، کە بۆ گەشتێکی یەک هەفتەیی بۆ کوردستان بە هوتێل و ئۆتۆمبێل و خواردنەوە 150-200 دۆلار لە هەر گەشتیارێک وەردەگرن.

عامر نرخی گەشتی کوردستانی پێ هەرزانە و هەر بۆیەش زوو هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێرێت "ئەو نرخە بەبەراورد لەگەڵ نرخی گەشت بۆ وڵاتانی دیکە زۆر هەرزانە، بۆیە زۆربەی گەشتیاران روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن، نەک وڵاتانی دیکە". ئەو گەشتیارە عەرەبە گوتیشی" ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان هیچیان لە وڵاتانی دەوروبەر کەمتر نییە".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گەشتوگوزاری هەولێر، لەماوەی پێنج مانگی سەرەتای ئەمساڵ 131867 گەشتیار لە هوتیلەکانی هەولێر، شەقڵاوە، سۆران دابەزیون (هەولێر 122548 گەشتیار، شەقڵاوە 5578 گەشتیار و سۆران 3741 گەشتیار).

بەرپرسانی وەزارەتی گەشتوگوزاریش دەڵێن ئەمساڵ بەبەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوو، ڕێژەی هاتنی گەشتیاران بۆ هەرێمی کوردستان 126% زیادی کردووە.

مەولەوی جەبار، بەڕێوەبەری گشتیی گەشتوگوزار لە هەولێر، بە (رووداو)ی راگەیاند دوای ئەو پرۆتۆکۆڵەی هەردوو وەزارەتی گەشتوگوزاری عێراق و هەرێمی کوردستان لە مانگی نیسانی ئەمساڵ مۆریان کرد، ئێستا بەهۆی ئاسانکاری بۆ گەشتیاران رۆژ بە رۆژ ژمارەی گەشتیارانی نێوەراست و باشووری عێراق بۆ کورستان روو لە زیاد بوونە.

مەولەوی گوتی "بۆ راکێشانی سەرنجی گەشتیاران جگە لە ئاسانکاری لە بازگەکان، هەوڵمانداوە بەردەوام ناوچە گەشتیارییەکان پاک و خاوێن رابگرین و رۆژ بە رۆژ هانی وەبەرهێنەران بدەین بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی گەشتیاری نوێ".

هەرێمی کوردستان نزیکەی 100 ناوچەی گەشتیاری لێیە کە خزمەتگوزاری بۆ چووە، جگە لەو ناوچە گەشتیارییانەی کە تائێستا هیچ خزمەتگوزارییەکیان تێدا نەکراوە، تەنیا لە سنووری پارێزگای هەولێر زیاتر لە 23 ناوچەی گەشتیاری هەن. بە بڕوای ئابووریناسان، ئەگەر ئەو ناوچە گەشتیاریانە گرنگیان پێبدرێت و پرۆژەی گەشتیاریان لێدروست بکرێت لە ماوەیەکی کەم هەرێمی کوردستان دەتوانێ کێبرکێ لەگەڵ ناوچە گەشتیارییەکانی دەوروبەر بکات.

ئومێد کەیفی، بەڕێوەبەری کاروباری گەشتیاری لە وەزارەتی گەشتوگوزار، ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان هەوڵێکی زۆریانداوە بۆ گرنگیدان بە ناوچە گەشتیارییەکان و هانی وەبەرهێنەران دەدەن تا شاری گەشتیاری و هوتێل و ریستورانت لە ناوچە گەشتیارییەکان دروستبکەن، ئەویش بە دابینکردنی زەوی بەنرخێکی زۆر هەرزان بۆیان "بۆیە ئێستا دەیان پرۆژەی گەشتیاری لە وەرگرتنی مۆڵەت و قۆناخی جێبەجێکردندان"، هەروەها گوتیشی "ماستەرپلانی دوو پرۆژەی گەورەی گەشتیاری لەسەر چیای سەفین و لە تەنیشت پارکی هەولێر لەلایەن وەزارەت ئامادەکراون، لەماوەیەکی نزیکدا لەرێگەی کەرتی تایبەت دروستدەکرێن".

ناوبراو ئاماژەی بە نێوەڕۆکی پرۆتۆکۆلی هەردوو وەزارتی گەشتوگوزاری کوردستان و عێراق داو گوتی "بەپێی پرۆتۆکۆڵەکە گەشتیارانی عێراق دەتوانن لە رێگەی کۆمپانیا گەشتیارییەکان بێنە کوردستان، بەڵام پێویستە لەسەر کۆمپانیاکان پێش گەشتەکە لە رێگەی ئیمێل ناوی گەشتیاران بۆ وەزارەتی گەشتوگوزار بنێرن، تاوەکو لە بازگەکان کار ئاسانیان بۆ بکەین".

زیاتر لە100 کۆمپانیای گەشتیاری ناوی خۆیان تۆمار کردووە تاوەکو دەستەی گەشتیاری لە وەزارەتی گەشتوگوزار ئاسانکاریان بۆ بکات لەکاتی هێنانی گەشتیارانی عێراق بۆ کوردستان، کە ماوەی هەر گەشتێکیان 4- 7 رۆژ دەخایێنێت، بۆیە ئێستا هوتێلەکانی کوردستان جمەیان دێت لە گەشتیاری عەرەب.

بەختیار عەزیز خاوەن و بەڕێوەبەری هۆتێلی شیرین پالاس لە هەولێر، دەڵێت رۆژ بە رۆژ ژمارەی گەشتیارانی عەرەب روو لە زیادبوونە. ئوتێلەکەی بەختیار کە لە 100 ژوور پێکدێ، وەک خۆی دەڵێ"زۆرجار سەرجەم ژوورەکانمان پڕ دەبن، تەنانەت هەندێک لە گەشتیاران چەند رۆژێک بەر لە هاتنیان داوای ژوور دەکەن".

ئابووریناسان دەڵێن سروشت و ئاووهەوای هەرێمی کوردستان، سەرجەم پێکهاتەکانی گەشتیاری تێدایە، ئەگەر پرۆژەی گەشتیاری سەرنج راکێشی لێ دروست بکرێت دەتوانێ کێبرکێ لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر بکات بۆ راکێشانی سەرنجی گەشتیاران.

د.محەممەد سەلمان، سەرۆکی بەشی ئابووری لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سەلاحەددین، هاتنی گەشتیارانی عەرەبی نێوەڕاست و باشووری عێراق بەخاڵی وەرچەرخانی بووژانەوەی کەرتی گەشتیاری داناو گوتی "دڵنیام ئەم جموجۆڵە گەشتیارییە دەبێتە هاندەرێک بۆ بنیاتنانی دەیان پرۆژەی گەشتیاری لە کوردستان". ئەو ئابووریناسە رەخنەی لەوەبەرهێنەرانی ناوخۆ گرت، کە نەیانتوانیوە سوود لەو ئاسانکارییانە وەربگرن کە لە یاسای وەبەرهێناندا بۆیان کراوە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی گەشتیاری. د.محەممەد لەو باوەڕەدایە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەیان پرۆژەی گەشتیاری لە ناوچە گەشتیارییەکان دروستدەکرێن "بەو هۆیەشەوە کوردستان لەرووی گەشتیارییەوە دەتوانێ کێبرکێ لەگەڵ وڵاتانی وەک لوبنان، سوریا، میسر و تورکیا بکات".




**%126**

**ڕێژەی ئەمساڵی زیادبوونی هاتنی گەشتیارانە بۆ کوردستان بەبەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوو**

وەزارەتی گەشتوگوزار

# کوردستان بەبێ نەخشە دەچێنێ



## ساڵانە زیاتر لە 4 ملیۆن هێکتار زەوی بە هەڕەمەکی دەچێنرێت

**رووداو- هەولێر**

بەهۆی نەشارەزایی لە جۆری پێکهاتەی خاکی زەوییەکەی و نەزانینی چاندنی بەرهەمی شیاو، ماوەی پانزە ساڵە، عەبدولڕەحمان محەممەد سەرەڕای ماندووبوون و خەرجییەکی زۆر، لەجیاتی قازانج دەبێت زیان بژمێریت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە هیچ کات هەوڵی نەداوە لە هۆکاری زیانەکەی بکۆڵێتەوە و زەوییەکەی بپشکنێت.

ئەو جوتیارە خاوەنی 10 دۆنم زەوی کشتوکاڵییە لە گوندی خەلانی سەر بە ناحیەی حاجی ئۆمەران، دان بەوە دادەنێت لە ماوەی ئەم پانزە ساڵەدا تەنیا بەرهەمی تەماتەو باینجان و خەیاری چاندووە و زۆربەی ساڵەکان لەجیاتی قازانج زیانی بەرکەوتووە. عەبدولرەحمان محەممەد، 42 ساڵ، دەڵێت "نازانم هۆی زیان پێکەوتنم چییە، رەنگە لە نەزانینی چاندنی ئەو بەرهەمە بێت کە لەگەڵ جۆری خاکی زەوییەکەم دەگونجێ".

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی کشتوکاڵ کە وێنەیەکی دراوەتە (رووداو)، هەرێمی کوردستان خاوەنی 4185772 هێکتار زەوی گونجاوە بۆ کشتوکاڵکردن کە بەم شێوەیە دابەشکراوە: (دێمەکار 1368388، بەراو 167406، دارستان 1360379، پاوان 1227369، رەزگەری 62230).

بەڵام بەهۆی نەبوونی نەخشەی بەرهەم، تائێستا نەتوانراوە وەک پێویست سوودی لێ ببنرێت. بەوهۆیەشەوە هەزاران جوتیاری وەک عەبدولڕەحمان ساڵانە وێڕای ماندووبوون و تێچووی زۆر، بەهۆی نەزانینی جۆری خاکی زەوییەکانیان، بەرهەمی نەگونجاو دەچێنن و زیانیان پێدەکەوێت، پسپۆرانی بواری ئابووری و کشتوکاڵ جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە بەبێ بوونی نەخشەی بەرهەم، هیچ کات کشتوکاڵ سەرناکەوێت.

> **ئەگەر نەخشەی بەرهەممان هەبووایە دەمانتوانی بۆ جووتیارانی روون بکەینەوە کە خاکی زەوییەکەیان بۆ چ بەهەمێک باشە**
>
> عەبدولکەریم نووری، بەڕێوەبەری گشتیی توێژینەوە لە وەزارەتی کشتوکاڵ



لە سادەترین پێناسەیدا نەخشەی بەرهەم بریتییە لە پۆلێنکردن و شیکرنەوەی پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی خاک، کە بەهۆیەوە دەتوانرێ خاکی شیاو بۆ بەرهەمی شیاو دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی لە کەمترین یەکەی خاک زۆرترین بەرهەم بەدەست بهێنرێت.

لەساڵی 2007وە وەزارەتی کشتوکاڵ لەهەوڵی دانانی نەخشەی بەرهەمە بۆ زەویە کشتوکاڵییەکان، کەچی تائێستا نەیانتوانیوە دایبنێن، بەڵام ئێستا لەدەسپێکی پرۆژەکانی پلانی ستراتیژی 5 ساڵەی وەزارتی کشتوکاڵ، بڕی 3 ملیار دۆلار تەرخانکراوە و دەبێ لەماوەی 2 ساڵی یەکەم، پلانی ستراتیژی پرۆژەکە تەواو ببێت.

ئەنوەر عومەر قادر، بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێ "بڕیار بوو لەسەرەتای ئەمساڵ دەست بەپرۆژەکە بکەین، بەڵام بەهۆی دواکەوتنی کارەکان دواکەوت، ئێستا لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری لە گفتوگۆداین بۆ دابینکردنی بودجەکەو دانانی هەیکەلی بەڕێوەبەرایەتییەک بەناوی بەڕێوەبەرایەتی نەخشەی بەرهەم لەهەرێمی کوردستان کە لقی لەهەر سێ پارێزگا دەبێت".

گوتیشی "لێژنەی سەرپەرشتی باڵای پرۆژەکە لەهەر پارێزگایەک بۆ کاری مەیدانی 4 تیمی پیشکنینی پێکهێناوە، بەڵام لەرووی تەکنیکی و زانستی ئاستەنگمان هەیە، بۆیە یاداشتی لێک تێگەیشتنمان لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی مۆرسیای ئیسپانیا ئیمزاکردووە بۆ ئەوەی هاوکارمان بن لە شیکردنەوە و دۆزینەوەی چارەسەر لەرووی زانستی و تەکنیکیەوە".

عەبدولکەریم نوری، بەڕێوەبەری گشتیی توێژینەوەو ڕێنمایی کشتوکاڵی لە وەزارەتی کشتوکاڵ بە (رووداو)ی راگەیاند کە "بەهۆی نەبوونی نەخشەی بەرهەم تائێستا نەمانتوانیوە هیچ رێنماییەکی چاندنی بەرهەم بۆ جوتیاران بخەینەڕوو، بۆیە تائێستا لەگەڵ بوونی ئەم هەموو زەویە بەپیتە، جوتیار بەهەڕەمەکی بەگوێرەی عەقڵی خۆی چ بەرهەمێکی بەچاک زانی چاندوویەتی"، گوتیشی "ئەگەر نەخشەی بەرهەممان هەبووایە دەمانتوانی بەهۆیەوە دابەشکردنی جوگرافی تەواوی بەرهەمەکانمان هەبووایە و ئەوکات دەمانتوانی بۆ جوتیارانی روون بکەینەوە کە خاکی زەوییەکەیان بۆ چ بەرهەمێک گونجاوە".

مێژووی کێشانی نەخشەی بەرهەم، بەشێوەیەکی گشتگیر لەعێراق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو، کاتێک بۆ یەکەمین جار لەلایەن پسپۆرێکی هۆڵەندی بەناوی (بیورینگ) کاری لەسەر کرا و دوای لێکۆڵینەوە لەپەرتوکێک بەناوی (چۆنیەتی خاکی عێراق) نەخشە و تایبەتمەندی خاکەکەی خستەڕوو، بەڵام دوای ئەوە لە عێراق بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی هیچ کار لەسەر نەخشەی گشتگیر نەکراوە، هەرچەندە لەساڵانی 1967 و1975 و1979 هەندێک هەوڵ بۆ ئەنجامدانی هەبوو، بەڵام دەرئەنجامەکەی بێ ئاکام بوو چونکە ناوچەیی بوون، ئەمە لەکاتێکدایە کە شارەزایانی بواری کشتوکاڵ ئاماژە بەوە دەدەن هەر 25 ساڵێک جارێک پێویستە نەخشەی گشتگیر بۆ خاک ئەنجامبدرێ.

بۆ سەرکەوتنی پرۆژەی نەخشەی بەرهەم پسپۆرێکی روپێو پۆلێنکاری خاک و ئاو، ئاماژە بەدوو قۆناخی بنەڕەتی دەکات کە پێویستە رەچاو بکرێن، ئەوانیش قۆناخی رووپێو و پۆلێنی گشتی خاکی هەرێمی کوردستان و قۆناخی پۆلێنی یەکەکانی پێکهاتەی خاکەکەی و شیکردنەوەی لە رووی فیزیایی و کیمیایی.

د.ئیبراهیم محەممەد ئەمین، کە هاوکات مامۆستایە لەکۆلێژی کشتوکاڵ، دەڵێ لەدوای ئەنجامدانی ئەو دوو قۆناخە ئینجا لەقۆناخی سێیەم دەتوانرێ چەند نەخشەیەک بەدەست بهێنرێن، کە یەکێک لەوانە نەخشەی بەرهەمە، گوتیشی "گرنگترین قۆناخ، قۆناخی رووپێوی خاکە، ئەگەر بەشێوەیەکی زانستیانە کاری لەسەر بکرێت، ئەوا دەتوانرێ بۆ ماوەی 25 ساڵ لەبەدەستهێنانی نەخشەی بەرهەم سوودی لێ ببینرێت، بەوشێوەیە دەتوانین بگەینە ئەو قۆناخەی لە کەمترین یەکەی خاک، زۆرترین بەرهەم بەدەستبێنین".

د.ئیبراهیم، رەخنەی لە بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵ هەبوو بەوەی لە چەند ساڵی رابردوودا پلانێکی توکمەی نەبووە بۆ ئەنجامدانی نەخشەی بەرهەم " تەنانەت سوود لە توێژینەوەی مامۆستایان و قوتابیانی کۆلێژە کشتوکاڵییەکان و نەخشە کۆنەکانیش وەرنەگیراوە، ئێستا دەیان توێژینەوە لەسەر رەفەکانی کتێبخانەی کۆلێژەکان کەوتوون، بێ ئەوەی بخرێنە بواری کردەییەوە".

عەبدولڕەزاق عوسمان، پسپۆری ئابووری، پێیوایە نەبوونی نەخشەی بەرهەم یەکێک بووە لەو هۆکارە سەرەکیانەی کە وای کردووە تائێستا هەرێمی کوردستان نەتوانێت کشتوکاڵ لە خۆژیاندنەوە بگۆڕێت بۆ کشتوکاڵی بازرگانی، گوتیشی "دواکەوتوویی لە کشتوکاڵ و مانەوەی لەقۆناخی خۆژیاندن، راستەوخۆ کاری کردووەتە سەر دواکەوتوویی پیشەسازی خۆراکی و جووڵەی بازرگانی و تەنانەت بازاڕیش". ئەو ئابووریناسە دەڵێت " ئێستا بەهۆی نەبوونی نەخشەی بەرهەم زۆربەی زەویە کشتوکاڵییەکانی هەرێمی کوردستان خەساربوون و پارەیەکی زۆریشمان لە تێچووی بەرهەمهێنان بەفیرۆچووە و بەرهەمی دەرەکی کۆنترۆڵی بەرهەمی ناوخۆیی کردووە".



# گەنجێک دوای تەواوکردنی حوکمی زیندانیکردنی ناتوانێ لە زیندان بێتە دەرەوە





**ئازیز مەحمود**
azizshane@yahoo.com

**ڕووداو- سلێمانی**

نەدەبوو دیار ئەو دەمانچەیە بفرۆشێت کە بە ناوی پۆلیسییەوە وەریگرتبوو، بەڵام خراپی بژێوی ژیان وایلێکرد دەمانچەکەی حکومەت بفرۆشێت، بەڵام دوای ئەوەی ئاشکرابوو زیندان کرا.

دیار ئەورەحمان، 27 ساڵ، پۆلیسی دارستان، دوای ئەوەی ژیانی هاوسەری پێکهێنا، گیرۆدەی چەندین گرفتی کۆمەڵایەتی بوو. دیار دەڵێ دوایین ئەو گیرۆدەییانە فەرمانەکانی خەسووی بوون بەسەریدا، کە دەبێ بە زووترین کات ماڵی جیا بۆ کچەکەی دابنێ. لەدوای بیانوو پێگرتنێکی زۆر لەلایەن خەسوویەوە دیار ناچار دەبێت خانویەک بگرێت تا هاوسەرەکەی و خەسوی چی دی لەوە زیاتر بیانووی پێ نەگرن.

هەڕەشەکانی خەسووی بە لێسەندنەوەی کچەکەی، دیار ناچار دەکات بە فرۆشتنی دەمانچەکەی، دیار گوتی "خەسووم داوای لێکردم کە خانوویەک بە کرێ بگرم بۆ کچەکەی، بەڵام خانووم دەستنەکەوت بەبێ پێشەکی، بۆیە ناچار بووم دەمانچەکەم بفرۆشم بۆ پێشەکی ئەو خانووەی بە کرێم گرت".

دوای ئەوەی ئاشکرا دەبێ کە دیار ئەو دەمانچەیەی فرۆشتووە کە لە حکومەت وەریگرتووە، لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێ، دوای دادگاییکردن بە یەک ساڵ و 6 مانگ حوکم دەدرێ، هەروەها بەبڕێک پارەش سزا دەدرێ.

هەرچەندە دیار 7 مانگە ماوەی حوکمەکەی تەواو کردووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ناتوانێ سزا داراییەکە بدات ئازاد ناکرێ، دیار گوتی "جگە لە زیندانیکردن بە بڕێک پارەش غەرامە کراوم، بەڵام بەهۆی ئەوەی توانای داراییم نییە، ناتوانم غەرامەکە بدەم، بۆیە 7 مانگە حوکمەکەم تەواو کردووەو ئازاد ناکرێم". دیار گوتیشی "کەسم نییە جگە لە پیرە دایکێک و دوو خوشک و برایەک، ئەوانیش لە خانووی کرێدا دەژین، خەڵک خێریان پێ دەکات، کەس نییە ئیشیان بۆ بکات".

نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون گرفتێکی سەرەکی گەنجانی کوردستانە بەتایبەت بۆ ئەو گەنجانەی تازە ژیانی هاوسەرێتی پێکدەهێنن. دیار یەکێکە لەو گەنجانەی بژێوی ژیان بەو ڕۆژەی گەیاندو لای خۆیەوە سکاڵای لە حکومەت کرد کە وەک پێویست هاوکاری گەنجان ناکات "پێویستە حکومەت کار ئاسانی بکات بۆ گەنجان بەوشێوەیە گەنج پشتگوێ نەخات، من ئەگەر بژێوی ژیانم باش بووایە یان حکومەت یارمەتی بدامایە ئەو کارەم نەدەکرد".

دیار خوازیارە حکومەت کار ئاسانی بۆ بکات تاوەکو بتوانێ ئەو پارەیە پەیدا بکات بۆ ئەوەی لە زیندان بێتە دەرەوە "دەڵێن حکومەت باوکی هەموو کەسێکە با لێم خۆش بێت تا بتوانم هیچ نەبێ بچمە دەرەوە ئیشێک بکەم پارەکەی بۆ دابین بکەم"، دیار گوتیشی "پیرە دایکێک و برایەکی نەخۆشم هەن، کەس نییە یارمەتیان بدات".

هەروەها نیگەرانی خۆشی لە وەڵامنەدانەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان نیشاندا لە کێشەکەی و گوتی "چەندین نووسراوم ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە، هەر ئێستا سێ نووسراوم لای کاک عیماد ئەحمەدە هەمووی بێ وەڵامن، داواکارم لە کاک عیماد لەو بەندیخانەیە ڕزگارم بکات".

## ناچاربووم دەمانچەی پۆلیسیم بفرۆشم بۆ پێشەکی ئەو خانووەی بە کرێم گرت

دیار ئەورەحمان، لەنێو زینداندا

# ئەوانەی دەنگیان نەدا پەشیمان نین

## دەنگنەدەرێک: هەرکەسێک دەسەڵات وەربگرێت لەبەر ماستاوچی و گەندەڵکاران ئەویش گەندەڵ دەبێت



وێستگەیەکی چۆڵی دەنگدان (فۆتۆ:حوسێن هیممەتی)

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو-هەولێر**

ئەو ڕۆژەی خەڵک بە جۆش و خرۆشەوە ڕووی لە بنکەکانی دەنگدان دەکرد بۆ ئەوەی 111 نوێنەر بۆ ماوەی 4 ساڵی داهاتوو ڕەوانەی پەرلەمان بکەن، ئەو ڕۆژە زریان پرخەی خەوی دەهات و ئامادە نەبوو پەنجەی شایەتمانی بە مەرەکەب بکات و دەنگی نەدا "ئامادە نیم دەنگی خۆم خەسار بکەم".

زریان عوسمان، 22 ساڵ، شوفێری تەکسی، یەکێکە لەو دەنگدەرانەی هیچ کام لە لیستەکانی ئەمجارەی هەڵبژاردنیان بەدڵ نەبوو و دەنگی نەدا. زۆربەی ئەوانەی دەنگیان نەداوە پاساو بەوە دەهێننەوە کە گەندەڵی و نا عەدالەتییەکی زۆر هەیە و ئەو دەنگدانەش ناتوانێ گەندەڵی نەهێڵێ بۆیە دەنگیان نەداوە.

بەپێی ئاماری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، 2 ملیۆن و 520 هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەبووە، کە لە دەنگدانی تایبەت ڕێژەی بەشداری دەنگدەران 85% بووە، لە دەنگدانی گشتیش ڕێژەی بەشداریکردن 78.5% بووە. بە گوێرەی شارەکانیش بەو شێوەیە بووە: هەولێر 79%، سلێمانی 74.5%، دهۆک 85% و بەغدا 15%.

زریان عوسمان، 22 ساڵ، هۆکاری دەنگنەدانەکەی زیاتر ڕوونکردەوەو گوتی لەبەر واستەکاری و گەندەڵی دەنگم نەدا. زریان 3 ساڵە فۆرمی دامەزراندنی لە یەکێک لە فەرمانگەکانی حکومەت پڕ کردووەتەوە، کە ببێتە شوفێر، بەڵام تائێستا دانەمەزراوە "لەو وڵاتەدا ئەگەر کەسێکی دەسەڵاتدار نەبی تۆ هاووڵاتی پلە دووی، لەدوای فۆرم پڕکردنەوەکەی من چوار پێنج کەسی دیکە لەو شوێنەی من دامەزراون، تەنیا لەبەر ئەوەی خزمی فلان و فیسارن".

ئەم گەنجە بێ متمانەیی گەیشتووەتە ڕادەیەک پێیوایە هەر کەسێک لەم وڵاتە دەسەڵات بگرێتە دەست گەندەڵ دەردەچێت، چونکە وەک ئەو دەڵێ "هەرکەسێک دەسەڵات وەربگرێت ئەوەندە خەڵکی ماستاوچی و گەندەڵی لە دەور کۆدەبێتەوە، لەنێو گەندەڵیدا دەخنکێت".

هەرچەندە بە تەمەنەکان زیاتر لە گەنجان بە گوڕوتینەر بەرەو سندووقەکانی دەنگدان دەچوون، بەڵام لەنێو توێژی پیرانیش کەسانێک هەن باوەڕیان بە هەڵبژاردن نییە. عەبدوڵڵا مەحمود، 65 ساڵ، کە لەو هەڵبژاردنە دەنگی نەدا پێیوایە هەڵبژاردن لە کوردستان "بریتییە لە گۆڕینی دەموچاوەکان"، بۆیە تا هەڵبژاردن لە کوردستان ئەو پێناسەی هەبێ مام عەبدوڵڵا ئامادە نییە دەنگ بدات.

مام عەبدوڵڵا، گوتی 10 ساڵ پێشمەرگەی ئەیلول بووە، بەڵام ئێستا زۆر پەشیمانە لەو خەباتەی کردوویەتی "ئەوانەی تا دوێنێ نان نەبوو بیخۆن، ئێستا ملیۆنێرن، کەسیش ئێمەی لەیاد نییە، تەنانەت ئەگەر بەدەستیان بێت هەواشمان بە پارە پێدەفرۆشن".

ڕەوا عەبدولقادر، 23 ساڵ، قوتابی زانکۆ، جگە لەوەی بە خۆی دەنگی نەداوە هەوڵێکی زۆریشی لەگەڵ خێزانەکەی و هاوڕێ نزیکەکانی داوە تا قەناعەتیان پێ بێنێ دەنگ نەدەن، ڕەوا گوتی "هیچ پەشمان نیم لەو کارەی کردوومە چونکە حیزب لە وڵاتی ئێمە بووەتە ئەژدیهایەک، هیچ شتێک نەماوە هێرشی بۆ نەبردبێت و هەوڵی قورخکردنی نەدابێت، ئەوەش بەپێچەوانەی هەموو یاساو ڕێساو ئاین و کولتورێکە، بۆیە ئەوە بە من قبوڵناکرێ".

ڕەوا گوتیشی حکومەت بەردەوام ناز بەسەر خەڵکەوە دەکات کە شەقام و بڕێک ئاو و کارەبای بۆ دابینکردووە، بەڵام نازانێت ئەوە سادەترین مافی هاووڵاتییە بۆیە "حکومەت دەیەوێ هەموو خەڵک ماستاوی بۆ بکات و بۆ باش خراپ هەر چەپڵەی بۆ لێبدات".

# لەهای ستی بووە کێشە



**سۆران بەهائەدین**
Soran2025@yahoo.com

**ڕووداو-هەولێر**

لەسەر بەرنامەیەکی سەتەلایەتی کۆڕەک کێشە دەکەوێتە نێوان مامۆستایەکی پەیمانگەی وەرزشی هەولێر و سەید قادر بەرزنجی خاوەنی هۆڵی های ستی، هەردوو یەکتر تۆمەتبار دەکەن کە هێرشیان کردووەتە سەر یەک و هەڕەشەیان لە یەکتر کردووە.

ڕێبوار محێدین، مامۆستای پەیمانگەی وەرزشی و سەرۆکی سەنتەری ڕۆشنبیری ئاشتی بە لاشەی خوێناویەوە دەچێتە بنکەی پۆلیس و سکاڵا لە دژی سەید قادر تۆمار دەکات کە گوایە چەند چەکدارێکی سەید قادر نەیێتە ژوورەوە، بەڵام ڕێبوار ویستوویەتی بەزۆر بێتە ژوورەوە".

وەک سەید قادر باسی دەکات، لەناو چێشتخانەی هۆڵەکە بووەتە دەنگە دەنگ، بینیوێتی ڕێبوارو چەند گەنجێک دەیانەوێت لە دەرگای پشتەوە بچنە ژوورەوە، بۆیە پێیاندەڵێت بڕۆنە دەرگای سەرەکی، ئێستا ستافی کۆڕەک تیقی ئاگادار دەکەمەوە، کەچی "ئەوان ڕانەوەستان و دەستیان کرد بە جنێودان و هەڕەشەکردن، بە پێلەقە لە دەرگایان دەدا، منیش پەیوەندیم بە ئاسایشەوە کرد و هاتن ئەوانیان برد، تا کاژێر 2ی شەو لە ئاسایش مابوونەوە".

ڕێبوار کە لەنێو ماڵەکەی خۆی لەناو جێگە کەوتبوو، هێشتا شوێنەواری لێدان بە ڕووخساریەوە دیاربوو، ئاماژەی بەوەدا ئەو لەلایەن تەلەڤزیۆنی کۆڕەکەوە بانگهێشت کرابوو کە چەند گەنجێک لەگەڵ خۆی ببات بۆ بەشداریکردن لەبەرنامەکە، سەرەتا چەند برادەرێکی ناردبوو، پاشان کاژێر 8ی شەو لێیاندام، هەموو دەم وچاویان شکاندم".

ڕێبوار دەڵێت دوای شەڕەکە، ئاسایش هاتن ئێمەیان دوورخستەوە، یەک خولەکیش نەگیراین "لەناو ئۆتۆمبێل لە هۆش خۆم چووم و منیان گەیاندە نەخۆشخانە، سێ کاژێر بێهۆش بووم، هەر ئەو شەوە سکاڵام لە دژی سەید قادر تۆمار کرد".

سەرچاوەیەک لە تەلەڤزیۆنی کۆڕەک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو شەوە قەرەباڵخی لەدەوری هۆڵەکە هەبوو، بۆیە داوامان کرد بەبێ مۆڵەتی ئێمە کەس نەیێتە ژوورەوە "سەید قادر پەیوەندی کرد، گوتی ئەوانە دەیانەوێت بێنە ژوورەوە، ڕێگەمان پێدان، ڕێبوار تووڕە ببوو، بەخۆی هاوڕێکانی گوتیان تازە نایێینە ژوورەوە، هەردوولا جنێویان بەیەکتر دەدا، جەماعەتی سەید قادر هێرشیان دەکردە سەر ئەوان، بەڵام نەمبینی کەس لە کەس بدات".

سەید قادر ڕەتیکردەوە کە لە کەسیان دابێ "ئاسایش هەیە بۆ لە خەڵکی دەدەین"، گوتیشی "ئەو قسانەی ڕێبوار دەیکات هەموو ناڕاست و دروستکراون، بەڵکو ڕێبوار ڕۆژێک دوای ڕووداوەکە بەسەرخۆشی ئۆتۆمبێلی لێخوڕیوەو خۆی بە ستوونی کارەبا داداوە، لە نەخۆشخانەش گوتوویەتی شەو خاوەنی های ستی لێیداوم".

ڕێبوار زۆری پێ سەیربوو سەیدقادر دەڵێت بەئۆتۆمبێل لە ستوونی کارەبای داوە، بەڵکو دەڵێت، ئۆتۆمبێلەکەی ئەو لەلای دوو هاوڕێی بووە، دوای دوو ڕۆژ لە ڕووداوەکە دەعمیان کردووە، ڕێبوار ئەوەشی ڕەتکردەوە کە هەرگیز لە ژیانی خۆی مەشروبی خواردبێتەوە.

لاوین ڕزگار، دەڵێ لەگەڵ هاوڕێیەکی بەئۆتۆمبێلەکەی ڕێبوار دەچوون بۆ بنکەی پۆلیسی کەسنەزان بۆ شاهێدی، لە ڕێگە لە ستوونی کارەبا دەدەن. لاوین کە قاچی شکاوەو پلاتینی لێبەستراوە دەڵێت "ڕێبوارمان لەگەڵ نەبوو، من ئۆتۆمبێلم لێدەخوڕی".

بەبڕوای سەیدقادر هەموو ئەو قسانەی ڕێبوار دەیکات بە گوشاری بەرپرسێکە، هەر ئەوەش وایکردووە سەنتەرەکەی ڕێبوار بەیاننامەیەک دەربکات، ئەو کردەوەیە پرۆتستۆبکات و داوای لێپێچینەوە لە سەید قادر بکات.

دادگای لێکۆڵینەوەی دەشتی هەولێر، بەژمارە 714 لە ڕۆژی 2009/7/19 بڕیاری دەستگیرکردنی سەید قادری داوە، بەپێی مادەی 412ی یاسای سزادان. ڕێبوار، سەید قادری بەکەسێکی شەڕانگێز وەسفکردو پێیوایە سەید قادر بەرپرسی لەپشتە ناگیرێت "ئەگەر ئەو بێ منەتە بۆ ناچێتە بەردەم دادگا".

بەڵام سەیدقادر هۆکاری نەچوونی بۆ دادگا بۆ ئەوە گەڕاندەوە دادگا بێ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکات فەرمانی گرتنی ئەوی دەرکردووە، لەدادگا بوختانیان بۆ دروستکردووم "لە هەموو کەس زیاتر یاسا جێبەجێ دەکەم".



## بۆیە ناچمە دادگا چونکە بوختانیان پێکردووم

سەید قادر



## جەماعەتی سەیدقادر بە قۆنداخ لێیاندام

ڕێبوار

بە قۆنداخە تفەنگ لێیانداوە، بەڵام سەید قادر ڕەتیکردەوە لە ڕێبواری دابێت و دەڵێت "ڕیبوار دەعمی کردووە"، دادگای دەشتی هەولێر فەرمانی دەستگیرکردنی سەید قادری دەرکردووە، بەڵام تائێستا دەستگیرنەکراوە.

سەید قادر بەرزنجی، خاوەنی هۆڵی های ستی، باسی لەسەرەتای ڕووداوەکە کرد، کە چۆن کێشەیان لەگەڵ ڕێبوار بۆ دروستبووە. سەید قادر گوتی "شەوی 18 لەسەر 2009/7/19 تەلەڤزیۆنی کۆڕەک بەرنامەیەکی لە هۆڵی های ستی تۆمار دەکرد، داوایان لە ئێمە کرد دەرگای هۆڵەکە دابخەین و کەس

ڕێبوارو برادەرێکی دەچنە هۆڵەکە "لەدەرگای سەرەکی بە سەید قادرم گوت داوەتکراوم دەچمە ژوورەوە، نەیهێشت، گوتم کادیری حیزبیم، گوتی چییە بەناوی حیزب هەموو شتتان داگیرکرد، تازە هەر نایێیتە ژوورەوە".

ڕێبوار تەلەفۆن بۆ هاوڕێکانی دەکات کە لەناو بەرنامەکە دەبن، هەموویان دێنێتە دەرەوە، بەگوێرەی قسەکانی ڕێبوار لەو کاتەی ویستوویەتی سواری ئۆتۆمبێل بێت، لەناکاو شەقە زللەیەکی لێدراوەو بینیوێتی سەید قادرە "پاشان چوار چەکدار کە سیانیان بەرگی مەدەنیان لەبەربوو، بە قۆنداخە تفەنگ



ئەو شوێنەی ئۆتۆمبێلەکەی ڕێبوار لە ستوونی کارەبای دا (فۆتۆ:ڕووداو)



رامیار مەحمود - کەنەدا
karwanmramyar55@gmail.com

# لە چاوەڕوانی شارێکدا

سەیرکردنی جیهانی دەرەوە، ئەمریکا و ئەوروپا بۆ کورد سەیرکردنێک نییە بۆ هەرێمی کوردستان لە روانگەیەکی سیاسییەوە، بەڵکو زیاتر لە چوارچێوەی سیاسەتێکی مرۆیدا سەیری ئەم کێشەیە دەکرێت، لە بەستنەوەیدا بە عێراقێکی دیموکراتی دەستووری کە مافی هاووڵاتیان تێیدا پارێزراو بێت. بەڵام فاکتەرە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان و پێداگیری لەسەر فیدرالیزم هێشتنەوەی بەشێکی زۆر لە خاکی کورد لە لایەن هەرێمەوە وەک ناوچەی جێ ناکۆک و ئەم دیمەنە مرۆییەی کوردی گۆڕیوە بە دیمەنێکی سیاسی. چەقی پرسیارەکەی لە رووی ئینسانییەوە وەرچەرخاندووەتە سەر ئاستێکی سیاسی. ئەمە دەبێت وەک خاڵێکی پۆزەتیف سەیر بکرێت لەو بوارەدا. بە سیاسیکردنی کێشەی کورد راستەوخۆ بەرهەمێکی ناوخۆییە نەک دەرەکی. جیهانی دەرەوە خوازیاری ئەوە نییە کێشەی شوناسی خەڵکی هەرێمی کوردستان بهێنرێتە پێشەوە، ئەوان بە روانگەی خۆیان کێشەکە بە هەڵوەشاندنەوەی دیکتاتۆری و دروستکردنی عێراقێکی دیموکراتی دەبەستنەوە. فیدرالیزم و سنووری هەرێمی کوردستان سەت لە سەت دیاردەیەکی ناوخۆییە و بەرهەمی هەرێمی کوردستانە.

ئەوەی لێرەدا بۆ من گرنگە ئەو گۆڕانەیە کە بەسەر ماناکانی ناسیونالیزمدا دێت لە هەرێمی کوردستاندا بە هۆی پرسی کەرکووکەوە. ناسیونالیزم لە ئایدیا گەورەکانی سەدەی بیستەمە و بە درێژایی سەدەی رابردوو مافی چارەی خۆنووسین و ماناکانی لە گۆڕاندایە بەگوێرەی گۆڕان لە سیاقە مێژووییەکاندا. کورد بە شوێن مافی چارەی خۆنووسینەوەن، بەڵام ئەم مافە لە ساڵانی 1945 بۆ 1968 مافی چارەی خۆنووسینی راستەوخۆ لە پەیوەندییەکی بەهێزدا بردە قۆناغی دیکۆلۆنیالیزەشنەوە. لەسەر ئەنجامەکانی سەربەخۆیی سیاسی وڵاتە داگیرکراوەکان بوو. بەڵام کێشەی کورد سەر بە سیاقێکی دیکەیە کە دروشمی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی باشووری کوردستان نییە بەڵکو چارەسەرکردنی کێشەی کوردە لە چوارچێوەی عێراقدا، پێدەچێت ئەوە خاڵێکی دڵخۆشکەر نەبێت بۆ زۆر لە هەوادارانی کوردایەتی. چونکە ئەم چیرۆکە لەلایەک راستەوخۆ بە دەست هەڵگرتن لە بیری جیابوونەوە دەست پێدەکات. ژمارەیەکی زۆر خەڵک بە شێوەیەکی پێشوەخت خۆیان ساخکردووەتەوە لەسەر بێ هیوایی بە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک لە چوارچێوەی عێراقدا. لە لایەکی دیکەشەوە پێویستی بە گۆڕینی ئەو دیدە سیاسییە کە پشت بە رەگەز دەبەستێت.

گومانی تێدانییە جۆرێکی دیاریکراو لە ناسیونالیزم خۆی لە سەر رەگەز بینا دەکات، بەڵام گوزارەیەکی وەک ئیتنیک هەڵگری کێشە و لێکدانەوەی زۆرە بە تایبەتی ئەمڕۆ بە فراوانی لە چوارچێوەی مەسەلەی جینۆساید و پاکتاوی رەگەزی زۆر جێگەی باسە. کاتێک مەسەلەکە پەیوەندیدارە بە پاکتاوکردنی رەگەزییەوە لای کورد بە مانای ئەوە نییە گوتارێکی ناسیونالستی رەگەزی هەڵبگرینەوە بەڵکو پێویستیمان بە ناسیونالیزمێکی مەدەنییە کە لەسەر بناخەی مافی یەکسانی هاووڵاتییان دامەزرابێت، زۆرجار ئەو مۆدێلە بە ناسیونالیزمی لیبرالیش ناو دەبرێت کە مرۆڤەکان بە شێوەیەکی دیموکراتییانە یاساو حوکمڕانی خۆیان دروست بکەن، رۆشنگەری هەڵگری ئەم مۆدێلە ناسیونالستییەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا مۆدێلە دژەکەشی کە رومانسیزمە نەتەوە بناخەو هێزی لە خودی خۆیدایە و دروستکراوێکی مێژوویی نییە. یەکخستنی ئیتالیاو ئەڵمانیا سەر بە مۆدێلی نیشتمانپەروەری رۆمانتیک بوو. بەڵێنی ناسیونالیزم سەبارەت بە یەکخستنی نەتەوەی ژەهراوی بوو لە نێو سەدەی بیستەمدا و بوو بەو ئایدیۆلۆجییە فاشستییەی مۆبیلیزەی دیدگای رۆمانسیزمی نەتەوەیی کرد و ئەندامەکانی نەتەوەی بەشێوەیەکی میلیتاری بەستەوە بە حوکمرانەوە یان دەوڵەتەوە. هاوکات چەوساندنەوەی کەمینە و جینۆسایدی خوڵقاند. بەعس نمونەیەکی باشی ئەو ئەزموونە ئەڵمانی و ئیتالییەیە لە رووی نەتەوەییەوە بۆیە داواکردنی خاک لەلایەن هەرێمەوە بۆ ئەوەی سیکور بکرێت دەبێت نەخرێتە چوارچێوەی جیابوونەوەوە لە لەلایەکی دیکەشەوە دەبێت واز لە گوتاری ناسیونالیستی رەگەزخوازانە بێنین لە رێگەی دروستکردنی هەرێمێکی پێشکەوتوو و دیموکرات و دادپەروەر. نمونەی هەرێمێکی دیموکرات بین لە نێوخۆدا و فاکتەرێکی دیمکراتیزەکردنیش بین لە عێراقدا. چونکە چارەسەری ئەم کێشەیە بەر لە هەموو شتێک پێویستی بە وازهێنانە لە و مۆدێلە ناسیونالستییەی کە پشت بە ئیتنیک دەبەستێت و مۆرکێکی ئیتنی بەسەریدا زاڵە، ئەم مۆدێلە داواکردنی خاک لەلایەن هەرێمەوە لە چوارچێوەی مەسەلەی جیابوونەوەدا نمایش دەکات و نەتەوە جیاوازەکانی دیکەی کوردستان نامۆ دەکات بە ئێمە. گەڕانەوەی کەرکووک نیوەی لەسەر کوردستان و نیوەکەی دیکەیشی لەسەر بەغدایە، بەڵام لە دەرئەنجامدا چارەسەرەکە لە هەرێمەوە دەکرێت بەر لە شوێنێکی دیکە.



پۆڵ ئیدڵ

# بەخێربێن بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی 2030

## لە 2012 کوردستان سەربەخۆ دەبێ و کەرکووک دەگەڕێتەوە سەر کوردستان

چی دەبێت ئەگەر ئۆباما بتوانێ ئاشتی لەنێوان عەرەب و ئیسرائیلدا دروست بکات؟ زۆر ئاسانە بزانی ئۆباما چۆن شکست دێنێت، بەڵام چی دەبێت ئەگەر سەرکەوتوو بێت و "سەرەتایەکی نوێ لە نێوان ئەمریکا و ئیسلامدا" دروست بکات؟ ئەمەی خوارەوە یەکەم رەشنووسی مێژووە بۆ 20 ساڵی داهاتوو، رووداوەکان خەیاڵاوین، بەڵام لۆژیکەکەی لەسەر بنەمای چوار رێڕەوی سەرەکییە:

یەکەم: ئیسلام بەهێواشی لەسەر ئەوە رادەهێنێت کە لە پێناو چ ئامانجێکە، لەجیاتی ئەوەی لە دژی چی وکێیە. دەست لەوەش هەڵدەگرێت کە بەکاربێت بۆ دژایەتیکردنی ئایدۆلۆژیای رۆژئاوایی، بەڵام هەر بە هێزێکی ناسەقامگیریی دەمێنێتەوە و خەڵک لەدژی ستەمکاری و گەندەڵی کۆدەکاتەوە.

دووەم : دوای چەندین ساڵ لە نوشوستی، نەتەوەپەرستی عەرەبی دەنێژرێت و دەخرێتە ژێرگڵەوەو خەڵک وناسنامەی غەیرە عەرەب سەرهەڵدەدەن. عەرەبیزم هێزی دایە خەباتی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لەدەست کلۆنیالیزم و پاشان شەڕکردن دژی ئیسرائیل، بەڵام لە ساڵانی هەشتاکان ئیسلامی سیاسی ئەو خەباتەی گرتە دەست، ئەوەش فرە ئایینی و فرە نەتەوەیی و فرە کولتووری راستەقینەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی لەناوبرد. لەکاتێکدا عەرەبیزم بەرەو لاواز بوون دەڕوات، دەستەبژێری شارنشین، فرە نەتەوەیی دەبێت و کەمینە نێوخۆییەکانیش بەهێز دەبن و دەگەنە ئاستی دروستکردنی توندوتیژی.

سێیەم: دیموکراسی بەرەوپێشەوە دەڕوات، بەڵام بەهێواشی و بە پچڕپچڕی. ئەگەر ناکۆکی نێوان عەرەب و ئیسرائیل نەبێت، تۆتالیتار ودەسەڵاتە تاکرەوەکان زەحمەتە بتوانن پاساو بۆ توندوتیژی بێننەوەو ئاسایشی نیشتمانی بکەنە بیانوو. دەسەڵاتدارانی وڵاتانی وەکو میسر، عەرەبستانی سعودی، جەزائیر و تونس چیدیکە ناتوانن پشت بە یارمەتیدانی ئەمریکا ببەستن، بەڵام داهاتی نەوت وا لە زۆر حکومەت دەکات راوێژ لەگەڵ خەڵکەکەیان نەکەن. باجدان نامێنێت. نوێنەرایەتیکردن نامێنێت. دەزگا هەواڵگرییەکان و هێزەکانی سوپا ئەوەندەی دیکە دەسەڵاتداران بەهێز دەکەن بۆ ئەوەی دەسەڵات وداهاتیان لە دەستدابێت.

دواخاڵ: ئابووری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست گەشەدەکات. سێ لە بەهێزترین ئابووری لەو هەرێمە کە بەهۆی شەڕ و ناکۆکی سیاسییەوە پەکیان کەوتووە ئیسرائیل، ئێران و عێراق، هەرسێ وڵاتەکە چینێکی مامناوەندی لێهاتوویان هەیە، ئێران وعێراق نەوتیشیان هەیە. سەقامگیری و سنووری کراوە سەرمایەگوزاری لە ژێرخاندا زیاد دەکات، بەڵام بەهۆی گەندەڵی بووژاندنەوەی ئابووری پەکی دەکەوێت، قەیرانی ئاویش بەهۆی گۆڕینی کەشوهەوا سەرهەڵدەدات و بۆشایی نێوان دەوڵەمەند و هەژار گەورەتر دەبێت.

بۆیە بە خەیاڵ وابزانە باراک ئۆباما لە مەراسیمێکدا لە نێو باخچەکەی کۆشکی سپی رێککەوتننامەی ئاشتەوایی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست واژۆ دەکات و کاتەکەش تەنیا کانوونی دووەمی 2010یە و ساڵانی داهاتووش بەم شێوەیە دەبن:

2010: مەڕوان بەرغوتی کە لە ساڵی 2002 لە لایەن ئیسرائیلەوە بەندکراوە لەسەر ئەوەی راپەڕینی دووەمی دەست پێکرد، بە یەکەم سەرۆکی فەڵەستینی سەربەخۆ هەڵدەبژێردرێت. تزیپی لیڤینی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل رایدەگەیێنێت کە ملیۆنێری رووسی رۆمان ئیبراهیمۆڤیچ بۆریە نەوتییەکانی نێوان شاری کەرکووکی باکووری عێراق و شاری حەیفای ئیسرائیلی دەخاتەوە کار کە لە ساڵی 1948وە لەکار کەوتووە.

2011: نرخی زەوی و زار لە کەناری رۆژئاوای فەلەستین سێ قات زیاد دەکات، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئاوارە فەڵەستینییەکان زەوی و زار لەو ناوچەیە دەکڕن کە هەر خانەوادە و بڕی 100 هەزار دۆلار قەرەبووی وەرگرتووەتەوە.

2012: کورد دەنگ دەدەن بۆ ئەوەی لە عێرق جیاببنەوە و وڵاتێکی سەربەخۆ دادەمەزرێنن. هێزەکانی پێشمەرگە دەست بەسەر شاری کەرکووکی ناکۆکی لەسەر دادەگرن کە کەوتووەتە نێوەڕاستی کێڵگە نەوتییەکانی عێراقەوە، بەڵام ئیسرائیل شان بە شانی تورکیا و سووریا گواستنەوەی نەوتی کورد بە بۆرییە نەوتییەکاندا رادەگرن و دوای سێ مانگ راپەڕینی کورد هەرەسدێنێت، بەڵام رێککەوتنێکی ئاشتەوایی رێگە بە کورد دەدات شاری کەرکووک کۆنترۆڵ بکات، وەلێ کوردستان بە هەرێمێکی نیمچە ئۆتۆنۆمی لە عێراقێکی فیدراڵدا دەمێنێتەوە.

2013: تورکیا، سووریا، لوبنان، ئیسرائیل، فەڵەستین، ئوردن و عێراق، کۆمەڵەی ئاوی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست MEWC دادەمەزرێنن. یەکەم پرۆژەی ئەو کۆمەڵەیەش بریتییە لە تۆڕێکی دانانی بۆری گەورە بۆ گواستنەوەی ئاو لە رووبارەکانی دیجلە و فوراتەوە بۆ باشووری تورکیا و پاشانیش بۆ ئیسرائیل، فەڵەستین و ئوردن.

2015، شۆڕش لە میسر: دوای ئەوەی ماوەی سێ هەفتە بە ملیۆنان کەس خۆپیشاندان لەپێناو چەسپاندنی دیموکراسی لە قاهیرە دەکەن، سەرۆک جەمال موبارەک (کوڕی حوسنی خوالێخۆشبوو) بە فڕۆکەیەکی تایبەتی خۆی دەگەیێنێتە جەدە. لیژنەیەکی بەپەلە دادەمەزرێت لەلایەن ئیخوانی موسلیمین و رایدەگەیێنن کە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و پەرلەمان لە ماوەی سێ مانگی داهاتوو بەڕێوەدەچێت.

2018: زەهرە رەهنەڤارد، دەبێتە یەکەم سەرۆکی ئافرەتی ئێران و جێگەی مێردەکەی میر حوسێن موسەوی دەگرێتەوە. دروشمی "مردن بۆ ئەمریکا، مردن بۆ ئیسرائیل" لە کاتی نوێژی هەینیدا قەدەخە دەکرێت و دروشمە کۆنەکانی دیکە وەکو "مردن بۆ شا" و "مردن بۆ یەکێتی سۆڤیەت" دەمێکە بوونەتە راستی.

2020: دەستەی هاریکاری کەنداو (سعودیە، کوێت، ئیمارات، بەحرێن، قەتەر و عوممان) دەبنە ئەندامانی نوێی کۆمەڵەی ئاوی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست MEC کە هەر هاووڵاتییەکی ئەو وڵاتانە ئازاد دەبێت لە کوێ کار دەکات و لە کوێ خانوو و زەوی و زار دەکڕێت. هەر زوو میسر، سودان و یەمەن دێنە نێو ئەو گرووپەوە. کۆمکاری عەرەبی نامێنێت و بارەگا سەرەکییەکەشی کە لە ساڵی 1950وە شاری قاهیرەیە بەکرێ دەدرێتە "دیزنی عەرەب" و دەبێتە سەنتەری کەیف و رابواردن.

2022: دوای ریفراندۆمێک، دەنگدەرانی 16 ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە رازیدەبن ئێرانیش ببێتە ئەندامی نوێی ئەو کۆمەڵەیە. توانا کارەباییەکەی سعودییەش دەبسترێتەوە بە پێنج وێستگە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە کە کارەبا دەداتە هەموو ئەندامانی کۆمەڵەکە. کاریکاتێرستەکان گاڵتە بە باڵەخانەی پەرلەمانی ئەو کۆمەڵەیە لە شاری بەغدا دەکەن و ناوی دەنێن تاوەری مۆدێرنی بابلییەکان و لەوێ هەموو دۆکیۆمێنتەکان و گفتوگۆکان وەردەگێڕدرێنە سەر زمانەکانی عەرەبی، عیبری، کوردی، تورکی، فارسی و ئەرمەنی، بەڵام لە پراکتیزەکردندا زۆربەی گفتوگۆکان بە ئینگلیزی دەبن.

2026: بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ یەکەم جار لەم سەدەیەدا کەم دەبێتەوە و رۆژانە 20 ملیۆن بەرمیل بەرهەم دێت، چونکە گۆڕینی کەشوهەوا لە جیهاندا کاریگەری دەکاتە سەری و نەوتی یەدەگیش بەرەو نەمان دەڕوات و رێژەی کرێکاران لە نێو ئەندامانی ئەو وڵاتانە دەبێتە200 ملیۆن ورێژەی بێکاریش کەمدەبێتەوە بۆ 60 ملیۆن کە 7.5ملیۆن سعودین. سەرۆکی پێشووی ئەمریکا باراک ئۆباما بڕوانامەی دکتۆرای شانازی یاسای لە زانکۆی تاران پێ دەبەخشرێت. لە ریازیش ئافرەتێک دەستگیردەکرێت بەهۆی ئەوەی ئۆتومبێلی لێخوڕیووە.

2030: ئوسامە بن لادن لە کۆریای باکوور دەمرێت. کەناڵی جەزیرەش هەواڵەکە لە نێوەڕاستی هەواڵنامەکە دەخوێنێتەوە لە دوای هەواڵی رووخانی چەند باڵەخانەیەکی کۆن لە نزیک رووباری نیل و میوانداریکردنی جامی جیهانی 2034 لەلایەن ئۆرشەلیمەوە.

***ئەم وتارە کە بریتییە لە خەیاڵ و پێشبینییەکانی نووسەر، لە رۆژنامەی Guardianی بەریتانی بڵاوکراوەتەوە.**



سونەر کاگاپتای

# شەمەندەفەرەکە جیڕەی دێ

## بۆچی دەبێ تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا؟

بەدرێژایی مێژووی یەکێتیی ئەوروپا، 22 دەوڵەت دانوستانی بەئەندامبوونیان کردووەو لە کۆتاییشدا رێی ئەندامێتییان لە بەردەمدا کراوەتەوە، بەڵام نیکۆلاس سارکۆزی سەرۆکی فەرەنسا ماوەیەکە دژی هاتنی تورکیا بۆ نێو یەکێتیی ئەوروپا وەستاوەتەوەو بەرهەڵستییەکەشی هەر تەنیا لەمپەرێکی رەمزی نییە. فەرەنسا وڵاتێکی سەرەکییە لە یەکێتیی ئەوروپادا، ئەو ڤیتۆیەی فەرەنسا بەکاری دەهێنێ شکستی بە هیواکانی تورکیا هێناوە، ڤیتۆکەی سارکۆزی بووەتە هێڵی ماجینۆ کە شوورەیەکی قایم بوو، فەرەنسا بۆ بەرگریی لەخۆی دروستیکرد، بەڵام کارا نەبوو.

بەهەمان شێوەی هێڵی ماجینۆ، هێڵی ساکۆزییش دەکرێ ببەزێنرێ، ئەگەر حکومەتی تورکیا، وەک رۆژگارێک کە بە دڵگەرمییەوە بەرەو یەکێتیی ئەوروپا هەنگاوی دەنا، دووبارە هەوڵەکانی بخاتەوە گەڕ. هەڵبەتە دیارە چارەسەرەکە لە ئەنقەرەوە دەست پێدەکات کە لە ساڵی 2005ەوە دڵگەرمیی بۆ ئەندامبوون رووی لە کزییە. لەو ساڵەدا کە تازە وتووێژی ئەندامێتییەکەی دەستی پێکردبوو، مەیلی جەماوەرخوازی لەلای سەرکردەکانی پارتی دەسەڵاتداری دادو گەشەپێدان بەوەی گەیاندن کە ئەو چاکسازییەی بۆ ئەندامێتی پێویستە، رەنگە زیان بە جەماوەرییبوونیان بگەیێنێ. ئیدی وازیان لەچاکسازی هێنا. بیری دژ بە ئەوروپاش لەنێو بنکەی جەماوەریی حیزبەکەشدا پرۆسەی ساردبوونەوەکەی خێراتر کرد. ئەوەش هەڵوێستی ساکۆزیی بەهێز کرد بۆئەوەی داواکەی تورکیا رەت بکاتەوە، بە بەهانەی ئەوەی تورکیا نەیتوانی ببێتە دەوڵەتێکی ئەوروپی. هەرچەندی زیاتر فەرەنسا ڤیتۆ دژی ئەندامێتیی تورکیا بەکار بێنێ، دوژمنایەتی تورک بۆ یەکێتیی ئەوروپا زیاتر گەشەدەکات، لەو بڕوایەشدان کە یەکێتییەکە هەرگیز ئەندامێتی بە تورکیا نادات.

پارتی دادو گەشەپێدان دەتوانێ ئەو بەستەڵەکە بشکێنێ و توانای خۆی لە بەجێگەیاندنی ئەوەی مایەی رەزامەندیی ئەوروپایە بسەلمێنێ، ئەویش بە جێبەجێکردنی چاکسازی بە پشوویەکی درێژەوە، هەروەها سەلماندنی ئەوەی کە کاروانی تورکیا بەرەو بەهاکانی دیموکراسی و لیبراڵی ئەوروپا سەرلەنوێ دەستی پێکردووەتەوە. ئەگەر دوای ئەوە ساکۆزی کەللە رەقیی نواند، ئیدی ئەوکات بە شێوەیەکی ناشیرین دەردەکەوێت تا رادەی نەفرەت لێکردنی وەک کەسێکی رەگەزپەرست. ئەوە ئەگەر تورکیا لەبەدیهێنانی مەرجەکانی ئەندامبوون سەرکەوتن بەدەستبێنێ.

بەڵام ئەی ئەگەر گفتوگۆی ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپادا نەیتوانی هەنگاو بەرەو پێش بهاوێت؟ ئێستا دانوستانی ئەندامبوونی هێندە کز بووە تا رادەی وەستان، وەک ئەو شەمەندەفەرەی جیڕەی دێ. شەمەندەفەری گفتوگۆ نوکتەیەکی شەمەندەفەری یەکێتیی سۆڤیەتی سەردەمی برێژنێف وەبیردێنێتەوە کە رووسیا لە قۆناخی قەیرانی ئابووریدا بوو، شەمەندەفەر نەدەجوولا و دیمەنەکەش نەدەگۆڕا. هەربۆیە خەڵکی بە "تووت تووت"دەنگی شەمەندەفەریان دەگوتەوە کە هیچ شتێک نەگۆڕاوە. رەوشی ئەندامبوونی تورکیاش لە یەکێتیی ئەوروپا بەو چەشنەیە. کاتێکیش دێت تورکەکان درک بەوە دەکەن کە شەمەندەفەری ئەوروپایان ناڕوات، ئیدی دادەبەزن و دەکەونە پیادەڕۆیی. ئەم کارەساتە کۆتایی بە هەوڵەکانی گۆڕینی تورکیا دێنێ بەرەو دەوڵەتێکی دیموکرات و لیبراڵ کە ئەوەش دەرەنجامی ترسناکی دەبێت و بەرپرسیارێتیشی دەکەوێتە ئەستۆی رۆژئاوا، لە نێویشیاندا فەرەنسا.

ئەگەر ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپا بەر لە رووداوەکانی 11ی سێپتەمبەر رابووەستایە، دەمگوت ئەوە نەنگییەکی گەورەیە. ئەوکات بوارێکی فراوان لە بەردەمی تورکیادا بوو کە لە دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپادا بێت بەمەرجێک هەر بەشێک بێت لەئەوروپا و رۆژئاوا، بەڵام ئێستا لەگەڵ فراوانبوونی سنووری یەکێتیی ئەوروپا تا بەڵکان لە سەر سنووری تورکیا، هاوکات لەگەڵ بانگەشەکانی رێکخراوی قاعیدە کە شەڕێک لە نێوان "جیهانی ئیسلامی"و رۆژئاوادا هەیە، ئیدی شوێنێکی خۆڵەمیشی نامێنێ کە تورکیا خۆی تێدا بگیرسێنێتەوە. هەر دەبێ ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئەوروپاو بەشێک بێت لە رۆژئاوا. ئەگەر نا بە گوێرەی بۆچوونی قاعیدە بەرەو جیهانی ئیسلامی دەگەڕێتەوە. دەبێ ساکۆزیش لە مەترسیی دوورخستەوەی تورکیا کە کەتووەتە سنووری رۆژهەڵاتی ئەوروپاوە، هۆشیار بێت.

سەرنەکەوتنی تورکیا لە چوونە نێو یەکێتیی ئەوروپاوە، کاریگەریی خراپتری دەبێت بۆ سەر فەرەنسا. ئەگەر سارکۆزی بەردەوام بێت لە رەتکردنەوەی خواستی ئەنقەرە، وێڕای هەوڵی تورکیا بۆ تازەکردنەوەی هەوڵەکانی بە ئاراستەی بەجێگەیاندنی ئەو چاکسازییانەی ئەوروپا کردوونی بە مەرج. ئەوکات چ پەیامێک بە موسڵمانانی فەرەنسا دەگات؟ گەورەترین ژمارەی موسڵمانان لە یەکێتیی ئەوروپا لە نێو فەرەنسادان، 10%ی دانیشتووان بە رەچەڵەک موسڵمانن. تا ئێستا هەوڵی ئاوێتەکردنی ئەم رەوەندە لە فەرەنسادا بێ ئاکام بووە، بەڵام موسڵمانانی فەرەنسا لەم ماوەیەی دوایی ئاماژەی بەهێزتریان ئاراستە کرد سەبارەت بە هاتنیان بۆ نێو رەوتی سەرەکیی فەرەنسا، چوونە نێو حکومەتی وڵاتەوەو بەرپرسانی هەڵبژێردراوی موسڵمان لەچەندین شوێنی فەرەنسادا وەدەرکەوتن. سارکۆزی گەورەترین پشتیوانی ئەم پرۆسەیەیە، بە موسڵمانانیش دەڵێ ئەگەر بەهاکانی ئەوروپایان پەسند کرد، هەم لە فەرەنسا و هەم لە ئەوروپاش پێشوازییان لێدەکرێت. لەم دواییانەشدا داکۆکیی لە بڕیاری قەدەخەکردنی پەچە کرد کە هەموو دەموچاو دادەپۆشێت، چونکە وەک ئەو گوتی لەگەڵ بەهاکانی فەرەنسادا ناگونجێت. ئەو هەرچەندە بەرهەڵستە بەرامبەر تورکیا، بەڵام سارکۆزی دەڵێ موسڵمانانی فەرەنسا شتێکی جیاوازن. دەشڵێ:"خۆتان سەغڵەت مەکەن بۆ ئەوەی ببنە ئەوروپایی، چونکە هەرچەندی هەوڵبدەن، ئێوە نە لە فەرەنسا نە لە ئەوروپادا هیچ جێگایەکتان نییە".

لە سەردانێکی ئەم دواییەمدا بۆ فەرەنسا، گوێم لە موحازەرەیەکی 40 خولەکی بوو دەربارەی ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپا. کەسێکی پاریسی کە باوکی لە مۆریتانیاوە بۆ فەرەنسا کۆچی کردبوو، پێشکەشی کرد. نەک هەر لە بارەی هەوڵەکانی تورکیاوە بۆ بوونە ئەندام لەو یەکێتییەدا شارەزا بوو کە گوتی:"ئەنقەرە لە ساڵی 1963دا بۆ ئەندامێتیی یەکێتیی ئەوروپا داوایەکی پێشکەش کرد، واتە بەر لەوەی دایک و باوکم کۆچ بکەن بۆ فەرەنسا"، بەڵکو لەبارەی گفتوگۆکانی ئەندامێتییەکەوە وردەکارییەکی دەزانی کە من نەمدەزانی، لەنێو یاساکانی ئەوروپادا کە 120 هەزار لاپەڕەن، ئاماژەی بەو لاپەڕەیە کرد کە فەرەنسا بەهۆیەوە رێگریی لە ئەندابوونی تورکیا دەکات.

کاتێک لێم پرسی بۆچی هێندە بایەخ بە ئەندامبوونی تورکیا دەدات؟ گوتی "ئەوە پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە ئاخۆ لە ئاستی کەسیدا شوێنێکم لەنێو فەرەنسادا هەیە". بێگومان هێڵی بەرگریی سارکۆزی هەر تەنیا زیان بە تورکیا ناگەیێنێ، بەڵکو بە فەرەنساشی دەگەیێنێ. رەنگە باشتر وا بێت کە سارکۆزی ئەو هێڵە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە.

*** کاگاپتای نووسەری کتێبی (ئیسلام و عەلمانیەت و ناسیۆنالیزم لەتورکیای نوێدا: کێ تورکە؟).**

**لە گۆڤاری (نیویۆرک تایمز)ەوە**



گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

# رەنج بە خەسار

بەر لە هەڵبژاردن باسم نەکرد، گوتم نەوەکو بڵێن بانگەشە بۆ لیستێکی دیاریکراو دەکات، بەڵام بەڕاستی هەر لە سەرەتاوە دیاربوو کە کاری هەندێ لیست رەنج و پارە بە خەساردانە. ئاخر بیست و پێنج ملیۆن بۆ بەشداریکردن و ئەوەندە ملیۆنەی دیکە بۆ پەڕۆ و پۆستەر و مۆستەر کەم نییە.

لیستێک هەبوو ناوی گەنجانی سەربەخۆ بوو، ئەوانەی پەرلەمانیان دەهەژاند و تەواو، توخوا بهاتنایە و بەو پارەیەی لە قسەی قوڕدا سەرفیان کرد، بە کۆمەڵ سەفەرێکی ئەنتاڵیا یان بەیروتیان بکردایە و هەندێ لە سەر دەریا خۆیان لەبەر خۆردا هەڵخستایە عەیبی چی بوو؟ باشتر نەبوو لەوەی بە گەرمای کوردستان خۆیان بسووتێنن و نەشگەنە هیچ؟ ئاخر هەندێ لیست بەشداریکردنیان لە قومار دەچوو، ئەمما قومارێکی حەبیە عەلەلصەلات دۆڕاو.

حسێن گەرمیانی، لەوە بڕابووەوە دەردەچێ یان نا و کەوتبووە خەمی ئەوەی لە کوێ بنکە و بارەگای سەرۆکایەتی دابەستێ. هەرچی پارە و پوولی هەبوو، زائیدەن نیسانە دەبڵەکەی، کردە قوربانی بوون بە سەرۆکی هەرێم. راستت دەوێ، لەوانەیە بوون بە سەرۆکی هەرێم هەر ئەوەندەی خۆش بێت کە سواری مۆنیکا دەبیت، دەنا ئەوەی دیکەی هەمووی سەریەشە و شەونوخونییە و باوەڕ ناکەم کەسێک سەرۆکی هەرێم بێت و بە خەمی کۆنەوە بنوێت، هەمیشە و رۆژانە خەمێک حازرە، باشە کاکە حسێن گیان، کە تۆ هەر لە سەرەتاوە پارەی مۆنیکایەکەت هەبوو، ئەو دەردەسەری و قومارەی نەدەویست و پێویستیشی نەدەکرد پارە و پوولت بە با بدەی، هەر یەکڕاست هەمووت بدایە بە مۆنیکایەک و تەواو.

تۆ لەوە گەڕێ بە خەونیش دوو کورسییان چنگ ناکەوێ، حیزبی شیوعی، ئەگەرچی حکوومەت دوو بینای نوێی بۆ کردن و بە بەلاش پێیانی دا، کەچی تا ئێستا بارەگا کۆنەکەیان کە هەر هی حکوومەتە چۆڵ ناکەن و بە نیازیشبوون عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەدی بێنن، باشە حیزبێک دەسەڵاتی بە سەر یەک دانە بارەگادا هەبێت و بۆ خۆی ببات، ئەی ئەگەر دەسەڵاتی بەسەر هەموو وڵاتدا هەبوو چی دەکات. پێشنیاز دەکەم حکوومەت بارگاکەیان لێنەسێنێتەوە بە مەرجێک بۆ ئەرکی راستەقینەی خۆی بەکاری بێنن، ئەویش بەوەی بیکەنە مۆزەخانەی یادگارییەکانی حیزب.

گۆرانی داواکراو، بێماناترین بەرنامەی، فاشیلترین رادیۆکانی کوردستانە، لەو جۆرە بەرنامە قۆڕانەدا، هەندێ کەسی نەخوێندەوار و لەگوێی گادا نوستوو و بێئیش هەن، میوانی بەرنامەیان پێدەڵێن، ئاخر ئەوان بەر لە دەسپێکی بەرنامەکە، لە سەر خەتن. تەشبیهـ نەبێ، ئەگەر هەڵبژاردنی پەرلەمان بەرنامەی داواکراو بێت، ئەوە پارتی پارێزگارانی کوردستانیش میوانی بەرنامەیە.

حیزبی شیوعی و یندک و پارێزگاران و ئەمانە، لە رۆژانی ئاسایی وڵاتدا، حیزبگەلێکن هاوزەمان نە سوودیان هەیە نە زیان، ئەوەندە نەبێ لە رۆژانی هەڵبژاردن دا، بۆ جوانکردنی دیکۆری دەرەوەی دیموکراسی و زۆرکردنی ژمارەی نوکتەکانی هەڵبژاردن، مانگێک بە کەڵک دێن.






حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

# ڕێژەی ژنان لە دەزگاکاندا

پێشکەوتنخوازیی بە لای هەندێ لە رووناکبیران و ئەوانەوە کە خۆیان لە ریزی پێشەوەی کورددا وەک تاوس بادەدەن و ناشزانن چ جۆرە کۆیلەیەکی زەلیلی ریزی دواوەی بەشەرە دواکەوتووەکانی ناوچەکە و جیهانن و لە ناو کورددا فەیلەسووف و لە دەرەوەی کورددا نەخوێندەوارن، لەوەدا سنووردار دەبێ کە ژن ڕێژەیان لە وەزارەت و پەرلەمان و مەکتەبی سیاسی حیزبەکان و دەزگاکاندا بە پێی یاسای دیاریکراو و ڕەچاوکراوی دەست و ویستی پیاو زیاد بکرێ و بگاتە ئاستی ڕێژەی نێرینەکان، یان لە ڕێژەی ئەوان نزیک بکرێتەوە و ژنان سنوور لە بەردەم ڕەفتار و کردار و ئارەزوویاندا نەمێنێ. ئەمە پێشکەوتنخوازییە! دەیانەوێ ڕێژەی ژنان لە داوودەزگاکاندا زیاد بکەن بێ ئەوەی چ ئامادەکارییەک بۆ پێشکەوتنی ژنان بکەن و مەودایان هەبێ لە خوێندن و کار و دامەزراندندا، بەڕەی خۆیان بە دەستی خۆیان لە ناو بەڕەگەلدا دەربێنن. ئافرەتی نەخوێندەوار، بە بەرنامەی کاڵوکرچی سەرگەرمکردنی تەلەڤزیۆنەکان وا لێدەکەن ژیانی خۆیان لەگەڵ ژیانی فلان خانمی کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان و میوانەکانیدا بەراورد بکا و جگە لە خۆسووتاندن چ هەڵبژاردنێک بۆ ژیانی خۆی نەبینێتەوە.

جارێ با بزانین پیاوی کورد کە وەک پیاوان ئەو مافانە بۆ ژن دیاری دەکا و نەخشەڕێژی دەکا، خۆی لە چ ئاستێکی ئازادیدایە و چ مافێکی هەیە و چی بۆ خۆی دەستەبەر کردووە تا بەشی ژنی لێ بدا و سنووری مافەکانیان دیاری بکا. پیاوی کورد، کە مافی دەنگدانی لە بەغداوە بۆ دەستەبەر کراوە، خۆی ڕێ لە خۆی دەگرێ و ڕێ نادا ئازادانە ئەو مافەی خۆی پیادە بکا، کەچی ڕاست دەبێتەوە و دەم لە مافی ژنان دەکوتێ وەک ئەوەی خۆی لە ناو بازنە نامسۆگەرەکەی خۆیدا بڕیاری مافەکانی خۆی پێ بێ و بەغدا بڕیاری بە سەردا نەدا. پیاو کە ناتوانێ وەک بەشەر لە ریزێکدا بۆ ڕاپەڕاندنی کاری خۆی بوەستێت و نۆرەبڕی لە کەس نەکا، چۆن دەتوانێ ژنان بۆ بەدەستهێنانی پلەوپایەی خۆیان ڕیز بکا؟! ئێستاش کەس باسی ئەوەی نەکردووە ئاخۆ لە چ ڕێیەکەوە و لەبەر چ هۆیەک ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بووەتە شەرەف و جگە لە ژن، هیچ شتێکی دیکە، نە کار نە نیشتمان نە نەتەوە نە دراوسێتی نە برایەتی و نە ڕەچاوکردنی یاسا، لە شەرەفبەندیدا ناگاتە ئاستی ژن. ئەمە پیرۆزیی ژنە یا ناپیرۆزیی کار و نیشتمان و نەتەوە و دراوسێتی و برایەتی و یاسایە؟!

من و تۆ بڕیار دەدەین کە ژن شەرەف نییە، بەڵام لە بەرانبەردا بڕیار نادەین نیشتمان شەرەفە و لەو بارەدا شەرەفدانی کورد بۆش و بەتاڵ دەهێڵینەوە. لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کاتێک ژن دەبێتە شەرەفی هەموو کۆمەڵگە، کە غەدری لێ بکرێ یا مافی بخورێ. لە باری مافخوران و غەدریشدا، هەموو بەشەرێک شەرەفی هەموو کۆمەڵگە و حکوومەت و پەرلەمانە. دزیکردن لەو وڵاتانەدا بێشەرەفییە! خیانەت لە نیشتمان بێشەرەفییە. کەچی خائین و دز، سەروەر و شەرەفمەندترین کەسی کۆمەڵگەی کوردن!

من وای بۆ دەچم هەرچی شتێکی ئازیزی سەر بە پیاوی شەڕکەر و چەکداری کورد هەیە شەرەفە و هەموو کوردێک، بگرە هەموو بەشەرێک چەکداریش نەبێ غەریزەی چەکدارێتی تێدایە: چەکەکەی و ئەسپەکەی و ماڵەکەی و دایکی و خوشکەکەی.. ئەوانە و هەرچییەکی کە نەتوانێ خۆبەخۆ بەرگریی لە خۆی بکا، دەکەوێتە بەختی ئەوەوە و لێی دەبێ بە ئەرک و شەرەف. پیاو لای کورد شەرەف نییە چونکە دەتوانێ بەرگری لە خۆی بکا، بەڵام ئەگەر پیاویش توانای بەرگریکردنی نەبێ، غەدرلێکردنی دەچێتە خانەی بێشەرەفییەوە با بێشەرەفییەکی لاوازیش بێ.

کورد، هەزار و چوارسەد ساڵە ژنی بە شەرەفی خۆی داناوە. ئەوەش وەنەبێ لە کەلەپووری عارەبی خواستبێتەوە، وەک تاوسەکانی کورد بۆی دەچن یا لە ئاینی ئیسلامی وەرگرتبێ، وەک دژە ئیسلامەکان باسی دەکەن، ئەوجا کردبێتی بە بەشێکی کەلەپووری خۆی. نەخێر، من وا دەزانم ئەو ڕۆژە ژن بوو بە شەرەف، کە هەڕەشەی تاڵانکردنی کەوتە سەر. کە لەشکر دەهاتن و وەک مەڕ و ماڵات ژنیشیان تاڵان دەکرد و دەیانکردن بە سەراری، ژن بوو بە شەرەفی پیاوی جەنگاوەر و لە کەلەپووری کورددا جێگیر بوو. زەوتکردنی ژن چووە خانەی شەرەفەوە بەڵام زەوتکردنی نیشتمان، ئێستاش فڕی بە سەر شەرەفەوە نییە.

ئێستا، بۆ ئەوەی پێمان بڵێن پێشکەوتنخواز و شارستانی، دەبێ ژمارەی ژنان لە کۆڕ و کۆبوونەوە و دەزگا حکوومەتییەکان و پەرلەماندا زیاد بکەین، بەڵام گرنگ نییە ژنی کورد تاڵان بکرێ و بفرۆشرێ وغەدری لێ بکرێ و پێشکەوتنخوازەکان کارێکیان کردووە بەدەنگهاتن لە سەر ژنی فرۆشراو و تاڵانکراو و ئەنفالکراو ببێتە کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی و شەرمەزاری، هەر خۆشیان دەیانەوێ، بە زۆری زۆردارەکیش بێ، ڕادەی ژن لە پەرلەماندا زیاد بێ.

ئەگەر بمانەوێ ژمارەی ژنان لە پەرلەماندا زیاد بکەین، دەبێ لە ئاستێکدا بین سەرۆکی پەرلەمان زاتی ئەوە نەکا لە ناو پەرلەماندا بە ژنێکی پەرلەمانتار بڵێ: "تۆ تەنگاویت!" ئەگەر بمانەوێ ژن لە ئاستی پیاودا بێ و بتوانێ بۆ بەدەستهێنانی پۆستێک ململانێی پیاو بکا، دەبێ خۆی بە توانای خۆی ئەوە بکا نەک وەک داشی دامەی گەمەی سیاسی یا جوانکردنی دیکۆر بە دەست و ئیرادەی پیاو دابندرێ. کە ژنێک پیاوان جێیەکی بۆ دیاری بکا، هەرگیز ناتوانێ بەو پیاوە وەلینیعمەتەی خۆی بڵێ نەخێر! پۆستێک بە خێر بە هەر ژنێک بدرێ، ڕۆڵی ژن لەو پۆستەدا سووک دەبێ. نابێ قوتابخانەی خانزادی کچان و قوتابخانەی پڵنگی کوڕان هەبن، بەڵکو دەبێ خانزادییەکان و پڵنگییەکان تێکەڵ بن و بواری وەک یەکیان لە خوێندندا هەبێ. بە لای فەیلەسووفەکانەوە، گرنگ نییە ژنیش وەک پیاو لێهاتوو و بێتوانایان هەبێ. گرنگ ئەوەیە ئەو جێیانە بە ژن - هەر ژنێک - پڕ بکرێنەوە تا سیمای سەرکردەی کورد پێشکەوتنخوازانە پێشان بدەن.



نوورەدین وەیسی
nuradinwaisi@rudaw.net

# دوای هەڵبژاردن

خۆشبەختانە هەڵبژاردن لە کەش و بارودۆخێکی هێمن و ئارامدا و دوور لەو توندوتیژییەی هەندێک کەس چاوەڕێی دەکرد ڕووبدات بەڕێوەچوو. لە دوای 1992 ئەوە یەکەم هەڵبژاردنە بەشداری تێدا دەکەم، بەپێی ئەو چەند بنکەیەی خۆم دیتم،دەتوانم بڵێم پرۆسەکە زۆر بە هێمنی و ڕێکوپێکی بەڕێوەچوو. بەپێی قسەی چەندین کەسیش هەڵبژاردنی ئەمجارە زۆر پێشکەوتووترو پاکتر بوو لە هەڵبژاردنی 2005.

نوێنەرو بەرپرسی یەکەمی هەموو قەوارەو لایەنە بەشدارەکان لە دوای دەنگدان ئامادەیی خۆیان بۆ ڕازیبوون بە ئەنجامەکانی ڕاگەیاند، ئیدی هەرچییەک بن، بەڵام گرنگە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتاییش هەمان هەڵوێستیان هەبێت. هەرچەندە ئێوارەی ڕۆژی دەنگدان لیستە نەیارەکانی پارتی و یەکێتی کەوتنە تانەدان لە پرۆسەکەو لیستی کوردستانان بە پێشێلکاری تۆمەتبارکرد.

بەپێی قسەی بەرپرسانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان هەندێک پێشێلکاری کەم ڕوویانداوە کە قەوارە سیاسییەکان دەتوانن نارەزایی لەسەردەربڕن و ئەوانیش لێیدەکۆڵنەوە، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە لیستە ڕکەبەرەکانی لیستی کوردستانی هەر لەسەرەتاوە کۆمیسیۆنیان بەبێلایەن نەبوون تاوانبار دەکرد و زۆر پێش ڕۆژی هەڵبژاردنیش پارتی و یەکێتییان بە ئامادەسازیکردن بۆ ساختەکردن لە هەڵبژاردنەکە تاوانبارکرد، پێشوەختەش خۆیان بە براوەی یەکەمی هەڵبژاردن داناو تەنانەت باسیان لە پێکهێنانی حکومەتیش دەکرد بێ پارتی و یەکێتی.

هەرچەندە هەڵبژاردنی ئەمجارە زۆر جیاوازتر بوو لە جارانی پێشووترو لە ژێر چاودێرییەکی بیانی زۆرتر دابوو کە ئەگەری ساختەکاری و پێشێلکاری کەم کردەوە، بەڵام بەهۆی ئەزموونەکانی رابردووی هەڵبژاردنەکانی کوردستان ناتوانم ڕوودان و ڕوونەدانی پێشێلکاری و ساختەکاری بەدوور بزانم، بەڵام مەرج نییە ساختەکاری تەنها لایەنی دەسەڵاتدار کردبێتی . چونکە هێزە بەناو ئۆپۆزسیۆنەکان فریشتە نین و لەئاسمان نەهاتوونەتە خوارەوە، کەسانێک نین کە ئێمە پێشتر کاروکردەوەو ڕەفتاریانمان نەدیتبن.

ئەو ئەنجامە بەراییانەی تائێستا ڕاگەیێنراون، پێمان دەڵێن پەرلەمانی ئەمجارە زۆر گەرموگوڕو چالاکتر دەبێ و پرۆسەی دیموکراتیش لە کوردستان هەنگاوێکی دیکە دەچێتە پێشەوە. ئێستا کە پرۆسەی هەڵبژاردن لە دوا قۆناخدایەو ئەنجامە فەرمییەکان هێشتا ڕانەگەیێنراون، هەقە هەموو لایەنەکان ڕێز لە قسەو بەڵێنەکانیان بگرن و بە ئەنجامەکەشی ڕازی بن . بێگومان دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن قسەو لێدوانی زۆر هەڵدەگرن، بەڵام لێیدەگەڕێین بۆ دوای دەرکەوتنی ئەنجامە فەرمییەکان.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar2001@yahoo.com

# یەکێتی دوای بردنەوەی گۆڕان لە سلێمانی چ دەڵێ؟

من چەند جارێکی دیکەش لە نووسینەکانی ئەو ماوەیەی دواییمدا باسی ئەوەم کردبوو کە تێڕوانینێکی بەهێز لەناو پارتیدا هەیە پێیوایە ناکرێ سەرۆکایەتی حکومەت بدرێتە یەکێتی نیشتمانی و پاڵێوراوی ئەو حیزبە بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەت، یەکێک لەو هۆکارانەش کە ئەوان باسیان دەکرد ئەوەبوو کە یەکێتی جاران نەماوە، ئەم هەڵبژاردنە ڕاستی بۆچوونەکانی ئەوانی لە بەرامبەر قەبارەی ڕاستەقینەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەرخست و نیشانیدا کە بەکردەوە یەکێتی نەک حیزبی دووەم بگرە حیزبی سێیەمی کوردستانیش نەماوە.

هەر بۆیەش لە سەرکردایەتی پارتییەوە بە هیچ شێوەیەک کەس باسی ئەوەی نەکرد کە پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت دەدرێتە یەکێتی و ئەوە تەنها یەکێتی بوو کە خۆی دەیگووت سەرۆکایەتی حکومەت بۆ ئێمەیە. زۆر جار چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی بەردەوام کە بەرەوڕووی ئەو پرسیارە دەکرانەوە کە ئایا بۆ خولی ئەمجارە سەرۆکایەتی حکومەت دەدرێتە یەکێتی، دەیگووت جارێ زووە و چاوەڕێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەکەین، دیارە ئەم ترسەیان بێ هودە نەبووە و ڕەنگبێ چاوەڕێی ئەم بارودۆخەیان کردبێ.

هەرچەندە تائێستا ئەنجامی ڕەسمی هەڵبژاردنەکان ڕانەگەیێندراوە، بەڵام بەوەندەی لەبەردەستدایە دەردەکەوێت کە لایەنگران و ئەندامانی یەکێتی دەنگیان بە لیستی کوردستان نەداوە و دەنگیان چووە بۆ لای لیستی گۆڕان و ئەنجامەکان لە سلێمانی دەقاودەق ئەو بۆچوونە دەسەلمێنن، چوونکە ئەگەر پارتی وەک حیزب بە تەنیا لە سلێمانی چووبایە هەڵبژاردنەوە دەیتوانی 25%ی دەنگەکانی سلێمانی بۆ خۆی ببات . کەچی ئێستا لیستی کوردستانی نەیتوانیوە 50%ی دەنگەکانیش بێنێت و چوار حیزبەکەش لەو 50%ی کە ماوەتەوە پشکیان هەیە، کەواتە یەکێتی لە سلێمانی چەندی هێناوە؟

بۆیە بە قەناعەتی من ئەنجامەکانی لیستی کوردستانی وا دەکات کە پارتی و یەکێتی بە نێوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەی خۆیاندا بچنەوە و ئەوەی پارتی دەیگوت دوای هەڵبژاردنەکان قسەی لەسەر دەکەین، یەکێک لەوانە چۆنیەتی دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمان و ئەوەی دیکەیان مەسەلەی مانەوەی پۆستی سەرۆکی حکومەت بوو لای پارتی. ئینجا لێگەڕێ لەوەی کە خودی یەکێتی وەکو حیزب چی بەسەر دێت، ئەوەیان باسێکی دیکەی دوور و درێژە.

ئەگەرچی هەندێک پێیانوایە یەکێتی هەر پێشوەختە بڕیاری داوە کە سەرۆکایەتی حکومەت بداتەوە پارتی و مەسەلەی کاندیدکردنی د.بەرهەم ساڵح بۆ ئەم پۆستە بریتی بوو لە پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکان و بۆ ئەوە بووە کە خەڵکی یەکێتی دەنگ بە لیستی کوردستانی بدەن، بەڵام ئەگەر واش بووبێت و مەسەلەی کاندید کردنی د.بەرهەم بۆ دەنگهێنانی لیستی کوردستانی کرابێت، دیسانیش ئەوە نەیتوانی وا بکات کە یەکێتییەکان دەنگ بە لیستی کوردستانی و بارزانی بدەن.

بۆیە ئێستا ئەو تێڕوانینەی ناو پارتیش کە دەیگووت بۆ گەڕاندنەوەی متمانەی یەکێتییەکان پێویستە سەرۆکایەتی حکومەت بدرێتە یەکێتی دوای ئەم ئەنجامانە لە پاشەکشەدایە، چونکە پێیانوایە نەک هاتنی بەرهەم ساڵح یەکێتی قورتار ناکات، بگرە پارتیش بە خۆیەوە نقووم دەکات.



هێمن عەبدوڵڵا- هۆڵەندا
hemn_abdulla@hotmail.com

# بە دوای چیدا بگەڕێین؟

ئەگەر ڕووداوی چاوەڕواننەکراو نەیێنە پێشێ بەهۆی ئەنجامەکانەوە، لە دوای هەڵبژاردنەکانی 7/25 ەوە قۆناخێکی نوێ لە ژیانی سیاسیی باشووری کوردستاندا دەست پێدەکات . گرنگترین گۆڕان کە ئەو هەڵبژاردنە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێ ئەوەیە کە پەرلەمانی کوردستان چیدی شوێنی ئەندامە بێدەنگ و باوێشکلێدەرەکان نابێ و لە جیاتی بە کۆی دەنگ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان، گفتوگۆ دەکرێ و بە لایەنی کەمەوە گرووپێک لە هۆڵی دانیشتنەکاندا دەبن کە بوێرن بڵێن نا.

هەبوونی ئەو خەڵکە "نا بێژانە"ش وادەکات کە میدیای نێوخۆیی و بیانی کاری زۆریان لە پەرلەماندا پەیدا بێت. لە وڵاتانی ئەوروپیدا زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامە و تەلەڤزیۆن و میدیاکانی دیکە، لە بەیانییەوە تا شەو، ستافێکی تایبەت دەنێرنە پەرلەمان بۆ ئەوەی لە "ماڵی نوێنەرانی گەلەوە" بینەر و خوێنەر و بیسەرەکانیان ئاگادار بکەنەوە کە لە وڵاتدا چی دەگوزەرێ و هەڵوێستی پارتەکان سەبارەت بە پرسە گرنگەکان چین، ڕەنگە لە مەودوا ئەو ستافی مێدیاکارە بەردەوام ئامادانە لە ناو پەرلەمانی کوردستانیشدا ببنە پێویستی.

لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دا، هەرچەندە وەک نێوەڕۆک جیاوازیی گەورە لە شێوازی ڕوانینی لیستە ڕکابەرە گەورەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و ئابووری و جڤاکییەکان هەستی پێدەکرا، بەڵام لە ڕووی هەڵسوکەوت لەگەڵ مێدیادا ناشارەزاییەکی ئاشکرا بە هەمووانەوە دیاربوو و نەیاندەتوانی پەیامەکانیان، ڕوون و جیاواز لەویدی، بگەیێننە دەنگدەران. بۆیەش ئەوەی گفتوگۆی سازدەکرد، لە جیاتی ئەوەی بەراوردکردنی بەرنامەی کاری لیستەکان بۆ چاکترکردن و باشترکردنی ژیانی خەڵک بێت، ئەوەبوو کە کێ میراتگری خوێنی شەهیدانە و کێ پەرێزێکی خاوێنتری هەیە و کێش سەرلێشێواوە.

لە دوای 7/25 ەوە 111 کاندید شەرەفی ئەوەیان پێدەدرێت کە ببنە نوێنەری گەل. واتە خەڵکی کوردستان، بە جیاوازی بۆچوون و ئینتیمای سیاسییانەوە، بە 111 کەس دەڵێن: ئێوە چاوی کراوەی ئێمە بن و بەرژەوەندییەکانمان بپارێزن. بێگومان ئەرکی چاودێریکردنی ئەوانەش کە بڕیار وایە چاوی کراوە و پارێزەری بەرژەوەندییەکانی گەل بن، کاری کەس نییە جگە لە میدیا نەبێت.

وا پێشبینی دەکەم کە زۆربەی ئەوانەی دەبنە ئەندامی پەرلەمان ئەزموونێکی وایان لە بواری بە پرۆفێشناڵانە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ و زانیارییەبەخشین بە میدیا نەبێت. واش پێشبینی دەکەم لە وڵاتێکدا کە ڕۆژنامەنووسانی باڵەخانەی پەرلەمانیان تەنیا لە بۆنە تایبەتییەکاندا و لە کاتی وتارخوێندنەوەی سەرکردەکاندا دیتبێ، کارێکی ئاسان نەبێت کە ڕۆژانە چیرۆک و زانیاری لە ناو پەرلەمانەوە بهێننە دەرەوە. بۆیە بە بڕوای من چارەسەری لەبار ئەوەیە کە لەگەڵ دەستپێکردنی خولی تازەی پەرلەماندا هەموو فراکسیۆنە دەرچووەکان خولی ڕاهێنانی ڕاگەیاندن بۆ ئەندامانیان بکەنەوە و فێریان بکەن کە چۆن لێدوان بدەن و کام زانیاری بدەنە میدیا تا بیگەیێننە خەڵک. هەروەتر پێویستە ڕۆژنامەڤانانیشمان سەیری ئەزموونی وڵاتانی دیکە بکەن و لێیانەوە فێربن کە ڕۆژنامەنووسی ناو پەرلەمان ئەرکی چییە و بە دوای چیدا دەبێ بگەڕێ.




# ئۆجەلان خەریکی هیگل و دریدایە



**ڕووداو-ڕۆیتەرز**

عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی بەندکراوی PKK ماوەی 10 ساڵە جگە لە پارێزەرەکەی وخوشک وبرایەکی، قسەی لە گەڵ هیچ کەسێک نەکردووە.

ئۆجەلان کە تاکە بەندکراوی گرتووخانەی دوورگەی ئیمرالییە زۆربەی کاتەکانی بە خوێندنەوە بەسەر دەبات، بەتایبەتی پەرتووکە مێژوویی وفەلسەفییەکان. بەپێی قسەی پارێزەرەکەی ئۆجەلان ئێستا بە زۆری پەرتووکەکانی هەردوو فەیلەسووفی ناوداری جیهانی هیگل ودریدا دەخوێنێتەوە.

# لەسەر کاخەزیش کۆنابنەوە

**ڕووداو- هەولێر**

حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەنین لە سەر کاخەزیش لە تەنیشت یەکەوەبن. هاوکارێکی (ڕووداو) بەنیازی نووسینی ڕاپۆرتێک بوو لەسەر ئەڵتەرناتیڤی خەباتی چەکداری لەڕۆژهەڵات. بەڵام ڕێبەرانی کۆمەڵەی سەر بەباڵی عەبدوڵڵای موهتەدی کە ڕکابەری باڵی عومەر ئێلخانیزادەن، پێیانگوتووە ئامادەنین ڕای ئەوان لەگەڵ ڕای باڵەکەی دیکە لەڕاپۆرتێکدا ولەیەک لاپەڕەدا پێکەوە بڵاوبکرێتەوە، بۆیە لێدوان نادەن.



باڵی حیزبی دیموکراتی مستەفا هیجریش بۆ سادەترین بابەت ئەگەر بزانن ڕای باڵی عەبدوڵڵای حەسەن زادە وەرگیراوە، ئامادەنین لێدوان بدەن.

**خاوەنی ئیمتیاز** : کۆمپانیای ڕووداو
**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن** : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net
**سەرنووسەر** : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com
**جێگری سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com
**بەڕێوەبەری نووسین** : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری**: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net
**نوێنەری ئەوروپا** : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net
**دیزاین** : عەبدوڵڵا ڕەفیق- بەختیار مستەفا- ڤیان سلێمان

Rûdaw
Rudaw readers know more

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی | Tel: 0750 488 5696 | rudaw@rudaw.net | www.rudaw.net

## خاوەن پێداویستیە تایبەتییەکان لە سلێمانی دوو کورسیان بەدەستە

# "چوار ساڵ بۆ ئەوان و ڕۆژێک بۆ ئێمە"

**نەوزاد مەحمود و سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو -هەولێر، سلێمانی**

مەجید عومەر، 70 ساڵ، بەهۆی لەکارکەوتنی قاچەکانییەوە ناتوانێ بە باشی بڕوات، بەڵام لە ڕۆژی هەڵبژاردن دڵی ئۆقرەی نەگرت لەماڵ بمێنێتەوە، ئەو لە بنکەیەکی دەنگدان لە شاری هەولێر ڕاوەستابوو گوتی تائێستا هیچیان بۆ کەمتواناکان ( کەمئەندامان) نەکردووە، بەڵام سووربوو لەسەر دەنگدان " ئێمە خۆمان ئەم ڕۆژەمان دروستکردووە، بۆیە نەمتوانی دەنگ نەدەم".

خاوەن پێداویستە تایبەتییەکان (کەمتواناکان)، لە ڕۆژی هەڵبژاردن بەخولیایەکی زۆرەوە بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بەڕێدەکەوتن، ئەوان بەکۆڵێک گلەییەوە دەنگیان دەدا، پێیانوابوو حکومەت وەکو پێویست ئاوڕی لەوان نەداوەتەوە، داواشیان دەکرد پەرلەمانی داهاتوو یاسایەکی تایبەت بە مافەکانیان دابنێت.

دیمەنی هاتنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بۆ بنکەکانی دەنگدان جێی سەرنجی خەڵک بەگشتی و چاودێران و ڕۆژنامەنووسانی بیانی بوو بەتایبەتی، هەندێکیان بە عارەبانە دەهاتن، هەندێکیان کەسوکاریان دەستیان گرتبوون، بەشێکیشیان بە دار شەق دەهاتن، هی واش هەبوو بە پشتی کوڕێکی یان کەسێکی دیکەی دەهات.

حەسەن یوسف، 30ساڵ، کە نابینایە پەنجەی بە مەرەکەب بووی ڕاگرتبوو لەگەڵ برایەکی لە بنکەیەکی دەنگدان دەهاتە دەرەوە، ئەو پێیوابوو، دەنگدانی ئەو زۆر گرنگە بۆ سەرخستنی ئەو لایەنەی خۆی دەیەوێت، گومانیشی لە فێڵ کردن نەبوو، چونکە ئەو چی ویستبوو براکەی نیشانەی ڕاستی بۆ دانابوو.

ئەو نابینایە دوای دەنگدان، داوای لە پەرلەمانی داهاتوو دەکرد، بەیاسایەک ئەرک و مافی کەمتواناکان دیاری بکات "باوەڕم بە پەرلەمانی داهاتووە کارێکمان بۆ بکات، ئێستا بچینە هەر فەرمانگەیەک نازانین مافمان چییە، بەتایبەتی لەکاتی دامەزراندن".

کەمتواناکان بەئومێدەوە دەڕواننە حکومەت و پەرلەمانی داهاتوو. ئیبراهیم، تەمەنی 41ساڵە، 18ساڵە تووشی ئیفلیجی بووە، بەڵام بەگڕوتینێکی زۆرەوە لەبنکەیەکی دەنگدان لە عەنکاوە دەنگی دەدا، مەبەستی ئیبراهیم لە دەنگدان دامەزراندنی حکومەتێکە خزمەتی خەڵک بکات "دەمانەوێت حکومەتێکی باش دابمەزرێت".

بەبڕوای ئیبراهیم ئەم هەڵبژاردنە گۆڕان لەناو حکومەت دروستدەکا، دەنگدانی هاووڵاتیان ئەگەر بە ئازادانە بێت بایەخی خۆی هەیە، ئیبراهیم لەکاتی دەنگدان ڕەخنەی لەوە گرت، کە تا ئێستا هیچیان بۆ نەکردووە "هیوادارم حکومەتی نوێ شتێکمان بۆ بکات".



پیاوێک لە سلێمانی، دایکە بە ساڵاچووەکەی دەبات بۆ دەنگدان (فۆتۆ: ڕووداو)

تەنها لەناو شاری سلێمانی و قەزاوناحیەکانیدا، زیاتر لە50هەزار کەمتوانا هەیە و هەریەکیشیان کەمترین بڕی مووچە وەردەگرن کە30تا 50هەزار دینارەو وەک خۆشیان دەڵێن، بەبەردەوامی لەپرۆسەکانی دابەشکردنی زەوی و یەکەی نیشتەجێبوونیش بێبەشبوون و مافەکانیان بەیاسایی نەکراوە. لەو خولەی پەرلەمانیشدا پرۆژەی یاسای کەمتواناکان هەرچەندە لە کارنامەی پەرلەمانیشدا دانرابوو، بەڵام پەرلەمان پێی را نەگەیشت.

عەمەر کەریم سەرۆکی کۆمەڵەی کەمتواناکان ئەوەی بەبیری لیستە بەڵێندەرەکان هێنایەوە، ئەگەر ئەمجارەش ئەوان فەرامۆش بکەنەوە، ئەوا بێ دوودڵی چیتر دەنگیان پێنادەن کە تەنها لەشاری سلێمانی و دەوروبەری دەنگی دوو کورسییان هەیە.

سەردار سدیق، بەرپرسی ڕێکخراوی (کۆرد)لەسلێمانی بۆراهێنانی کەمتواناکان، ئەوان بەتوێژە هەرە پێویستەکانی کۆمەڵ ناودەبات و دەڵێ، لەموحتاجیدا لەپێشی پێشەوەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەن و پێویستە زۆر بەپەلە ئاوڕیان لێبدرێتەوە. وەک بەرپرسی ڕێکخراوی کۆرد ئاماژەی پێدا، بەشداریکردنی گەرمی کەمتواناکان زیاتر بۆ ئەو بەڵێنانە دەگەڕێتەوە کە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا لەلیستەکانیان بیستووەو گوتیشی " تەنها ماوەیەکی کەمە مووچەکەیان لە 30هەزارەوە کراوەتە 50 هەزار، کەئەو پارەیە زۆر زۆر کەمەو بەهەفتەیەکیش پێی ناژین ".

سیروان عەبدوڵڵا خۆی و هاوسەرەکەی کەمتوانای پلەیەکن و دووبەدوو گەرمتر لە مرۆڤە ساخەکان بەشداری دەنگدانیان کرد، لە ڕۆژانی بانگەشەی هەڵبژاردندا، سیروان ئەوەندەی بەڵێن لەلیستەکان بیستووە، کە ئەگەر نیوەی ئەوانەش جێبەجێ بکرێن بەسیەتی "من هەست و سۆزو خۆشەویستی حکومەتەکەم پاڵی پێوەنام بێم بۆ دەنگدان". سیروانی 37ساڵ کە خۆی بەسەر دارێکدا شۆڕکردووەتەوەو بە ئاستەم دەتوانێ بڕوات، بەشداریی هەموو هەڵبژاردنەکانی کردووە و هیوادارە چیتر بەڵێنەکانی تایبەت بە کەمتواناکان لەسەر کاخەز نەمێننەوەو مووچەیەکی شیاوی خۆی هەبێت تاپێی بژی، گوتیشی "هەرچی پێمان بکرێت لەخزمەتی حکومەتدا دەبین".

مام مەجید لەبەردەم بنکەیەکی دەنگدان دانیشتبوو لە هەولێر، ناوە ناوە گۆچانەکەی بە زەوی دادەدا، ئەو لە سەردەمی بەعس بەهۆی لێدانەوە لە زیندان کەمتوانا بووە، کەچی هێشتا بە زیندانی سیاسی حیساب نەکراوە "داوای شاهێدم لێدەکەن، ئەو چوار کەسەی لەگەڵ من گیران هەموویان مردوون، بۆیە ئەگەر هیچیشم بۆ نەکەن چیم لەدەست نایێت".

ئەو پیرە پیاوە، لەوکاتەی لە زیندان بووە هەردەم خەونی بە ئازادی کوردستانەوە بینیوە "ئەو کاتەی گیرابووم، دەمگوت کورد ناحیەیەک ئازاد بکات، ئەوکات بشمرم قەیناکە، ئێستا کوردستان ئازادە کەچی بێ واستە کار بۆکەس ناکەن".

لەکارنامەی هەندێک لە لیستەکان ئاماژە بەو پرۆژانە دراوە کە دوای دەرچوونیان بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان ئەنجامی دەدەن، لە سەرووی هەموانەوە دەرکردنی یاسای تایبەت بە خزمەتکردنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانە.

کەمتواناکان بەگومانن لەو پڕۆژانە، بەڵام ئیبراهیم بە هیوایە جێبەجێ بکرێت، ئەگەر جێبەجێیان نەکرد "دونیا شەو و ڕۆژێک نییە، چوار ساڵ بۆ ئەوان و ڕۆژێک بۆ ئێمە، ئەوکات تۆڵەیان لێدەکەینەوەو دەنگیان پێنادەین، ئەوان لەژێر دەستی میللەتن".




# ئاخیری خێر بێ

**ڕووداو-سلێمانی**

لە ماوەی یەک مانگی بانگەشەی هەڵبژاردندا، هەموو شەوانێکی سلێمانی شەقامەکان لەژێر پێی بانگەشەکاراندا گڕی دەگرت، ئەمەش چاودێرانی خستبووە سەر ئەو بڕوایەی چاوەڕوانی تووڕەبوونی زیاتر لە ڕۆژی دەنگداندا بکەن. بەڵام بە پێچەوانەوە ڕۆژی دەنگدان لە سلێمانی زۆر هێمن وبێ کێشە بوو.

چاودێرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە ڕۆژی هەڵبژاردن دا جەختیان لە پاکی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە دەکردەوە لە شاری سلێمانی. ڕێژان سامی حەمە ساڵح، نوێنەری تۆڕی ڕۆژ بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکان لەقوتابخانەی بەختیاری دەڵێ "هیچ حاڵەتێکی نائاسایی ڕووی نەدا و پرۆسەکە جێگەی ڕەزامەندیمانە".

لە ڕۆژی دەنگداندا، تادرەنگانێکی ئێوارەش، هەر هاووڵاتییەکی سلێمانی باسی هەڵبژاردنی بکردایە، قسەکانی بە دووبارەکردنەوەی



ڕستەیەکی دوعا خوازانە کۆتایی پێدەهێنا "یاخوا بەخێر کۆتایی بێت". ئەحمەد محەممەدی 68ساڵ پێیوایە ئەگەر لایەنەسیاسیەکان بەئەنجامەکەی ڕازی نەبن، ئەوان ڕەنج بەخەسار دەبن "زۆر دەترسم قبوڵی نەکەن و دەست بدەنەوە یەخەی یەکتری".

3 »

# 25 /7 بووە 2/14



**ڕووداو-هەولێر، سلێمانی**

زۆر لە گەنجانی کوردستان ڕۆژی دەنگدانیان کردە ڕۆژی ژوان بەستن لەگەڵ دڵدارەکانیان، تەنانەت هەندێکیان ئەو ڕۆژەیان بە ڕۆژی ڤالانتاین چواند کە ڕێککەوتی 2/14ە.

گەنجان لەگەڵ بوونی گلەیی بەردەوامیان لەحکومەت و پەرلەمانی پێشووتر، بەشداریەکی کارای هەڵبژاردنی ڕۆژی 2009/7/25ی پەلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمیان کرد، بەشێکی زۆر لەکچان بەجلوبەرگی کوردییەوە ڕوویان لەبنکەکانی دەنگدان کرد، لە هەندێک دیمەنیشدا لە ڕۆژی جەژنی عاشقان دەچوو، بەشێک لەو گەنجانەش کە بەشداریان لەو هەڵبژادندا کرد بە دوو جەژنیان ناوبرد.

هیوا عەلی کە گەنجێکی دانیشتووی هەولێرە لەبارەی بەشداریکردنی لە دەنگداندا گوتی "تەلەفۆنم بۆ کەپڵەکەم کردووە، بڕیارە بەجلی کوردی بێت و بە هاوڕێیەکی ڕۆژنامەنووسیشم گووتوە لەکاتی هاتن و دەنگدانی وێنەم بۆ بگرێت". سیما کچێکی سلێمانی تەمەن 21 ساڵە کە بە جلوبەرگێکی ڕازاوە بەشداری دەنگدانی کرد گوتی " ئەم ڕۆژە بۆ من وەک ڤالانتاینە".

11 »